# ECTS

# ڕێبەری بەکارهێنەرانی



ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا

پـێـواژۆی بـۆڵـۆنـیـا


کۆمیسیۆنی ئەوروپا

Ministry of Higher Education & Scientific Research 2006 KRG Iraq

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

UNIVERSITY OF SULAIMANI 1968

زانکـۆی سلێمـانـی



# رێبەری بەکارهێنەرانی ECTS

2015



# پێڕست


دەروازە ..................... 5

بەشی 1 تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ECTS ..................... 7

بەشی 2 پێڕەوی کرێدیتی ECTS و ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا ..................... 11

بەشی 3 بەکارهێنانی پێڕەوی کرێدیتی ECTS
لە ڕۆتان و وانەوتنەوە و چاودێرییکردنی پرۆگرامەکانی خوێندندا ..................... 15

١.٣ نێوکۆیی پرۆگرامەکە ..................... 17

٢.٣ پرۆفایلی پرۆگرامێکی خوێندن ..................... 19

٣.٣ ئاکامەکانی فێربوونی پرۆگرامی خوێندن ..................... 21

٤.٣ پێکهاتەی پرۆگرامی خوێندن و
چۆنێتیی دابەشکردنی کرێدیتەکان ..................... 22

٥.٣ فێربوون و وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن ..................... 24

٦.٣ چاودێریی دابەشکردنی کرێدیتەکان ..................... 28

بەشی 4 بەکارهێنانی کرێدیتی ECTS
لە پرۆسەی بزوان و دادانپێداناندا ..................... 29

١.٤ بزوان بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە ..................... 30

٢.٤ بزوان بە مەبەستی بەدەستهێنانی کرێدیت ..................... 34

١.٢.٤ پێش وەختی بزوان بە مەبەستی کرێدیت ..................... 35

٢.٢.٤ پاش وەختی بزوان بە مەبەستی کرێدیت ..................... 37

٣.٢.٤ یاسا و ڕێنمایی دامەزراوەکان ..................... 38

٣.٤ دابەشکردنی نمرەکان ..................... 40

٤.٤ گۆڕینی نمرەکان ..................... 43

بەشی پێنجەم
کرێدیتی ECTS و فێربوونی درێژخایەن ..................... 45

١.٥ فێربوونی درێژخایەن – دەرفەتی فێربوونی کراوە ..................... 46

٢.٥ دادانپێدانانی فێربوون و ئەزموونی پێشین ..................... 48

بەشی شەشەم
پێڕەوی ECTS و دڵنیایی جۆریی ..................... 51

بەشی حەوتەم
پێڕەوی کرێدیتی ECTS و بەڵگەنامە گرنگەکان ..................... 57

١.٧ کەتەلۆگی کۆرس ..................... 58

٢.٧ پێڕەوی «ECTS» و ئەو بەڵگەنامانەی بۆ
ئاڵوگۆڕکردنی کرێدیت پێویستن ..................... 62

١.٢.٧ ڕێکەوتننامەی فێربوون بە مەبەستی گواستنەوەی کرێدیت
بۆ خوێندن ..................... 63

٢.٢.٧ پێڕەوی «ECTS» و ئەو بەڵگەنامانەی بۆ
ئاڵوگۆڕکردنی کرێدیت پێویستن ..................... 63

٣.٧ تۆماری نمرەکان ..................... 65

٤.٧ بڕوانامەی تایبەت بە ماوەی مەشقکردن ..................... 66

پاشکۆی یەك فەرهەنگۆك ..................... 67

پاشکۆی دوو نموونەکانی گۆڕینی نمرە ..................... 85

پاشکۆی سێ لیستی پێشنیارکراو بۆ خوێندنەوە ..................... 89

پاشکۆی چوار نموونە لە پرۆفایلی پرۆگرامەکانی خوێندن ..................... 97

پاشکۆی پێنج نموونەی ئاکامەکانی فێربوون ..................... 111

سوپاس و پێزانین ..................... 115

# پێشەکی چاپی کوردی

ئەم پێواژۆیە کە لە کۆمسیۆنی ئەوروپا بۆ سەلماندن و ناساندنی بڕوانامە ئەکادیمییەکان کارا کرا، ئامانجی سەرەکیی پێواژۆکە هاوئاهەنگی نێوان دامەزراوە ئەکادیمییەکانی ناو وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا بوو، کە دواتر بەشێوەیەکی کاریگەر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی برەوی بە خوێندن لە دامەزراوە ئەکادیمییەکان دا، هاوکات دارێژەری پلانی کارکردن و جووڵە و بزوانی خوێندکاران و فێرخوازانە لەسەر ئاستەکانی خوێندنی باڵای نێودەوڵەتیی کە ئێستاکە تەمەنی تەنیا ٣٣ ساڵە.

ئەم ڕێبەرییە بۆ جێبەجێکردن و کردنەوەی کۆمەڵێک ڕەمزی ناو پێواژۆی بۆڵۆنیایە، کە ڕێنیشاندەر و دەرچەیەکە بۆ باشتر پیشاندانی ڕێکاری جێبەجێکردنی لەلایەن ڕێکخەران و جێبەجێکارانەوە، ئەمەش بوار دەڕەخسێنێت لە هەر ڕەهەندێکی پێواژۆکە ڕوونتر تێبگەین.

لە ڕێگەی ئەم ڕێبەرییەوە خوێنەر تێگەیشتن و بەرچاوڕوونی بۆ دروست دەبێت، کە چ ئازادییەک لە کۆی پێواژۆکە بە مامۆستا وەک ڕێنوێنییکار و «فێرخواز/خوێندکار» وەک بەشدارێکی کارا و بە تەوەرکراو دراوە، هەروەها ئازادییەکی تەواو بە هەر زانکۆ و پەیمانگایەک وەکو ناوەندێکی ئەکادیمی لە دانانی ڕێنمایی تایبەت بە خۆیان بەپێی پێداویستیی ژینگەکەیان دراوە. لەبەرئەوە زانکۆمان لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕێبەرییەدا دەتوانێت چەندین ڕێنمایی تایبەت و گونجاو کە پەیوەستن بە ژینگەی تایبەتی زانکۆوە دەربکات.

لە کاتی وەرگێڕانی ئەم ڕێبەرییەدا جێگەی دڵخۆشییە کە زمانی کوردییش هاوشانی زمانە زیندووەکانی دونیا چەندین چەمک و زاراوەی نوێی ئەکادیمیی و پەروەردەیی هێناوەتە ناو زمانەکەوە و پێواژۆی بۆڵۆنیای بە شێوازێکی کوردییانە لەخۆگرتووە.

# دەروازە

**پێڕەوی ئەوروپایی بۆ گواستنەوە و کۆکردنەوەی کرێدیتی «ECTS» ئامرازی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییە بۆ تیوارکردنی «شەفافکردنی» کۆرس و خوێندنەکان و باشترکردنی ئاستی خوێندنی باڵا.**

پێڕەوی ئەوروپایی بۆ گواستنەوە و کۆکردنەوەی کرێدیتی «ECTS»ـی ساڵی ١٩٨٩ وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی کرێدیت لە چوارچێوەی پرۆگرامی «ئیراسمەس»ـدا ناسێندرا. مەبەست لە پێڕەوییەکە گواستنەوەی ئەو کرێدیتانەی خوێندکار بوو کە لە دەرەوە بە دەستی هێناون بۆ سەر ئەو کرێدیتانەی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لە زانکۆی دایک پێویستن. ساڵانی دواتر بەکارهێنانەکانی ئەم پێڕەوە فراوانتر بوو. هەنووکە ئەرکی «ECTS» تەنها گواستنەوەی کرێدیت نییە، بەڵکو دەکرێت لە ڕێیەوە کرێدیت لە پرۆگرامێکی دیاریکراوی خوێندنیشدا کۆ بکرێتەوە. پێڕەوی «ECTS» یارمەتییدەرە لە ڕۆنان و پەسنکردن «ڕاڤەکردن» و وتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و شیمانەی ئاوێتەکردنی چەند شێوازێکی فێربوونی جیاواز لە ڕوانگەی فێربوونی درێژخایەندا «lifelong learning» دەستەبەر دەکات. بە هۆی ئاسان ددانپێدانان بە بڕوانامەکان و ماوەی خوێندن لە میانەی پێڕەوی «ECTS»ـەوە؛ ئاڵۆزییەکانی پرۆسەی جێگۆڕکێکردنی خوێندکار نامێنن. مایەی سەرنجدانە پێڕەوی «ECTS» دەتوانێت لەگەڵ تەواوی پرۆگرامەکانی خوێندندا دەستوپەنجە نەرم بکات. تەرزی وانەوتنەوە هەر جۆرێک بێت «وانەوتنەوەی ناو هۆڵ، فێربوون لەسەر بنەمای ئەزموون و کار، فێربوونی دووراودوور»، یان ڕەوشی خوێندکار هەر شێوازێک بێت (خوێندنی بەردەوام «Full time»، خوێندنی پچڕ «Part time»)، دەتوانرێت پێڕەوی «ECTS»ـی بەسەردا جێبەجێ بکرێت. سەرباری ئەمانەش دەتوانرێت پێڕەوەکە لە هەموو ژینگەیەکی خوێندندا (وەک ژینگەی پێڕەوبەند «Formal»، نیمچە-پێڕەوبەند «Non-formal»، ناپێڕەوبەند «Informal» جێبەجێ بکرێت.



# 1 تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ECTS



ڕێبەری ڕێنوێنییکردنی بەکارهێنەرانی «**ECTS**» ڕێنمایی سەبارەت بە دروست جێبەجێکردنی «**ECTS**» فەراهەم دەکات. لەسەر داواکاری وەزیرە بەشداربووەکانی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە شاری بوخارست-ی پایتەختی ڕۆمانیا لە ساڵی ٢٠١٢، پەڕاوی ڕێنوێنییکردنی بەکارهێنانی «**ECTS**»ـی ساڵی ٢٠٠٩ هەموار کرایەوە. مەبەستی سەرەکیی ئەم هەموارکردنەوەیە؛ بەهێزکردنی چەمکی ‹جێبەجێکردنی دەقاودەقی ئاکامەکانی فێربوون› بوو لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا «**EHEA**». ئەم وەشانە نوێیەی ڕێبەرەکە «داوا لە دامەزراوەکان دەکات بۆ پێکەوەگرێدانی کرێدیتەکان لەگەڵ ئاکامەکانی فێربوون و کۆشش و جێگیرکردنی دڵنیایی لە بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا». وەشانە نوێیەکە لەسەر بنەمایەکی پتەوی کار و توێژینەوە نوێیەکان بونیادنراوە، جا چ لە چوارچێوەی پێواژۆی بۆڵۆنیادا بێت یان لەلایەن هەریەکە لە وڵاتانی پێڕەوکەری پێواژۆکەوە ئەنجام دراون، ئەمەش بە مەبەستی یارمەتییدانی جڤاتی ئەکادیمیی و خاوەن بەرژەوەندییەکان بۆ بەدەمەوەچوون و هەنگاونان بە ئاڕاستەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەلایەن پێواژۆی بۆڵۆنیاوە داکۆکییان لێ دەکرێت. وەشانە نوێیەکە دوایین گەشە و پەرەسەندنەکانی پێواژۆی بۆڵۆنیای لەخۆ گرتووە وەک دامەزراندنی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی «**EHEA**»، چەسپاندنی خوێندنی درێژخایەن «**lifelong learning**»، وەرچەرخانی ڕیشەیی لە شێوازی «مامۆستاتەوەریی»ـیەوە بۆ «خوێندکارتەوەریی» لە کایەی خوێندنی باڵادا، هەروەها فراوانکردنی بەکارهێنانی ئاکامەکانی فێربوون و پەرەپێدانی تەرزی نوێی فێربوون و وانەوتنەوە. لەم وەشانە نوێیەدا، بایەخێکی تایبەت بە چۆنێتی ڕۆنان و وتنەوەی پڕۆگرامەکانی خوێندن دراوە، لەسەر بنەمای ئەزموونی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە بەکارهێنانی چوارچێوەی بڕوانامە و جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی «**ECTS**» لە ژینگەی ئەکادیمییدا.

ئەم ڕێبەرە خراوەتە بەردەستی خوێندکاران و فێرخوازان، دەستەی ئەکادیمیی و کارگێڕیی ناو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، بە هەمانشێوە خراوەتە بەردەستی خاوەنکارەکان و پەروەردەسازان و تەواوی خاوەن بەرژەوەندییەکان، بە مەبەستی ئاسان خوێندنەوە و تێگەیشتن. جێی سەرنجە زاراوەی خوێندکار «**student**» ئاماژەیە بۆ تەواوی ئەو فێرخوازانەی لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا دەخوێنن «بۆ نموونە: بە شێوازی بەردەوام یاخود پچڕ «**Full or Part time**»، شێوازی خوێندنی دووراودوور یان لە ناو زانکۆ/کەمپەس یاخود لەسەر بنەمای کار، یان بە شێوازی یەکە و کۆرسی خوێندنی سەربەخۆ».

ئەم ڕێبەرییە پۆلێک شارەزا و پسپۆڕ نووسیویانە، کە لەلایەن وڵاتانی پێڕەوکەری پێواژۆی بۆڵۆنیا و خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە دیاریی کراون. لە هەمان کاتدا ڕاوێژ بە کۆمەڵەی خاوەن بەرژەوەندییەکان، پسپۆڕان و شارەزایانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی و دەستەی بەدواداچوونی پیادەکردنی بۆڵۆنیا کراوە. کۆمسیۆنی ئەوروپا لە پرۆسەی ڕاوێژکاریی و ڕەشنووسی ڕێبەرییەکە هەماهەنگ بووە. لە کۆتاییدا، ڕێبەرییەکە لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن وەزیرەکانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییەوە لە کۆنفرانسی یەریڤان پەسەند کرا، لەبەر ئەم هۆکارە، ئەم ڕێبەرییە سەرچاوەی فەرمی بەکارهێنانی «**ECTS**»ـە.

# تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ECTS

**کرێدیتی «ECTS» پێڕەوێکی فێرخوازتەوەرە «Learner-Cantered Learning»، مەبەست لێی گواستنەوە و کۆکردنەوەی کرێدیتە، کە لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی تیواریی «Transparency» فێربوون و پرۆسەکانی فێرکردن و هەڵسەنگاندن بونیادنراوە. ئامانجی پێڕەوەکە بریتییە لە ئاسانکردنی پلاندانان و وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی خوێندن و ئاڵوگۆڕی خوێندکاران، سەرجەمی ئەمەش لە پێناو ددانپێدانان بە دەستکەوتەکانی فێربوون و بڕوانامەکان و ماوەی فێربوونی فێرخوازدایە.**

**کرێدیتەکانی «ECTS»:** گوزارشت لە ئاست و ئەندازەی فێربوونێک دەکەن، کە لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون و کۆششی فێرخواز بونیاد نراوە. شەست (٦٠) کرێدیتی «**ECTS**» بۆ ئاکامەکانی فێربوون و کۆششی ساڵێکی ئەکادیمی تەواو یاخود هاوتاکەی تەرخانکراوە، بە واتایەکی دی، کرێدیتەکان لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون و کۆشش دەبەخشرێنە فێرخواز. بە شێوەیەکی ئاسایی کۆمەڵێک پێکهاتەی خۆپەروەردەکردن لەخۆدەگرێت، «کە لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون و کۆششە». بە شێوەیەکی گشتی، کرێدیتەکانی «**ECTS**» بە شێوازی ژمارەی تەواو دەردەبڕدرێن و دەنووسرێن.

**ئاکامەکانی فێربوون «Learning outcomes»:** دەستەواژەگەلێکن سەبارەت بە کۆی ئەو زانیاریی و تێگەیشتن و توانایانەی فێرخواز لە پاش تەواوکردنی پرۆسەیەکی خوێندن بە سەرکەوتوویی بەدەستیان دەهێنێت. پێویستە لە ڕێگای چەند ڕێکارێکەوە، کە لەسەر پێوەرگەلێکی ڕوون و تیوار بونیادنراون، هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون. ئاکامەکانی فێربوون بۆ پێکهاتەیەکی خۆپەروەردەکردن و بۆ کۆی پرۆگرامێکی خوێندن دادەڕێژرێت. بە هەمانشێوە چوارچێوەی بڕوانامەی ئەورووپایی و نیشتمانیی ئاکامەکانی فێربوون بەکاردەهێنن بە مەبەستی پەسنکردنی ئاستی بڕوانامەیەکی دیاریکراو.

**کۆشش «workload»:** بریتییە لە هەڵسەنگاندن و پێوانەکردن و خەمڵاندنی ئەو ماوەیەی فێرخواز بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ تەواوکردنی کۆی چالاکییەکانی فێربوون پێویستییەتی لە نموونەی: وانە، سیمینار، پرۆژە، چالاکیی کرداری «وانە کردارییەکان»، ماوەی مەشقکردن و ڕاهێنان و خوێندنی تاکەکەسی، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون لە ژینگەیەکی پێڕەوبەندی خوێندندا. گونجان و هاوتاکردنی کۆششی یەک ساڵی تەواوی ئەکادیمی لەگەڵ ٦٠ کرێدیتی «**ECTS**»، لەڕێگەی پێڕەوێکی یاسایی نیشتمانییەوە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی پێ دەدرێت و دەچەسپێنرێت. لە زۆربەی دۆخەکاندا ماوەی کۆشش بۆ ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی لە نێوان ١٥٠٠-١٨٠٠ کاتژمێردایە، واتە ١ کرێدیتی «**ECTS**» بارتەقای ٢٥-٣٠ کاتژمێری کارکردنە. نابێت لە یادی بکەین ئەو کاتەی لە سەرەوە باسمان کرد، بەشێوەیەکی گشتی پەسنی کۆشش دەکات، بەڵام لەسەر ئاستی تاکەکەسی«١»، ئەو ماوەیەی فێرخوازێک پێویستییەتی بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئاکامەکانی خوێندن جیاوازە و شیاوی دەستکارییە.

«١» لەم ڕێبەرییەدا وشەکانی «شوێنی کاری تایبەت، ماوەی ڕاهێنان، مەشقکردن (internship) یان ڕاهێنان (traineeship)» وەکو کۆمەڵێک چەمکی هاوواتا بەکار هێنراون.



**دابەشکردنی کرێدیت «Allocation»:** پرۆسەی دابەشکردنی ژمارەی کرێدیتەکانی «**ECTS**»ـە بەسەر بڕوانامەکان، پرۆگرامەکانی خوێندن یان پێکهاتەیەکی پەروەردەیی. لە کوێدا گونجاو بێت دانان و تەرخانکردنی کرێدیت بە گوێرەی ڕێکار و یاسا نیشتمانییەکان دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا پشت بە چوارچێوەی بڕوانامەی ئەورووپایی یاخود نیشتمانیی، یان هەردووکیان دەبەسترێت. کرێدیتەکان بەسەر چەند پێکهاتەیەکی خۆپەروەردەیی وەک: وانە، توێژینەوە، فێربوون بەرمەبنای کار و ئەزموون و ماوەی مەشقکردندا دابەش دەکرێن. بە شێوەیەک کە (٦٠) کرێدیتی «ECTS» بۆ هەر ساڵێکی تەواوی خوێندنی ئەکادیمی دابنرێت، بە پێی ئەو کۆششە خەمڵێنراوەی کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئاکامە دیارییکراوەکانی فێربوونی هەر پێکهاتەیەکی پەروەردەیی «**Educational Component**».

**پێدانی کرێدیتەکان «Awarding Credits»:** کردەی بە فەرمیی پێدانی کرێدیتی «**ECTS**»ـە بە خوێندکاران و فێرخوازان، بە مەرجێک توانیبێتیان بە سەرکەوتوویی ئاکامەکانی فێربوون بەدەستبهێنن. دەسەڵاتە نیشتمانییەکان دەبێت ئەو دامەزراوانە دەستنیشان بکەن کە مافی پێدانی کرێدیتی «**ECTS**»ـیان هەیە. کرێدیت تەنها لە کاتێکدا بە فێرخواز دەدرێت کە کۆی چالاکییەکانی فێربوونی تەواو کردبێت و بە ڕوونی ئاماژەکانی بەدەستهێنانی هەموو ئاکامە دیاریکراوەکانی خوێندنی تێدا فەراهەم بووبێت، دەبێت ئەمەش لە میانەی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەوە بە تەواوەتی پشتڕاست بکرێنەوە. لە دۆخێکدا ئەگەر خوێندکاران یاخود فێرخوازان سەرکەوتوو بوون لە بەدەستهێنانی ئاکامەکانی خوێندن لە ژینگەیەکی نیمچەپێڕەوبەند یان ناپێڕەوبەنددا، یاخود تەنانەت لە ژینگەیەکی پێڕەوبەندی دەرەوەی زانکۆکەی خۆی، ئەوا دەتوانن کرێدیت بەدەست بهێنن، بەڵام لەم دۆخەدا پێدانی کرێدیت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندن و بەفەرمی ددانانان بەم ئاکامانەدا دەبێت.

**کۆکردنەوەی کرێدیتەکان «Accumulation of credits»:** کۆکردنەوەی کرێدیتەکانی «**ECTS**»ـە لە لایەن فێرخوازەوە. فێرخواز دەتوانێت لەڕێگەی بەدەستهێنانی ئاکامەکانی خوێندن لە ژینگەیەکی پێڕەوبەنددا کرێدیت بەدەستبهێنێت، بە هەمانشێوە دەتوانێت لە پاش تەواوکردنی چالاکییەکانی فێربوون لە ژینگەیەکی نیمچەپێڕەوبەند یاخود ناپێڕەوبەنددا کرێدیت کۆبکاتەوە. خوێندکار«٢» دەتوانێت کرێدیت کۆبکاتەوە بە مەبەستی:

- بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەو شێوازەی داوا کراوە لەلایەن دامەزراوەی بڕوانامەبەخشەوە.
- تۆمارکردنی دەستکەوتە کەسییەکان بە مەبەستی پرۆسەی فێربوونی درێژخایەن.

«٢» پرسی بەکارهێنانی وشەی خوێندکار«student» یان فێرخواز «learner» لەم ڕێبەرییەدا بووە جێی گفتوگۆ و بە قوڵیی لەگەڵ گرووپی کاری ناو ئەم ڕێبەرییە و خاوەن بەرژەوەندییەکاندا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە. لە کۆتاییدا ئەو دیدەمان لا درووست بوو کە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بەرەو دەستەبەرکردنی شێوازی فێربوونی گونجاو هەنگاو دەنێن، بەڵام پەی بەو ڕاستییەش برا کە زۆرینەی پێڕەوی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا کار لەسەر دەستەبەرکردنی تەرزی خوێندنی پێڕەوبەند دەکەن بۆ دەستەیەکی دیاریکراو کە بە خوێندکار «student» ناسراون. لە کاتێکدا لەم ڕێبەرییەدا هێشتا زووە تەنها وشەی فێرخواز «learner» بەکار بهێنرێت، وشەی خوێندکار «student» بۆ ئاماژەکردن بە فێرخوازانی ناو دامەزراوەکانی خویندنی باڵا «خوێندنی بەردەوام یان پچڕ، خوێندنی دوراودوور، خوێندنی ناو زانکۆ، خوێندن لەسەر بنەمای کار، خوێندنی سەربەخۆ» لەم ڕێبەرییەدا بەکارهاتووە.



# 2

# پێڕەوی کرێدیتی ECTS و ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا

### گواستنەوەی کرێدیتەکان:

### «Transfer of credits»

پرۆسەی ددانپێدانانە بەو کرێدیتانەی خوێندکار یاخود فێرخواز کە لە ژینگەیەکی ـ تایبەتییدا وەری گرتوون «جا لە ڕێی پرۆگرامی خوێندن، یاخود دامەزراوەیەکی دیاریکراو» و لەلایەن ژینگەیەکی فەرمیی دیکەوە بێت، کە مەبەست لێی بەدەستهێنانی بڕوانامەیە. بە واتایەکی تر، ئەو کرێدیتانەی لە پرۆگرامێکی خوێندنی دیاریکراودا بە خوێندکار دراوە، دەکرێت لە دامەزراوەیەکی دیاریکراوەوە بگوازرێتەوە و بخرێتە سەر پرۆگرامێکی دیکەی خوێندن کە لەلایەن هەمان دامەزراوە یاخود دامەزراوەیەکی جیاوازەوە تەرخانکراوە. گواستنەوەی کرێدیتەکان زۆر بەهادارە بۆ ئاڵوگۆڕی خوێندن بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، لەم دۆخەدا، پێویستە دامەزراوەکان و فاکەڵتیی/کۆلێج و بەشەکان ڕێکەوتننامەی خوێندن بۆ ئەو مەبەستە واژۆ بکەن، کە خۆکارانە «ئۆتۆماتیکیی» ددانپێدانان و گواستنەوەی کرێدیتەکان دەستەبەر دەکات.

### بە بەڵگەکردنی کرێدیتەکانی ECTS:

### «ECTS documentation»

بەڵگەنامە گرنگەکانی وەک: کەتەلۆگی کۆرس، ڕێکەوتننامەی فێربوون، تۆماری نمرەکان، بڕوانامەی تەواوکردنی ماوەی ڕاهێنان؛ هەموویان پرۆسەی بەکارهێنانی «ECTS» ئاسانتر دەکەن و چۆنێتییەکەی باشتر دەکەن. هەروەها کرێدیتی «ECTS» ڕۆڵێکی گرنگی لە زیادکردنی تیواریی بەڵگەنامەکانی دیکەی وەک هاوپێچی بڕوانامە «Diploma supplement»ـدا هەیە.

# پێڕەوی کرێدیتی «ECTS» و ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی

**جاڕنامەی بۆڵۆنیا؛ ساڵی ١٩٩٩ پێڕەوی کرێدیتی «ECTS»ـی لەناو ئەو ئامانجە سەرەکییانەدا جێگیر کرد کە پێویست بوو لەلایەن وڵاتانی بەشداربووی بۆڵۆنیاوە بەدەست بهێنرێن. لە ڕێگای ئەو چاکسازییانەی لە چوارچێوەی پێواژۆکەدا جێبەجێکران، پێڕەوی «ECTS» بوو بە ئامرازێکی سەرەکیی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی.**

زۆربەی وڵاتانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی؛ «**ECTS**» وەک پێڕەوی کرێدیتی نیشتمانیی بەکاردەهێنن. وێڕای ئەمە، پێڕەوەکە بە شێوازێکی بەربڵاو لە دامەزراوەکانی تری جیهاندا بەکاردەهێنرێت، یاخود لەسەر بنەمای پێوەرە هاوشێوەکان، لەگەڵ پێڕەوی[٣] خۆجێیی دامەزراوەکان متوربە دەکرێت. بەم جۆرە، پێڕەوەکە ڕۆڵێکی گرنگ لە گەشەپێدانی جیهانگیربوونی پەروەردەدا دەبینێت.

لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا، پێڕەوەکە تیواریی و تێگەیشتن لە بڕوانامەکان زیاد دەکات. لەبەر ئەم هۆکارە، پێڕەوەکە ڕۆڵێکی کاریگەر لە گۆڕانکاریی و نوێخوازیی سیستەمی خوێندندا دەبینێت، کە خۆی لە گۆڕینی شێوازی مامۆستاتەوەریی بۆ فێرخوازتەوەریی دەبینێتەوە، ئەمەش وەکو فێرخوازتەوەریی ناسێنراوە کە بووە بە بنەمایەکی سەرەکیی پەروەردە لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا.

بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی ئاکامەکانی فێربوون و کۆشش لە ڕۆنان و وتنەوەی مەنهەجی خوێندندا، پێڕەوی «**ECTS**» خوێندکار دەکاتە تەوەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. سەرباری ئەمە، بەکارهێنانی پێڕەوی کرێدیت ئافراندن و بە بەڵگەکردنی ڕێچکەکانی فێربوونی خوێندکار ئاسان دەکات. پێڕەوەکە سەربەخۆیی زیاتر بە خوێندکار دەدات و بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانی زیاتر دەکات.

پێڕەوی «**ECTS**»، کە پشت بە فێربوون لەسەر بنەمای ئاکام دەبەستێت، دەتوانێت خزمەت بە ئامانجەکانی دیکەی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی بکات وەک:

- ئاسانکردنی ددانپێدانان بە خوێندن و ئەزموونی پێشووی خوێندکار و هاندانی تەواوکردنی ئاستێکی باڵاتری خوێندن و بەشدارییکردنێکی فراوانتر لە خوێندنی درێژخایەندا.
- پێڕەوەکە پەیوەندییەکی نزیکتر لە نێوان پرۆگرامەکانی خوێندن و داواکارییەکانی جڤاتدا دروست دەکات، پەیوەندی و کارلێکی نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکان باشتر دەکات و لە نێوانیاندا جیهانی کار و جڤات بە شێوەیەکی فراوان ڕێک دەخات.
- پێڕەوەکە ئاسانکاریی دەکات بۆ جێگۆڕکێکردنی خوێندکار و فێرخواز لەنێوان: دامەزراوەیەک و وڵاتێک، دامەزراوەیەک بۆ دامەزراوەیەکی تر، وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە و جێگۆڕکێکردن لەنێوان سێکتەر و ژینگە جیاوازەکانی خوێندن: «پێڕەوبەند، نیمچەپێڕەوبەند، ناپێڕەوبەند».

لە چوارچێوەی پرۆسەی یاسادانانی نیشتمانییدا، دەکرێت بەکارهێنانی «**ECTS**» ببێت بە پێداویستییەک بۆ متمانەپێدانی پرۆگرام و بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا.

[٣] «٣» پێڕەوی «**ECTS**» هانی پەرەپێدانی پێڕەوی کرێدیتیان دا لە وڵاتانی تری وەک: باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، ئەمەریکای لاتین و بەم دواییانەش ئەفریقا.



**سەرنج**

میتۆدی فێرکاریی خوێندکارتەوەر «**Student-Cantered Learning**» پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی چلۆنایەتیی خوێندکاران و فێرخوازانە لە ژینگەیەکی تایبەتی خوێندندا و ئامانج لێی باشترکردنی سەربەخۆیی توانای ڕەخنەییە بە کەڵکوەرگرتن لە ڕێبازی پشتبەستوو بە چەمکی ئاکامەکانی فێربوون «**outcome-based approach**».

دەتوانرێت شێوازی خوێندکارتەوەریی لەم چەند خاڵەدا کورت بکرێتەوە:

- پشتبەستن بە شێوازی فێربوونی کارا و پشتکردنە شێوازی فێربوونی ناکارا.
- جەختکردنەوە لەسەر فێربوون و تێگەیشتنی ڕەخنەیی و شیکاریی.
- زیادبوونی بەرپرسیارێتی و لێپرسراوێتی خوێندکار.
- زیادبوونی سەربەخۆیی خوێندکار.
- خوێندکارتەوەریی؛ ڕێبازێکی پشتبەستووە بە تێڕامان و تێفکرینی خوێندکار و مامۆستا.

# 3

# بەکارهێنانی پێڕەوی کرێدیتی ECTS لە ڕۆنان و وانەوتنەوە و چاودێرییکردنی پرۆگرامەکانی خوێندندا



# بەکارهێنانی پێڕەوی کرێدیتی «ECTS» لە ڕۆنان و وانەوتنەوە و چاودێرییکردنی پرۆگرامەکانی خوێندندا

**یەکێك لە کارە گرنگەکانی هەر دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵا یاخود هەر دامەزراوەیەکی دیکە کە بڕوانامە دەبەخشێتە فێرخوازەکانی؛ بریتییە لە ڕۆنانی پڕۆگرامەکانی خوێندن، لەم بەشەدا باس لەمْ بابەتە دەکرێت. بەکارهێنانی کرێدیت «ECTS» ئامرازێك دەستەبەر دەکات کە بە هۆیەوە بنەمای تیواریی زیاتر دەبێت و یارمەتییدەر دەبێت لە فەراهەمکردنی ڕێبازی گونجاو و کاریگەر لە دانان و پەرەپێدانی مەنهەجدا.**

ئەگەر لە دیدێکی دامەزراوەییەوە لەم بابەتە بڕوانین، ڕۆنانی پڕۆگرامێکی خوێندن بە واتای پلانسازی بۆ پێڕەوێکی تایبەت و کۆی پێکهاتەکانی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی کرێدیت دێت. هاوشانی ئەمە، پێویستە هەریەکە لە: ئاکامەکانی فێربوون، کۆشش، چالاکییەکانی فێربوون، شێوازەکانی وانەوتنەوە، پێوەر و ڕێکارەکانی هەڵسەگاندن، بە وردیی لە پڕۆگرامەکەدا دیاریی بکرێن. کاری چوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ بەکارهێنانی کرێدیت بریتییە لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پڕۆگرامە جیاوازەکان و پاڵپشتییکردنی ڕێبازی خوێندنی نێوکایەیی «Inter-disciplinary»و فرەکایەیی «Multi-disciplinary».

درووست بەکارهێنانی پێڕەوی «ECTS» لە هەر دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵادا پێویستی بە دوو شتە: یەکەم، هەبوونی چوارچێوەیەکی تایبەت بە دامەزراوەکە بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی کرێدیتەکان، کە ناسراوە بە چوارچێوەی دامەزراوەیی بەکارهێنانی کرێدیت «Institutional credit framework» کە لەسەر بنەمای ڕێسا و ڕێنماییەکانی خودی دامەزراوەکە گەڵاڵە کراوە. دووەم، پێویستە یەک بە یەکی دەستەی ئەکادیمی دامەزراوەکە زۆر بە باشیی لە پێڕەوەکە تێگەیشتبن و تەیار بن بە زانیاریی لە بارەیەوە. لێرەدا هەندێک دامەزراوە سوود لە خولی مەشق و ڕاهێنانی بەردەوام وەردەگرن بە مەبەستی پێگەیاندنی ئەم تێگەیشتنە قووڵە لای دەستەی ئەکادیمی. شێوازی کاری هەرەوەزیی لە بڕیارداندا «Team based decision» بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنێتی ڕۆنانی پڕۆگرامەکە، یەکگرتوویی و پەیوەندیی لۆژیکیی پرۆگرامەکە زیاتر دەکات.

**سەرنج**

دەکرێت فێرخوازێکی سەربەخۆ لە چەند تەرزێکی جیاوازدا بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە کرێدیت کۆبکاتەوە. لێرەدا خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە فێرخواز دەتوانێت کۆزانیی «مەعریفە» و کارامەیی و توانستی داواکراو لە ژینگەیەکی پێڕەوبەند یان نیمچەپێڕەوبەند یاخود ناپێڕەوبەنددا، بەدەست بهێنێت. واتا دەکرێت کۆی ئەم دەستکەوتانە دەرەنجامی بڕیارێکی هۆشیارانەی خودی فێرخواز بێت، یاخود دەکرێت دەرەنجامی کۆمەڵێک چالاکیی فێربوونی جۆربەجۆر بێت کە فێرخوازەکە بە تێپەڕبوونی کات بەدەستیان دەهێنێت. دەکرێت فێرخواز پێکهاتەی خۆپەروەردەیی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرەو بڕوانامەیەکی فەرمیی هەنگاو بنێت. پێڕەوی «ECTS» پاڵپشتی ئەم پرۆسەیە دەکات، لە بەشی پێنجەم، تایبەت بە خوێندنی درێژخایەندا «Lifelong Learning» زانیاریی وردتر لەو بارەیەوە خراوەتە ڕوو.



لەبەرچاوگرتنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لە کردەی ڕۆنانی پڕۆگرامەکانی خوێندندا سوودبەخشن:

### ١.٣ نێوکۆیی پڕۆگرامەکە «Programme context»:

کاتێک پڕۆگرامێکی نوێ دادەڕێژرێت، یەکەم بڕیار وابەستەی ئاستی ئەو بڕوانامەیەیە «بەکالۆریۆس، ماستەر، دوکتۆرا» کە دەدرێتە خوێندکار. بڕوانامەکە لەسەر بنەمای یاساسازی نیشتمانیی پەیوەندییدار و چوارچێوەی بڕوانامەکان «کە دەکرێت ئەوروپایی، نیشتمانیی، بوارەکانی ژیان، یاخود دامەزراوەیی بێت» پێناسە دەکرێت و ڕوون دەکرێتەوە. پاشان ئەوە دەردەکەوێت کە هەموو ئاکامەکانی فێربوون لە هەمان ئاستدا نیین. بۆیە ئەگەر بتەوێت پێڕەوی کرێدیت بە شێوازێکی گونجاو جێبەجێ بکەیت، بۆ هەر ئاستێک پێویستت بە ڕاڤەکەری ئاستەکان «Level Descriptors» دەبێت.

**سەرنج**

چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی «EQF» دوو جۆرە: یەکەم؛ چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی بۆ ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی «QF-EHEA»، دووەم؛ چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی کە تایبەتە بە فێربوونی درێژخایەن لە یەکێتی ئەوروپادا «EQF-LLL». هەردوو چوارچێوەکە ئاکامەکانی فێربوون بۆ پەسنکردنی بڕوانامەکان «لە نموونەی: بەکالۆریۆس، ماستەر، دوکتۆرا» بەکار دەهێنن. ئەم دوو چوارچێوەیە لە بواری خوێندنی باڵادا، تەواو پێکەوە گونجاون «بازنەکانی (١، ٢، ٣) چوارچێوەی شیانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا « QF-EHEA» هاوتایە لەگەڵ ئاستی (٦، ٧، ٨) ی چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی کە تایبەتە بە فێربوونی درێژخایەن‘EQF-LLL’ » و، هەردووکیان یەکسانن بە بڕوانامەکانی ئاستی (٦، ٧، ٨)ی ستانداردی نێودەوڵەتیی بۆ پۆلێنکردنی پڕۆگرامە پەروەردەییەکان «ISCED».

لە چوارچێوەی شیانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپادا «QF-EHEA» سێ بازنەی سەرەکی (١، ٢، ٣) و کورتەبازنەیەک «short cycle» دیاریی کراون و ڕاڤەکەری دوبلین «Dublin descriptors» بۆ پەسنکردنی هەریەک لەم بازنانە بەکاردەهێنرێت. لە ڕاڤەکەدا، چەند لایەنێکی جیاوازی بازنەکان ڕوونکراونەتەوە، وەک چۆنێتی بەکارهێنانی کۆزانی «مەعریفە» و تێگەیشتن، بڕیاردان، کارامەییەکانی پەیوەندییبەستن، فێربوونی جۆریی. هەریەک لەم بازنانە خەسڵەتی تایبەتیی خۆیان هەیە لە ڕووی دابەشکردنی ژمارەی کرێدیتەکانی «ECTS»ـەوە و بەم شێوازەی خوارەوە ڕێکخراون:

- بڕوانامەی کورتەبازنە «short cycle» نزیکەی ١٢٠ کرێدیتی «ECTS» لەخۆدەگرێت.
- بڕوانامەی بازنەی یەکەم «first cycle» ١٨٠ یان ٢٤٠ کرێدیتی «ECTS» لەخۆدەگرێت.
- بڕوانامەی بازنەی دووەم «second cycle» ٩٠ یان ١٢٠ کرێدیتی «ECTS» لەخۆدەگرێتو کەمترین داواکاریی بازنەی دووەم بریتییە لە ٦٠ کرێدیتی «ECTS».
- بەکارهێنانی «ECTS» لە بازنەی سێهەمدا جیاواز و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

سەرنج

چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی کە تایبەتە بە فێربوونی درێژخایەن «EQF-LLL» پەسنی «ئاستی بڕوانامەکان» دەکات «بێ ئاماژەدان بە ژمارەی کرێدیتەکان» بە مەبەستی دەستەبەرکردنی چوارچێوەیەکی تۆماریی هاوبەش، کە یارمەتییدەرە لە بەراوردکردنی [هاوتاکردنی] چوارچێوە نیشتمانییەکان بۆ بڕوانامە و ئاستە جیاوازەکانیان. چوارچێوەی ئەوروپایی بۆ بڕوانامە کە تایبەتە بە فێربوونی درێژخایەن لەسەر هەشت ئاست بونیاد نراوە:

— چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی «EQF» ئامرازێکی برەودانە بە فێربوونی درێژخایەن و خوێندنی پێگەیشتووان، مەشق و خوێندنی پیشەیی و کایەی خوێندنی باڵا لەخۆدەگرێت.

— هەشت ئاستەکەی «EQF-LLL» تەواوی بڕوانامەکان لەخۆدەگرێت، بە واتایەکی دی تەواوی ئەو بڕوانامانەی لە کۆتایی خوێندنێکی ناچاریی بەدەستهاتوون لەگەڵ ئەو بڕوانامانەی لە بەرزترین ئاستی خوێندن یاخود ڕاهێنانێکی ئەکادیمی یاخود پیشەیی بەخشراون، لەم هەشت ئاستەدا جێیان دەبێتەوە.

- فێرخواز دەتوانێت لەڕێگای چەند ڕێچکەیەکی خوێندن و کار و پیشەی هەمەچەشنەوە ئەم ئاستانە بەدەستبهێنێت.

- ئاکامەکانی فێربوون لە سێ بواری جیاوازدا دیاریی دەکرێن کە بریتیین لە: کۆزانیی، کارامەیی و توانست. ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە جیاوازیی لە شیاندنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاکامەکانی فێربوون لەخۆدەگرن، کە وابەستەی کۆمەڵێک لایەنی جیاوازن وەک: کۆزانیی تیۆری، لێهاتوویی کرداریی و تەکنیکیی و توانستی کۆمەڵایەتی کە تێیدا توانای ئیشکردن بە شێوازێکی درووست و کاریگەر لەگەڵ کەسانی تردا زۆر گرنگە.

بازنە جیاوازەکانی «QF-EHEA» بەم شێوازەی خوارەوە لە ئاستە جیاوازەکانی «QF-LLL» ئاماژەیان پێ دراوە:

- بڕوانامەکانی کورتەبازنە لە ئاستی (٥)دا.
- بڕوانامەکانی بازنەی یەکەم لە ئاستی (٦)دا.
- بڕوانامەکانی بازنەی دووەم لە ئاستی (٧)دا.
- بڕوانامەکانی بازنەی سێیەم لە ئاستی (٨)دا.

دەکرێت پێڕەوەکانی پەروەردەی نیشتمانیی؛ ئاستی زیاتر لەوانەی لە چوارچێوە گشتگیرەکەدا «overreaching framework» باسکراون لەخۆ بگرێت، بەڵام لەم دۆخەدا دەبێت چوارچێوە نیشتمانییەکان لەگەڵ ستاندارد و ڕێنماییەکانی هەریەک لە «QF-EHEA» و «EQF» یەک بگرنەوە، بۆ نموونە؛ چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی «EQF» تەنها (٨) ئاست لەخۆدەگرێت، بەڵام ژمارەی چوارچێوە نیشتمانییەکان (٧-١٢) ئاستیان هەیە. ڕاستە کورتەبازنە «short cycle» لە پێکهاتەی «QF-EHEA»دا هەیە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نایەت وڵاتانی دیکەش ناچارن هەمان ڕێچکە بگرنە بەر و ئەم بڕوانامەیە لە چوارچێوە نیشتمانییەکانی خۆیاندا جێ بکەنەوە، بەڵکو ئەمە تەنها ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی چوارچێوە نیشتمانییەکان کورتەبازنە لەخۆ دەگرن.



هەریەک لە «QF-EHEA» و «EQF» چوارچێوەیەکی گشتگیر دیاریی دەکەن و پێویستە لەسەر بنەمای ئەم چوارچێوە گشتگیرە هەریەک لە چوارچێوە نیشتمانیی و دامەزراوەیی و ڕاڤەکەرەکان ڕێکبخرێن، بەڵام بێگومان چوارچێوە نیشتمانییەکان وردەکاریی زیاتر لەخۆدەگرن بەراورد بە چوارچێوە گشتگیرەکانی «QF-EHEA» و «EQF»، چونکە ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەو بڕوانامە و پسپۆڕییانەن کە لە کایەی خوێندنی باڵای خودی وڵاتەکەدا فەراهەم دەکرێن.

هەر دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵا کە بنەمای کرێدیتی «ECTS» پێڕەو دەکات، پێویستی بە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی تایبەت بە خۆی هەیە کە دامەزراوەکە بە چوارچێوە نیشتمانیی و نێودەوڵەتییەکانەوە ببەستێتەوە. ئەرکی چوارچێوە دامەزراوەییەکە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی چۆنێتی بەکارهێنانی کرێدیتەکان و دەبێت بە ڕوونی بەهای کەمترین کرێدیت بۆ وانەیەک یاخود پێکهاتەیەکی پەروەردەیی دیاریی بکات بە مەبەستی ئاسانکردنی پرۆگرامی خوێندنی نێوکایەیی و فرەکایەیی «کە بە ئاوێتەکردنی چەند وانەیەک یاخود پێکهاتەیەکی خۆپەروەردەکار لە چەند کایەیەکی جیاوازەوە درووست دەکرێت». چوارچێوەی ئەوروپایی و نیشتمانییش ئاستی کۆتا بڕوانامە دیاریی دەکەن.

پاش ئەوەی دامەزراوەکان بۆیان ڕوون دەبێتەوە هەموو ئەو کرێدیتانەی لە پێواژۆی پێشکەوتن بەرەو بڕوانامەیەک کۆدەکرێنەوە لە هەمان ئاستدا نین «بۆ نموونە؛ ئەو ئاکامانەی فێربوون کە لە قۆناغی سێیەمی خوێندنی بەکالۆریۆسدا بەدەست دێن؛ ئاڵۆزترن لەوانەی لە قۆناغی یەکەمی هەمان خوێندندا بەدەستهاتوون»، پێویستە ئاستی مامناوەندی کرێدیتەکان دیاریی بکەن و ڕاڤەکەرە گونجاوەکان دابڕێژن. هەموو ئەمانە پێکەوە لەگەڵ یاساکانی دەرچوون «progression rules» دواتر بە درێژایی ڕێچکەی فێربوون یارمەتیی خوێندکار دەدەن بەرەوپێش بچێت.

پێش ڕۆنانی هەر پرۆگرامێکی خوێندن، دەبێت پرۆگرامەکە بخرێتە نێوکۆی ئەرکی دامەزراوە و بەش و تایبەتمەندی پیشەیی «ڕێنمایی و داواکارییەکان» و چوارچێوەی ئەکادیمیی دامەزراوەکەوە بۆ تەرخانکردنی یە کە کا ن .

بۆ ڕۆنەرانی پرۆگرامەکان پێشنیار دەکەین بەدواداچوون بکەن سەبارەت بەوەی جڤاتی لەخۆگری پرۆگرامەکە تا چ ئاستێک پێویستیان بەو پرۆگرامانەیە. لێرەدا گرنگە ڕاوێژ بە خاوەن بەرژەوەندییەکان «خاوەنکار، دەرچووان، جڤات بە شێوەیەکی فراوان» بکرێت بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە هەبوونی داخوازیی بۆ پرۆگرامەکە.

## ٢.٣ پرۆفایلی پرۆگرامێکی خوێندن «The programme profile»

پرۆفایل تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە نیشان دەدات «2010 ,Lockhoff et al»، هەروەها وردەکارییەکانی ئەم پێکهاتانەش دەستنیشان دەکات: بواری خوێندنەکە «کە دەکرێت بە سوودوەرگرتن لە کۆدەکانی ISCED-F بنووسرێن»، ئاست و سەرنجی پرۆگرامەکە، ئاکامەکانی فێربوون «کە لە پاش تەواوکردنی خوێندنەکە بە سەرکەوتوویی بەدەست دێن»، ژینگەی فێربوون، چالاکییە سەرەکییەکانی فێربوون، وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن.

پرۆفایلی هەر پرۆگرامێکی خوێندن، ئەگەر بە شێوەیەکی کاریگەر دابڕێژرێت، پێویستە بەرچاوڕوونی تەواو بە خوێندکاران و خاوەن بەرژەوەندییەکان بدات سەبارەت بەو توانستە گشتیی و تایبەتییانەی خوێندکار بە درێژایی پرۆگرامەکە بەدەستیان دەهێنێت. لەهەمانکاتدا پرۆفایلێکی کاریگەر، پێویستە دەرفەتەکانی دامەزراندن و هەلی کاری دەرچووانی پرۆگرامی خوێندنەکە ڕوون بکاتەوە. لەبەرئەوە زۆر گرنگە پرۆفایل بە ڕاوێژ لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییەکان «هاوەڵە ئەکادیمییەکان، هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان، خاوەنکارەکان، دەرچووان و نوێنەری خوێندکاران» دابڕێژرێت و بە شێوازێکی تیوار و ڕوون پێشکەشی خوێنەر بکرێت.

پێویستە پرۆفایل بەشێک بێت لە ڕوونکەرەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن کە لە کەتەلۆگی کۆرسەکاندا «course catalogue» فەراهەم کراوە.

سەرنج

لە سەرانسەری ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا، تا ڕادەیەک هەردوو زاراوەی «ئاکامەکانی فێربوون» و «توانایی» بە واتای جیاواز بەکارهاتوون. لەم ڕێبەرییەشدا بەو جۆرەیە:

«توانایی»، «Competence»: توانایەکی سەلمێنراوە لە بەکارهێنانی کۆزانیی، کارامەیی، توانا تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتی و مێتۆدییەکان لە ژینگەی خوێندن و گەشەپێدانی پیشەیی و کەسییدا. لە چوارچێوەی شیانی ئەوروپاییدا، توانایی وەک «هەبوونی تایبەتمەندیی بەرپرسیارێتی و سەربەخۆیی پێناسە دەکرێت» «Recommendation C/٢٠٠٨ ٠١/١١١». تواناییەکان دەکرێت گشتیی یاخود وابەستەی کایە و ڕشتەیەکی دیاریکراو بن. گرنگە بزانین ئامانجی کۆی پرۆسەی فێربوون و بەرنامەی خوێندن بریتییە لە پێگەیاندن و پەرەپێدانی توانا جیاوازەکانی فێرخواز.

ئاکامەکانی فێربوون «Learning Outcomes»: گوزارشت لە ڕاددەی ئەو تواناییانە دەکەن کە لەلایەن خوێندکارەوە بەدەستهاتوون، کە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی گونجاوەوە پشتڕاست دەکرێنەوە. ئاکامەکانی فێربوون بریتیین لە کۆمەڵێک «دەستەواژە سەبارەت بە کۆی ئەو توانست و زانین و تێگەیشتنانەی فێرخواز لە پاش تەواوکردنی پرۆسەیەکی فێربوون بەدەستیان دەهێنێت» «هەمان سەرچاوە». ئاکامەکانی فێربوون بە شێوازێکی سەرەکی لەلایەن دەستەی ئەکادیمییەوە دادەڕێژرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا خوێندکاران و خاوەن بەرژەوەندییەکانیش بەشدارێکی گرنگی ئەم پرۆسەیەن. بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە ئاسانی بەڕێوە بچێت، پێویستە ئاکامەکانی فێربوون بە شێوازێک دابڕێژرێن کە شیاوی سەلماندن بن.



### ٣.٣ ئاکامەکانی فێربوونی پڕۆگرامی خوێندن «The programme learning outcomes»

ئاکامەکانی فێربوونی پڕۆگرامێکی خوێندن لەسەر بنەمای پرۆفایلی پرۆگرامەکە بونیاد دەنرێن و پەسنی ئەو کۆزانیی و توانا و تێگەیشتنانە دەکەن کە خوێندکارێک لە پاش تەواوکردنی پڕۆگرامێکی خوێندن بە سەرکەوتوویی بەدەستی دەهێنێت.

سەرنج

#### چۆنێتیی دارشتنی ئاکامەکانی فێربوون

دارشتنی ئاکامەکانی فێربوونی پڕۆگرامێکی خوێندن پێویستیان بە ئاگاییەکی زۆر وردە. ئەم خاڵانەی خوارەوە «کە گشتگیر نیین» کۆمەڵێک ڕێنمایی بەسوودن سەبارەت بە چۆنێتی دارشتنی ئاکامەکانی فێربوون.

ئاکامەکانی فێربوون پێویستە ڕەنگدانەوەی نێوکۆیی و ئاست و بوار و ناوەڕۆکی پڕۆگرامی خوێندنەکە بێت .

ئاکامەکانی فێربوون دەبێت کورت و پوخت بن و زۆر ورد نەکرێنەوە.

ئاکامەکانی فێربوون دەبێت تەواو هەماهەنگ بن و دژواز نەبن.

ئاکامەکانی فێربوون پێویستە بە جۆرێک دارێژرا بن کە بۆ تێگەیشتن ئاسان بن و زۆر بە ئاسانییش لە لایەن فێرخواز یان خوێندکارەوە لە کۆتایی پرۆگرامی خوێندنەکەدا بەدەستبێن.

ئاکامەکانی فێربوون دەبێت کەتواربینانە «Realistic» بن و شیاوی بەدەستهێنان بن لە ماوەی ئەو کۆشش «workload»ـەی بۆ چنگخستنیان تەرخانکراوە.

ئاکامەکانی فێربوون پێویستە پەیوەست بن بە کۆمەڵێک چالاکیی گونجاوی فێربوون و پێوەر و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنەوە.

بۆ دیارییکردنی ژمارەی نموونەیی ئاکامەکانی فێربوونی هەر پڕۆگرامێک ڕێسایەکی دیرایکراو لەئارادا نییە، بەڵام ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە پێمان دەڵێن کە (١٠-١٢) ئاکامی فێربوون بۆ هەر پڕۆگرامێکی خوێندن ڕێژەیەکی گونجاوە.

مێتۆدی باوی پێڕەوکراو کە بۆ دارشتنی ئاکامەکانی فێربوون پەسەند کراوە؛ پشت بە سێ بنەمای سەرەکی دەبەستێت:

١- بەکارهێنانی فەرمانی «بکەردیار» بۆ دەربڕینی تەواوی ئەو زانیاریی و توانایانەی چاوەڕوان دەکرێت خوێندکار لە پاش تەواوبوونی خوێندنەکەی بەدەستیان بهێنێت «بۆ نموونە، دەتوانین ئەم فرمانانە یاخود هاوشێوەکانیان بەکاربهێنین: دەرچووان دەتوانن پەسن بکەن «describe»، جێبەجێ بکەن «implement»، دەرەنجامگیریی بکەن «draw conclusion»، هەڵبسەنگێنن «assess»، پلاندارێژن «plan».

٢- دیارییکردنی ئەوەی کە ئەم ئاکامە ئاماژە بە چی دەدات «بۆ نموونە؛ شتێک یان کارامەییەک، بە واتایەکی دیکە، ئایا ئاکامەکە (ئەرکی شتومەک و ئامێرەکان) ڕوون دەکاتەوە، یاخود گوزارشت لەکێشانی نەخشەی ژوورێکی دانیشتن بەدەست، دەکات».

٣- دیارییکردنی ئەو شێوازەی کە بە هۆیەوە دەتوانرێت بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون بە ڕوونیی ببینرێن «بۆ وێنە؛ ‹پێدانی پوختەیەک سەبارەت بەو کەرەستانەی لە بواری ئەندازیاریی کارەباییدا بەکاردەهێنرێن›، ‹پەرەپێدانی توانای دیزایینکردنی توێژینەوەیەک لە ڕێگای جێبەجێکردنی مێتۆدە زانستییە نوێیەکانەوە›».

پێویستە ئاکامەکانی فێربوونی پڕۆگرامێکی خوێندن لە کەتەلۆگی کۆرس و هاوپێچی بڕوانامەدا ئاماژەی پێکرابێت.

## ٤.٣ پێکهاتەی پرۆگرامی خوێندن و چۆنێتیی دابەشکردنی کرێدیتەکان
## «The programme structure and allocation of credits»

پرۆفایلی هەر پرۆگرامێک بەسەر چەند پێکهاتەیەکی پەروەردەییدا دابەش دەبێت. پێکهاتەیەکی پەروەردەیی دەکرێت بریتیی بێت لە: گورزەوانەیەک «module» یان چەند گورزەوانەیەک و جۆرەکانی دیکەی وانە، ماوەی ڕاهێنان و مەشقی کار یاخود پزیشکیی، پرۆژەی توێژینەوە، کاری ناو تاقیگە، دەکرێت بریتییش بێت لە هەر چالاکییەکی دیکەی فێربوون. وێڕای ئەمانە، پێکهاتەیەکی پەروەردەیی دەکرێت بریتیی بێت لە چالاکییگەلێکی کۆمەڵایەتیی و چوونە ناو خەڵک «وەک وانەوتنەوە و ڕێنیشاندان»، بەڵام بەمەرجێک کە ئەم چالاکییانە لەگەڵ ئاکامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکەدا بگونجێن و کرێدیتیان لەسەر وەربگیرێت.

گرنگیشە ئاکامەکانی فێربوون لەگەڵ ستراتیژ و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بۆ هەر بابەتێکی پەروەردەیی دیاریی بکر ێت .

زۆرجار ئاکامەکانی فێربوونی پرۆگرامێکی خوێندن لەگەڵ ئاکامەکانی فێربوونی پێکهاتە پەروەردەییەکانیدا بەراورد دەکرێنەوە بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لەوەی پێکەوە سازاون و پاڵپشتی یەکتر دەکەن. ژمارەیەکی زۆر لە دامەزراوەکان سیستمی «ماتریکس» بەکار دەهێنن بۆ پێکەوەگرێدانی ئاکامەکانی فێربوونی پرۆگرامێک لەگەڵ ئاکامەکانی فێربوونی پێکهاتە پەروەردەییەکەیدا.

**سەرنج**

ئاکامەکانی فێربوونی پێکهاتەیەکی پەروەردەیی بە هەمانشێوەی ئاکامەکانی فێربوونی پرۆگرامێکی خوێندن دادەڕێژرێن، واتا هەمان بنەما و پرنسیپ دەیانگرێتەوە.

هیچ یاسایەکی ڕەها نییە کە ژمارەی نموونەیی ئاکامەکانی فێربوونی پێکهاتەیەکی پەروەردەیی دیاریی بکات، بەڵام کۆمەڵێک فاکتەری گرنگ لەم بابەتەدا ڕۆڵ دەگێڕن وەک ئاست و سرووشتی یەکەکە و کۆششی خەمڵێنراو «Estimated workload». وێڕای ئەمانە، کردە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە ژمارەی ئاکامەکانی فێربوونی پێکهاتەیەکی پەروەردەیی پێویستە سنووردار بن، هاوکات ئەزموونە گشتییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە «٦-٨» ئاکامی فێربوون بۆ هەر پێکهاتەیەکی پەروەردەیی ژمارەیەکی گونجاو بێت.

* لە پاشکۆدا لیستێک دانراوە کە لەبارەی چۆنێتیی نووسینەوەی ئاکامەکانی فێربوونەوە ڕێنیشاندەرە.



دوای دیارییکردنی بەشە پێکهێنەرەکانی پرۆگرامی خوێندنەکە، پێویستە پێکهاتەی گشتیی پرۆگرامەکە دیاریی بکرێت. پاشان دەبێت لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون و کۆشش؛ کرێدیت بۆ هەر پێکهاتەیەکی پەروەردەیی تەرخان بکرێت. لێرەدا گرنگە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە ٦٠ کرێدیتی «ECTS» یەکسانە بە ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی یاخود هاوتاکەی.

کاتێک پێکهاتە پەروەردەییەکان قەبارەیەکی ئاساییان هەبێت، بۆ نموونە (٥، ١٠، ١٥)، پێیان دەوترێت گورزەوانە «Module». لە پرۆگرامێکی خوێندندا کە لە گورزەوانە پێکهاتووە «پێکهاتەیەکی گورزەوانەیی هەیە»؛ دەکرێت نیوەی کرێدیتەکان بەکار بهێنرێن ئەگەر پاساوێک هەبێت «بۆ نموونە لە حاڵەتی هەبوونی ٤ گورزەوانە لە هەر وەرزێکدا»، بەڵام دەبێت خۆمان لە بەکارهێنانی ژمارەی کەرتی بە دوور بگرین. باشتر وایە دامەزراوەکە کەمترین ژمارەی کرێدیت بۆ هەر پێکهاتەیەکی پەروەردەیی دیاریی بکات، چونکە ئەم کردەیە دەبێتە هۆی ئاسانکردنی هەماهەنگی لە مەنهەجی کایە و کۆلێجە جیاوازەکاندا.

کردنەوەی «دەرفەتی ئاڵوگۆڕ» لە ناو مەنهەجدا پرۆسەی جێگۆڕکێ بە مەبەستی فێربوون «Learning mobility» ئاسانتر دەکات. دەکرێت دەرفەتی ئاڵوگۆڕ هەم لە ناوەڕۆک و هەم لە ڕێکخستنی کاتی ناو مەنهەجدا دیاریی بکرێت و ڕێخۆشکەریش بێت بۆ گونجاندنی کات و ناوەڕۆک بۆ خوێندکار. لە دەرفەتی ئاڵوگۆڕدا، وا باشترە خوێندکار هەمان ئەو بابەتانە نەخوێنێت کە لە زانکۆکەی خۆیدا خوێندوونی، بەڵکو دەبێت لەو ماوەیەدا خوێندکار سوود لە ئەزموونی پەروەردەیی جیاواز و هەمەچەشن وەربگرێت.

دەبێت پێداویستییەکانی دەرچوونی خوێندکار «progression requirements» لە پرۆگرامی خوێندنەکەدا ڕوون و ئاشکرا دیاریی کرابن، هەتا خوێندکار بتوانێت بە سەرکەوتوویی قۆناغە جیاوازەکانی پرۆگرامەکە تەواو بکات و بڕوانامەی دڵخوازی خۆی بەدەست بهێنێت. پێداویستییەکانی دەرچوون دەکرێت بریتی بن لە پێشەمەرج «**prerequisite**»، هاوشانەمەرج «**co-requisite**» یان پێدانی پێشنیار «**recommendations**». یاساکانی دەرچوون «**progression rules**» دەکرێت بریتی بن لە دیارییکردنی ژمارەی ئەو کرێدیتانەی لە هەر ئاستێکی جیاوازی پرۆگرامی خوێندنەکەدا داوا کراون «لە نموونەی کەمترین ژمارەی کرێدیتی داواکراو بە مەبەستی دەرچوون لە ساڵێکی ئەکادیمیی یان وەرزێک بۆ ساڵێکی ئەکادیمی یان وەرزێکی دیکەی ساڵێکی ئەکادیمی». یاخود دەکرێت بە جۆرێک دابڕێژرێن کە کۆمەڵێک یاسای ورد لەخۆبگرن سەبارەت بەو بابەتە پەروەردەییانەی دەبێت خوێندکار بە ناچاریی یاخود بە شێوازی سەرپشکانە وەریان بگرێت «بۆ نموونە ناچارەوانە ‹**compulsory course**› سەرپشکەوانە ‹**optional course**› پێشمەرج ‹**prerequisites**›».

ئەو فێرخوازە سەبەرخۆیانەی دەیانەوێت لە پرۆگرامێکی خوێندنی پێڕەوبەنددا بخوێنن، پێویستە ڕاوێژ و ئامۆژگاریی تەواو وەربگرن، هەتا بتوانن سەرکەوتووانە پێداویستییەکانی پێشڤەچوون جێبەجێ بکەن. لە هەر کوێدا پێوەندییدار بوو، پێویستە ڕاوێژکردنەکە بابەتی ددانپێدانان بە فێربوون و ئەزموونی پێشووی فێرخواز لە ژینگە جیاوازەکانی فێربووندا، لەخۆبگرێت. پێکهاتەی پرۆگرامێکی گونجاو بەوەدا دەناسرێتەوە کە بوار بۆ خواست و هەڵبژاردنەکانی خوێندکار دەکاتەوە، پێداویستییە هەمەچەشنەکانیان دەستەبەر دەکات و شیمانەی «Possibility» دەستگەیشتنیان بە تەرزی نوێی خوێندن زیاد دەکات.

### ٥.٣ فێربوون و وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن
### «Learning, teaching and assessment»

دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، دەبێت لەژێر ڕۆشنایی پرۆگرامەکانی خوێندن و چۆنێتی وتنەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکەدا ئامانجەکانی فێربوون و فێرکردن دیاریی بکەن.

### بنەما گشتییەکانی فێربوون و فێرکردن و هەڵسەنگاندن
### General principles for learning, teaching and assessment

لە کاتی وتنەوەی هەر پرۆگرامێکی خوێندندا، جا هەر جۆرە تەرزێک بێت، پێویستە هەندێک بنەما و پرنسیپی گشتی فێربوون و فێرکردن و هەڵسەنگاندن لەبەرچاو بگیرێن.

### گفتوگۆی کراوە و بەشدارییکردن
### «Open dialogue and participation»

ڕێبازی فێرکاریی خوێندکارتەوەر «student-cantered approach» پێویستی بە گفتوگۆی کراوە و شێوازێک لە فیدباک «Feedback» لەنێوان فێرخوازان و مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکاندا هەیە. هەر لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیانەوە، گەنگەشە و گێرەی پێداویستی و خواستەکانی فێرخوازان دەکرێت. لێرەدا گرنگە خاوەنبەرژەوەندییەکان بەشدار بن لە گفتوگۆی بونیادنەرانە سەبارەت بە چۆنێتی ڕۆنان و وتنەوەی بەرنامەکانی خوێندن. بەهەمانشێوە، دەبێت نوێنەری خوێندکاران بەشدار بێت لەم جۆرە گفتوگۆیانە و مافی تەواوی دەنگدانیان لەسەر بابەتەکان هەبێت.

### تیواریی و پشتپێبەستن
### «Transparency and reliability»

کەتەلۆگی کۆرس «course catalogue» پێویستە زانیاریی نوێ و باوەڕپێکراو، کە لە ڕووی کوالێتییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، سەبارەت بە کۆرسەکانی خوێندن لە لایەک، و لەسەر تاکە بابەتێکی خوێندن لە لایەکی ترەوە بۆ خوێنەر دەستەبەر بکات. ئەم کەتەلۆگە پێویستە پەسنێکی وردی هەموو کۆرسەکانی خوێندنی تێدا بێت و سەرجەم وردەکارییەکانی وەک شێواز و پێکهاتەی کۆرسەکان، ئاکامەکانی فێربوون، کۆشش، ڕێبازەکانی فێرکردن، مێتۆد و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و یاساکانی دەرچوون لە کۆرسەکە لە خۆ بگر یٚت .

### سازان «Consistency»

ئەو دەستە ئەکادیمییەی وانە دەڵێنەوە دەبێت دڵنیابن لەوەی سازانی تەواوەتی لەنێوان ئاکامەکانی خوێندن «بەو جۆرەی لە پرۆگرامی خوێندنەکەدا نووسراوە» لەگەڵ چالاکییەکانی فێربوون و ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندندا هەیە. ئەم هاوتەریببوونە بونیادنەرانەی «Biggs, 2003» نێوان ئاکامەکانی فێربوون و چالاکییەکانی فێربوون و ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندن پێداویستییەکی سەرەکیی و ڕیشەیی هەموو پرۆگرامێکی خوێندنە.

### گونجاوی «Flexibility»

زۆر بەهادارە پرۆگرامی خوێندن پێکهاتەیەکی گونجاو و نەرمی هەبێت، چونکە لەم جۆرە پێکهاتەیەدا خوێندکاران دەتوانن هەڵبژاردنی خۆیان ئەنجام بدەن و پێداویستییە جیاوازەکانیان پڕبکەنەوە. بۆ نموونە، دەبێت بوار بدرێت خوێندکاران پەرە بە ڕێچکەی فێربوونیان بدەن و لە هەمانکاتدا چالاکیی سەرپشکانەیان بۆ فەراهەم بکرێت. ئەگەر چالاکییەکانی فێربوون و فێرکردن و هەڵسەنگاندن بە شێوازێکی گونجاو ڕێکخران، چ لە ڕووی خشتەی وانەکانەوە بێت یاخود پێدانی دەرفەت بێت بە فێربوونی سەربەخۆ، ئەوا دەتوانرێت بە ئاسانی شێوازی فێربوونی جیاواز لە پرۆگرامەکەدا جێیان بکرێتەوە.



سەرەنجام بواری هەڵبژاردنی کەرەستەکانی فێربوون و فێرکردن فراوان دەبێت و هەل بۆ بەشدارییکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت یاخود خاوەن پرۆفایلی جیاواز دەڕەخسێت «بۆ نموونە: ئەو کەسانەی ئەرکی سەرپەرشتیی و چاودێرییکردنی کەسانی دیکەیان لە ئەستۆیە یاخود ئەوانەی خاوەن پێداویستیی تایبەتن». ئاوێتەکردنی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵیی بە کایەی خوێندنی باڵا کاریگەرییەکی ئەرێنیی بەرچاوی لەسەر شێوازەکانی فێربوون و وانەوتنەوە هەیە. پێویستە کردەی دابەشکردنی کرێدیتەکان بەسەر ئەو ئاکامانەی لە تەرزە نوێیەکانی خوێندنەوە وەک خوێندن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بەدەستهاتوون؛ لەسەر هەمان ئەو پرنسیپ و بنەمایانە بونیاد بنرێت کە لە شێوازێکی باوی خوێندندا ڕەچاو دەکرێت.

### هەڵسەنگاندێکی گونجاو بۆ دەستکەوتەکانی خوێندکار
### «Appropriate assessment of achievements»

تەنها لە کاتێکدا کرێدیت دەدرێتە خوێندکار کە هەڵسەنگاندنە گونجاوەکان ئەوەمان بۆ پشتڕاست بکەنەوە خوێندکارەکە تەواوی ئاکامەکانی خوێندنی لە قۆناغەکەی خۆیدا بەدەستهێناوە. ئەگەر خوێندکارەکە نەیتوانی ئاکامەکانی خوێندن بەدەست بهێنێت، ئەوا نابێت هیچ کرێدیتێکی پێبدرێت. دەبێت ژمارەی ئەو کرێدیتانەی دەدرێتە خوێندکار یەکسان بێت لەگەڵ ژمارەی ئەو کرێدیتانەی بۆ پێکهاتە و بابەتەکان تەرخانکراوە.

مێتۆدەکانی هەڵسەنگاندنی فێرخواز و خوێندکار کۆمەڵێک شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرن، وەکو: تێست و تاقیکردنەوەی نووسراو، زارەکی یان نووسین، پڕۆجێکت و گورزەنووسراو/هەگبە «Portfolio». کۆی ئەم ئامراز و شێوازانە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی بەرەوپێشچوونی خوێندکار بەکاردەهێنرێن و دڵنیامان دەکەنەوە لەوەی فێرخواز ئاکامەکانی فێربوونی وانەکەی یاخود گورزەوانەکەی بەدەستهێناوە. بەڵام پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بریتیین لە ڕاڤەکردنی ئەوەی پێویستە فێرخواز چی بکات بۆ ئەوەی پیشانی بدات ئاکامەکانی فێربوونی بە باشی بەدەستهێناوە.

لە سەرەوە دەستەواژەی «هەڵسەنگاندنی گونجاو» بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێک گونجاو بێت، مەرجە شێواز و پێوەرەکانی لەگەڵ ئاکام و چالاکییەکانی خوێندندا کۆک بن.



### سەرنج

خوێندنی دکتۆرا بەردەوام لە گۆڕاندایە، شێوازەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دوکتۆرا هەمەچەشنن، ئێستا بەهای ئەو پرنسیپە زانراوە کە مەشقپێدانی ئاستبەرز یارمەتییدەرە لە گەشەپێدانی توانستی گشتیی و تایبەتیی «وابەستەی کایەیەکی دیاریکراو» لە بازنەی سێیەمی خوێندندا. لە هەندێک دامەزراوە و وڵاتدا، هاوشێوەی یەکەم و دووەم بازنە، لە بازنەی سێیەمیشدا «ECTS» بەکاردەهێنرێت. لەم بارەدا دەکرێت «ECTS» بۆ تەواوی خوێندنەکە یاخود بۆ هەندێک بابەتی پەروەردەیی «بۆ نموونە ئەو وانانەی خوێندراون» تەرخان بکرێت.

لە بارێکدا ئەگەر «ECTS» لە خوێندنی دوکتۆرادا بەکار بهێنرێت، سەرباری لەبەرچاوگرتنی سرووشتی تایبەتی خوێندنی دکتۆراکە، پێویستە ڕێنماییەکانی ناو ئەم ڕێبەرییە جێبەجێ بکرێت. پێویستە کۆی زانیارییە پەیوەندییدارەکان لە کەتەلۆگی کۆرسەکەدا باس بکرێن.

دیارییکردنی ئاکامەکانی فێربوون بۆ چەند قۆناغێکی تایبەتیی بازنەی سێیەم دەکرێت لە هەندێک دۆخدا ڕێگا بەو کاندیدایانە بدات کە خوێندنەکەیان دەوەستێنن، هەتا بتوانن هەندێک بڕوانامە بەدەستبهێنن کە وابەستەی ئەو ئاست و قۆناغە بێت کە لە خوێندنی دوکتۆراکەدا پێی گەیشتوون. بە واتایەکی دیکە دەبێت بڕوانامەکە وابەستەی ئەو ئاستە بێت کە کاندیداکە لە خوێندنەکەیدا پێی گەشتووە و نابێت بڕوانامەکە لە خوار یاخود سەروو ئاستی خوێندنی کاندیداکەوە بێت. بە هەمانشێوە، ئەم بڕوانامەیە دەکرێت سوودبەخش بێت بۆ خاوەنکارانی داهاتوو بۆ ئەوەی بزانن کاندیداکە چ جۆرێک توانستی تایبەتیی و گشتی ئاستبەرزی بەدەست هێناوە.

### ٦.٣ چاودێریی دابەشکردنی کرێدیتەکان
### «Monitoring of credit allocation»

پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستیان بە چاودێرییکردن هەیە. مەبەست لەم کارە ئەوەیە بزانرێت ئایا پرۆسەی دابەشکردنی کرێدیتەکان و کۆشش و ئاکامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە شیاوی بەدەستهێنانن، یاخود کەتواربینانەن و بە شێوازێکی تەواو دارێژراون. دەکرێت چاودێرییکردن بە چەند شێوازێکی جیاواز ئەنجام بدرێت، وەک ڕاپرسیی، چاوپێکەوتن، گرووپی بچووکی هاوڕشتە «Focus group» یاخود چاودێرییکردنی ئەنجامەکانی خوێندکار. هەر شێوازێک بەکار بهێنرێت، فیدباکی خوێندکار و ستاف و خاوەن بەرژەوەندییەکان «ئەگەر پێویست بوو» دەبێت بنەمایەکی سەرەکی بێت لە پێداچوونەوەی دابەشکردنی کرێدیتەکاندا. وێڕای ئەمە، داتاکانی تایبەت بە کاتی تەواوبوونی خوێندنەکە، ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکانی خوێندکار و پێکهاتەکانی خوێندنەکە دەبێت لەم پرۆسەیەدا بەکار بهێنر ێت .

لێرەدا گرنگە خوێندکاران و دەستەی وانەبێژان ئاگادار بکرێنەوە سەبارەت بە شێواز و مەبەستی چاودێرییکردنەکە، هەتا بتوانرێت وەڵامی ورد بەدەست بێت و زۆرترین کەس بەشداریی پرۆسەکە بکەن. ئەگەر زانیارییە بەدەستهاتووەکان ئەوەیان دەرخست کە دژیەکیی و ناتەبایی هەیە لەنێوان ئەو کاتەی لە کۆششدا «workload» پێشبینیی کراوە لەگەڵ ئەو کاتە ڕاستەقینەیەی کە زۆربەی خوێندکارەکان ویستوویانە بۆ بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون، پێویستە دەستبەجێ پێداچوونەوە بە کۆشش، کرێدیتەکان، ئاکامەکانی فێربوون، شێواز و چالاکییەکانی فێربوون و فێرکردندا بکرێت. هەروەها دەکرێت ببێتە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی کۆی پرۆگرامی خوێندنەکە و تەواوی پێکهاتەکانی. دەبێت پێداچوونەوەکە بە زووترین کات ئەنجام بدرێت، بەبێ درووستکردنی هیچ جۆرە کێشەیەک بۆ ئەو کەسانەی لە گەرمەی وەرگرتن و خوێندنی پرۆگرامەکەدان، لە هەمانکاتدا پێویستە ئەم پێداچوونەوەیە بگەیەنرێت بەو کەسانەی لە کردەی پێداچوونەوەکەدا بەشدارییان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کولتووری فیدباک «feedback» بە شێوەیەکی هەماهەنگ و بەردەوام لە دامەزراوەکەدا گەشە بکات.






# بەکارهێنانی کرێدیتی ECTS لە پرۆسەی بزوان و ددانپێداناندا

# بەکارهێنانی کرێدیتی «ECTS»
# لە پرۆسەی بزوان و ددانپێدانانداا

**لەم بەشەدا، بە گشتیی باسی گواستنەوە و ددانپێدانانی کرێدیتەکان دەکرێت، کە لە هەردوو پرۆسەی بزوان بە مەبەستی بڕوانامە و بزوان بە مەبەستی کرێدیتدا هەیە.**

بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی خوێندن بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، پێویستە لە ڕووی ئەکادیمییەوە دامەزراوەکان ددان بە کرێدیتەکاندا بنێن و بە ئاسانیی بگوازرێنەوە. ددانپێدانانی کرێدیتەکان پرۆسەیەکە بە هۆیەوە دامەزراوەیەکی دیاریکراو ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە ئەو ئاکامانەی لە دەرەوەی دامەزراوەکە بەدەستهاتوون و هەڵسەنگێنراون، پێداویستییەکانی پرۆگرامێکی خوێندنی دیاریکراو پڕ دەکەنەوە کە دامەزراوەکە خۆی پێشکەشی کردووە.

پرۆگرامەکانی خوێندنی ناو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا جیاواز و هەمەچەشنن، بۆیە پێناچێت ژمارەی کرێدیت و ئاکامەکانی تاکە پێکهاتەیەکی پەروەردەیی ناو دوو پرۆگرامی جیاواز چوونیەک بن. لە دۆخی ددانپێدانانی خوێندنی ژینگە جیاوازەکانی دیکەدا «بۆ نموونە، مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی»، ئەم جیاوازییە تۆختر دەبێتەوە. لەبەرئەم هۆکارانە، ڕێگایەکی گونجاو پێویستە بۆ ددانپێدانانی ئەو کرێدیتانەی لە ژینگەیەکی خوێندنی جیاواز یاخود ماوەی ئاڵوگۆڕی خوێندندا کۆدەکرێنەوە. لەم دۆخەدا، ئەوەی گرنگە ڕەچاو بکرێت بریتییە لە چوونیەکی ئاکامەکانی فێربوون، نەک هاوتایی ناوەڕۆکی کۆرسەکە. لە بواری کردارییدا، پرۆسەی ددانپێدانان بەو واتایە دێت کە ئەو کرێدیتانەی لە بەرانبەر بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون لە ژینگەیەکی جیاوازدا بەخشراون، دەبێتە جێگرەوەی ژمارەی ئەو کرێدیتانەی بۆ کۆمەڵێک ئاکامی چوونیەک تەرخانکراون لەو دامەزراوەیەی بڕوانامە دەداتە خوێندکار.

دامەزراوەکان دەبێت سیاسەتی ددانپێدانانی کرێدیتەکان بڵاو بکەنەوە هەتا هەموو کەسێک بتوانێت بە ئاسانی بیخوێنێتەوە.

### ١.٤ بزوان بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە «Degree Mobility»

دەکرێت پرۆگرامەکانی خوێندن لە ڕووی ژمارەی کرێدیتەکانی **ECTS** جیاواز بن «بڕوانە خشتەی (سەرنج!) لە بەشی ١:٣». بە مەبەستی ددانپێدانانی بڕوانامەکان بۆ خوێندنی زیاتر، جیاوازیی ژمارەی کرێدیتەکان کە لە پاش تەواوکردنی بڕوانامەکە بە سەرکەوتوویی بە دەستهاتوون ڕەچاوناکرێن. لەم دۆخەدا وا پێویستە ئاکامەکانی فێربوون بنەمای سەرەکی ددانپێدانانەکە بێت. بۆ نموونە، بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆسی هاوشێوە، دەبێت ددانی پێدابنرێت بە مەبەستی پێشکەشکردن بۆ بڕوانامەی ماستەر، بەبێ گوێدانە ئەوەی ژمارەی کرێدیتەکانی بەکالۆریۆسەکە (١٨٠) یاخود (٢٤٠) کرێدیتی «**ECTS**»ـە.



**سەرنج**

کۆنگرەی لیشبۆنە بۆ ددانپێدانان «The Lisbon Recognition Convention»

کۆنگرەکە ساڵی (١٩٩٩) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ددانپێدانانی ئەکادیمیی نێودەوڵەتی فەراهەم دەکات. لە ڕێکەوتننامەکەدا هاتووە:

(خاڵی ٣٦) ئەو بڕوانامانەی بە نزیکەیی لە هەمان ئاستدان، لەوانەیە جیاوازییان هەبێت لە ڕووی ناوەڕۆک و پرۆفایل و کۆشش و کواڵیتیی و ئاکامەکانی فێربوونەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە، پێویستە لە پرۆسەی ددانپێدانانی بڕوانامەکانی دەرەوەی وڵاتدا ئەم جیاوازییانە بە شێوازێکی گونجاو «**flexible**» لەبەرچاو بگیرێن و تەنیا جیاوازییە ڕیشەییەکان، لەژێر ڕۆشنایی مەبەستی ددانپێدانانەکە «بۆ نموونە، ددانپێدانانی ئەکادیمیی یاخود ددانپێدانانی پرۆفێشناڵی دیفاکتۆ»، دەبێتە هۆی ددانپێدانانی نیمچەیی یاخود ددانپێدانەنانی بڕوانامە بیانییەکە».

(خاڵی ٣٧) پێویستە ددان بە بڕوانامە بیانییەکاندا بنرێت، تەنها لە دۆخێکدا نەبێت کە جیاوازیی ڕیشەیی هەبێت لە نێوان بڕوانامە بیانییەکە کە داوای ددانپێدانانی بۆ کراوە و بڕوانامە نیشتمانییە هاوتاکەی.

نامیلکەی ناوچەی ئەوروپایی بۆ ددانپێدانان «The European Area of Recognition Manual» بەم شێوازە چەمکی «جیاوازیی ڕیشەیی» ڕوون دەکاتەوە:

«بە سەرنجخستنەسەر ئەو پێنج بنەما گرنگەی پێکەوە بڕوانامە پێکدەهێنن: «ئاست، کۆشش، کواڵیتی، پرۆفایل و ئاکامەکانی فێربوون»، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە ڕیشەییەکان، ئەو دەسەڵاتانەی مافی ددانپێدانانیان هەیە شێوازی کارکردنی خۆیان گۆڕیوە، چیتر لەسەر بنەمای هاوشێوەیی و لێکچوونی تەواوەتیی بڕوانامە بیانییەکان لەگەڵ بڕوانامە خۆجێییەکانی خۆیان ددان بە بڕوانامە بیانییەکاندا نانێن، بەڵکو تەنانەت ئەگەر جیاوازییەکی ناڕیشەیی و کەمیش هەبوو، ئەوا ددان بە بڕوانامە بیانییەکاندا دەنێن».

## سەرنج

جیاوازییە ڕیشەییەکان بریتیین لە جیاوازیی نێوان بڕوانامەیەکی بیانیی و بڕوانامەیەکی نیشتمانیی، کە هێندە گەورەیە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبن بە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتنی خوێندکار لە ئەنجامدانی چالاکییە دڵخوازەکانی خۆی وەک خوێندنی باڵا، چالاکیی توێژینەوە، یاخود دامەزراندن.

بەرپرسیارێتیی سەلماندنی هەبوونی جیاوازیی ڕیشەیی لەنێوان بڕوانامەکاندا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەسەڵاتانەی لە وڵاتی خانەخوێ ددانپێدانان دەبەخشن، ڕێنماییەکانیش لەم پرۆسەیەدا بەم شێوازەی خوارەوەیە:

نابێت هەموو جیاوازییەک وەک «جیاوازیی ڕیشەیی» لە قەڵەم بدرێت؛

هەبوونی جیاوازیی ڕیشەیی هیچ پابەندبوونێک درووست ناکات بۆ ڕەتکردنەوەی ددانپێدانانی بڕوانامە بیانییەکە.

جیاوازییەکان دەبێت ڕیشەیی بن، وابەستەی ئەرک و مەبەستی بڕوانامەکە بن.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە چەمکی «جیاوازیی ڕیشەیی» بڕوانە:

«E. Stephen Hunt and Sjur Bergan, 2010»



## سەرنج

فەرمانی «EU / 55 / 2013»ـی یەکێتی ئەوروپا؛ فەرمانی «EC / 36 / 2005» کە سەبارەت بە ددانپێدانانی بڕوانامەی پیشەیی «پرۆفێشناڵ»ـە هەموار دەکاتەوە.

لە دۆخی حەوت پیشە «سێکتەرییەکان»ـدا، ئەم فەرمانە ڕێگا بە بەکارهێنانی کرێدیتی «ECTS» دەدات وەک ئامرازێکی سەربار بۆ دیارییکردن و نیشاندانی ماوەی خولێکی تەواو. ئەم پابەندبوونە بۆ دیاریکردنی ماوەی خوێندنەکە لە ڕوویساڵێکی تەواوی ئەکادیمیی و ژمارەی کاتژمێرەکانەوە، بۆ: پزیشک، پەرستار، پزیشکی ددان و مامانەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام بۆ پزیشکانی نەشتەرگەریی ئاژەڵان، دەرمانسازان و ئەندازیارانی بیناسازیی، پابەندبوونەکە تەنها ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی لەخۆ دەگرێت.

بە هەمانشێوە، دەتوانرێت کرێدیتی «ECTS» لە ئاستەکانی «D» و «E» پلەبەندی بڕوانامەکاندا بەکار بهێنرێت کە لە سیستمی گشتییدا بەکارهاتووە و کۆی ئەو پیشانەی یەکێتیی ئەوروپا و ناوچەی ئابووری ئەوروپایی «EEA» لەخۆ دەگرێت کە بە پیشەی ڕێکخراو «Regulated Profession» ناسراوە.

بواری فەرمانەکە فراوان بوو هەتا گەیشت بە ددانپێدانانی ئەو «ماوەی مەشقکردنانەی» کە پێویستن بۆ گەیشتن بە پیشەیەکی ڕێکخراو. دەتوانرێت ماوەی ئەم مەشقانە لە هەر وڵاتێکی یەکێتیی ئەوروپا یاخود ناوچەی ئابووری ئەوروپادا ئەنجام بدرێن و بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی بڕوانامە لە کوێ دەدرێت، بە تەواوەتی ددانی پێدا بنرێت. لە بڕگەی (٢٧)ـدا هاتووە کە «ددانپێدانانی ماوەی مەشقێکی پرۆفێشناڵ، کە لە وڵاتێکی دیکەی ئەندامی ناوچەکە/یەکێتییەکە تەواو کراوە دەبێت لەسەر بنەمای پەسنێکی نووسراوی تێروتەسەلی ئامانجەکانی فێربوون و ئەرکە دیاریکراوەکانی ماوەی مەشقەکە بێت، کە لەلایەن سەرپەرشتیاری ڕاهێنراوەکە لە وڵاتی ئەندامی خانەخوێوە دیاریی دەکرێت». مادەی «55-A» داوا لە دەسەڵاتە پەیوەندییدارەکان دەکات «ڕێبەریی بڵاو بکەنەوە سەبارەت بە ڕێکخستن و ددانپێدانانی ئەو ماوەی مەشقکردنەی لە وڵاتێکی دیکەی ئەندام «یەکێتی ئەوروپا/ ناوچەی ئابووریی ئەوروپا» یاخود لە وڵاتی سێیەم ئەنجام دراوە، لەم ڕێبەرییەدا دەبێت بە تایبەتی باس لە ڕۆڵی سەرپەرشتیاری ڕاهێنانەکە بکات».

لە کۆتاییدا فەرمانە نوێیەکە (چوارچێوەکارییەکی هاوبەش بۆ ڕاهێنان) «common training frameworks» دەناسێنێت، کە لەسەر بنەماکانی: «کۆزانیی و کارامەیی و توانای هاوبەش» بونیاد نراوە، کە پێویستن لە سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنانی لانیکەم یەک لەسەر سێی وڵاتانی ئەندامدا. دەکرێت ئەم مەنهەجانە لە لایەن دەسەڵاتە پەیوەندییدارەکان یاخود ئەو نوێنەرانەوە پێشنیار بکرێت کە لە یەکێتی ئەوروپادا کار دەکەن. ئەمانە دەبێت لە چوارچێوەکاری شیانی ئەوروپایی تایبەت بە بڕوانامە ئاماژەیان پێ کرابێت و ئازادیی تەواوەتییان لە بەکارهێنانی «ECTS»ـدا هەیە.

## ٢.٤ بزوان بە مەبەستی بەدەستهێنانی کرێدیت «Credit mobility»

پێڕەوی کردێدیتی «ECTS» بە مەبەستی ئاسانکردنی بزووتنی خوێندکار لە ماوەی خوێندنی ماوەکورت لەنێوان دامەزراوەکاندا؛ دارێژرا. هەروەک لەم ڕێبەرییەدا ڕوون کراوەتەوە، پێڕەوییەکە پەرەی پێ دراوە و ئێستاکە بە مەبەستی کۆکردنەوەی کرێدیت بەکاردێت، بەڵام هێشتا ڕۆڵێکی گرنگ لە جێگۆڕکێی خوێندکاردا دەبینێت و پرۆسەی گواستنەوە و ددانپێدانانی دەستکەوتەکانی خوێندکار ئاسان دەکات.

لە ناو پێڕەوییەکەدا، ئەم دۆکیومێنتت و بەڵگەنامانەی خوارەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە هەژمارکردن و ددانپێدانانی کرێدیتەکان بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕ دەبینن:

- کەتەلۆگی کۆرس «Course Catalogue».
- ڕێکەوتننامەی فێربوون «Learning Agreement».
- تۆماری نمرەکان «Transcript of Records».
- بڕوانامەی مەشقکردن «Traineeship Certificate».

ئەم بەڵگەنامانە زانیاریی لەسەر ئاکامە بەدەستهاتووەکانی فێربوون لەخۆدەگرن. ئەو دامەزراوەیەی بڕوانامە دەداتە خوێندکار، لەسەر بنەمای ئاکامە بەدەستهاتووەکانی فێربوون بڕیار لەسەر دانپێدانان و گواستنەوەی کرێدیتەکان دەدات. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە بڕوانە بەشی (٧) لە نامیلکەی دانپێدانانی ئەوروپایی بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (٢٠١٤)، کە کۆمەڵێک زانیاریی بەپێزی تێدایە.

سەرنج

**یاسای زێڕینی دانپێدانانی بزوان بە مەبەستی کۆکردنەوەی کرێدیت لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی نێوان دامەزراوەکان:**

کۆی ئەو کرێدیتانەی لە ماوەی خوێندن لە دەرەوە، یان لە خوێندنی دووراودووری ئۆنلایندا «Virtual Learning» بەدەستهاتوون -ئەگەر لە ڕێکەوتننامەی فێربووندا ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت و لەلایەن تۆماری نمرەکانەوە پشتڕاستکرابێتنەوە- دەبێت دەستبەجێ و بێ دواکەوتن بگوازرێنەوە و ددانیان پێدا بنرێت و بێ هیچ ئەرکێک یاخود هەڵسەنگاندنێکی زیادە بۆ بڕوانامەی خوێندکارەکە هەژمار بکرێت.



## ١.٢.٤ پێش وەختی بزوان بە مەبەستی کرێدیت «Before the credit mobility period»

بە مەبەستی ئاسان ڕێکخستنی گواستنەوە و ددانپێدانانی کرێدیتەکان، هەر سێ لایەنی بەشداربوو: خوێندکار، دامەزراوەی ژێدەر، دامەزراوەی خانەخوێ، پێویستە لەسەر پرۆگرامی خوێندن لە دەرەوەی وڵات ڕێک بکەون. بەر لە دەستپێکردنی ماوەی ئاڵوگۆڕکردنەکە، دەبێت تەواوی وردەکارییەکان لە ڕێکەوتننامەی فێربووندا بەرگی یاسایيان بە بەردا بکرێت و واژۆی هەرسێ لایەنەکەی لەسەر بێت. مەبەست لە ڕێکەوتننامەی فێربوون بریتییە لە دووپاتکردنەوەی ددانپێدانان بەو کرێدیتانەی خوێندکار لە ماوەی ئاڵوگۆڕەکەدا بەدەستیان دەهێنێت، واتا جۆرێک لە دڵنیایی دەداتە خوێندکار. دەتوانرێت نموونە و کڵێشەی ڕێکەوتننامەی فێربوون لە پرۆگرامی ئیراسمەس پڵەس «Erasmus+»ـدا ببینرێت. بە هەمانشێوە، پرۆگرامەکە ڕێنمایی دامەزراوەکان دەکات سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی کڵێشەکان و وادەی تایبەت دیاریی دەکات کە پێویستە دامەزراوەکان پێوەی پابەند بن.

لە کاتی هەڵبژاردنی ئەو پێکهاتە پەروەردەییانە کە پێویستە خوێندکار لە ماوەی ئاڵوگۆڕەکەدا تەواویان بکات، نابێت بڕیاردان لەسەر بنەمای لێکچوون و هاوتاییان لەگەڵ تاکە پێکهاتەی پەروەردەیی ناو دامەزراوە ژێدەرەکەدا بێت. لە بری ئەمە، پێویستە گونجان و لێکچوون لە نێوان ئاکامەکانی فێربوون لەبەرچاو بگیرێت و بنەمای سەرەکی بڕیاردان بێت. بە واتایەکی دیکە، دەبێت ئاکامەکانی فێربوونی تەواوی ئەو پرۆگرامی خوێندنەی خوێندکار لە دەرەوە دەیخوێنێت، ساز و گونجاو بێت، یاخود تەواوکەری ئاکامەکانی فێربوونی ئەو خوێندنە بێت کە خوێندکار لە زانکۆکەی خۆی بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە دەیخوێنێت. بەم شێوازە، کرێدیتە بەدەستهاتووەکانی دامەزراوەی خانەخوێ بە ئاسانیی و بە گونجاویی دەبنە جێگرەوەی کرێدیتە هاوتاکانی پرۆگرامی خوێندنیی دامەزراوەی ژێدەر. بەهەمانشێوە، دەکرێت کۆی ماوەی ئاڵوگۆڕەکە تۆمار بکرێت، نەک یەکبەیەکی پێکهاتەکان.

لە ڕێکەوتننامەی فێربووندا، دەبێت ئەو پێکهاتە پەروەردەییە گونجاوانە دیاریی بکرێن کە پێویستە خوێندکار لە دامەزراوەی خانەخوێ بیانخوێنێت و چۆنێتی تێکهەڵکێشکردنی ئەم پێکهاتانە لەگەڵ خوێندنی دامەزراوەی ژێدەر ڕوون بکرێنەوە. دەبێت ژمارەی ئەو کرێدیتانەی خوێندکار لە دەرەوە بەدەستیان دەهێنێت گونجاو و هاوڕێژە بن لەگەڵ کاتی خوێندنەکەیدا. وا چاوەڕوان دەکرێت هەر خوێندکارێک، بۆ ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی، بە ئەندازەی (٦٠) کرێدیتی «ECTS» بابەت بخوێنێت.

دامەزراوەی خانەخوێ پابەندە بە تۆمارکردنی خوێندکارە میوانەکە لە ناو ئەو کۆرس و پێکهاتە پەروەردەییانەی لە ڕێکەوتننامەکەدا پلانیان بۆ دارێژراوە و دەبێت دڵنیایی بدات لەوەی خوێندکار، لە ماوەی ئاڵوگۆڕەکەدا، هەمان بابەت دەخوێنێت.

هەرکاتێک ڕێکەوتننامەی فێربوون لە لایەن هەرسێ لایەنەکەوە واژۆ کرا، دەتوانرێت دواتر -ئەگەر پێویست بوو- بە ڕەزامەندیی هەر سێ لایەنەکە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت.

**سەرنج**

تەرزە نوێیەکانی فێربوون، کە پشتئەستوورن بە تەکنەلۆجیای زانیاریی و پەیوەندییکردن «ICT-enabled learning»، ڕێگا بە خوێندکاران دەدات دەستیان بە جۆرە کۆرسێک بگات، کە لە دەرەوەی دامەزراوەکەی خۆیان دەوترێتەوە «خوێندنی ئۆنلاین:Virtual Learning ». لەم دۆخەدا پێویستە بە ڕوونی ڕاوێژ و ڕێنمایی ئەکادیمیی پێشکەش بە خوێندکارەکە بکرێت و ڕێکەوتننامەیەکی فێربوونیش لەنێوان دامەزراوەی ژێدەر و خوێندکارەکەدا واژۆ بکرێت.

لە بارەی پرۆگرامی خوێندنی پێکڤەیی «joint programmes»، دامەزراوەکان ئەو پلانە جێبەجێ دەکەن کە لە نێوان خۆیاندا لەسەری ڕێککەوتوون، کە یاسای ددانپێدانانی کرێدیتەکانیش لەخۆ دەگرێت. پرۆگرامی خوێندنی پێکڤەیی پێویست بە بەکارهێنانی ڕێکەوتننامەی فێربوون ناکات: ئەگەر هەموو مەرج و یاسا پەسەندکراوەکان وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن، ئەوا بە شێوازێکی ئۆتۆماتیکی ددان بەو کرێدیتانەدا دەنرێت کە خوێندکار لە زانکۆ هاوبەشەکەوە بەدەستی هێناون. وێڕای ئەمانە، پێویستە ڕێچکەی فێربوونی پلان بۆداڕێژراو ڕوون بێت و ڕێکەوتننامەی فێربوونیش کردەیەکی باش دەبێت.



## ٢.٢.٤ پاش وەختی بزوان بە مەبەستی کرێدیت
## «After the credit mobility period»

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی خوێندکار لە دامەزراوەی خانەخوێدا، پێویستە دامەزراوەی خانەخوێ لە ماوەیەکی کەمدا «ئەو ماوەیەی لەسەری ڕێککەوتوون» تۆماری نمرەکانی خوێندکار بداتە دامەزراوەی ژێدەر و خو ێند کا ر ە کە .

پاش ئەوەی خوێندکارەکە سەرکەوتووانە ئەو پێکهاتە پەروردەییانە لە زانکۆی خانەخوێ تەواو دەکات کە لە ڕێکەوتننامەی فێربووندا ئاماژەی پێدراوە، پاش ئەوەش کە تۆماری نمرەکانی زانکۆی خانەخوێ ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە خوێندکارەکە تەواوی بابەتەکانی تەواو کردووە، دەبێت زانکۆی ژێدەر بە تەواوەتیی ددان بە ژمارەی ئەو کرێدیتانەدا بنێت کە خوێندکارەکە لە دەرەوە بە دەستی هێناون و بیانگوازێتەوە بۆ سەر پرۆگرامی خوێندنی خوێندکارەکە و بەکاریان بهێنێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پێدانی بڕوانامە.

وێڕای ئەمانە، دەبێت دامەزراوەی ژێدەر ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە چۆن ئەو بابەتانەی خوێندکار لە دەرەوە خوێندوونی ئاوێتەی کۆرس و خوێندنی ناوخۆی زانکۆکە کراون. لە کوێدا پێویست بوو، دەبێت نمرەکانی خوێندکار بگۆڕێن و هاوتا بکرێن «converted»، «بڕوانە بەشی ٣ و ٤». دەبێت تەواوی ئەم زانیارییانە لەسەر بەڵگەنامەی تۆماری نمرەکان «یان بەڵگەنامەیەک/داتابەیسێکی هاوتا» تۆمار بکرێن و بۆ خوێندکار بەردەست بن.

لە دۆخێکدا، ئەگەر خوێندکارەکان نەیانتوانی بە سەرکەوتوویی کۆی پێکهاتە پەروەردەییەکان لە زانکۆی خانەخوێ تەواو بکەن، دەبێت ڕێکارە دامەزراوەییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهاتە پەروەردەییەکان بە ڕوونی دیاریی بکرێن و خوێندکاران لەم ڕێکارانە ئاگادار بکرێنەوە.

هاوپێچی بڕوانامە «Diploma supplement» بۆ ئەوە دانراوە هەتا دەرچووان بتوانن تۆمارێکی تیواری دەستکەوتەکانیان لابێت. ئەو بابەتانەی بە سەرکەوتوویی لە دەرەوەی وڵات تەواو دەکرێن لە تۆماری نمرەکاندا دەنووسرێن، کە پاشان لەگەڵ بڕوانامەدا هاوپێچ دەکرێن. دەبێت ناونیشانی بنەڕەتیی و ڕەسەنی پێکهاتە پەروەردەییەکان لە تۆماری نمرەکاندا هەبن «یاخود وەربگێڕێن بۆ ئەو زمانەی هاوپێچی بڕوانامەکەی پێ دەرچووە»، هاوشانی ئەمانە؛ دەبێت ناوی ئەو دامەزراوەیە دیاریی بکرێت کە بابەتەکانی لێ خوێندراوە و تەواوی ئەو نمرە و کرێدیتانە بنووسرێن کە لە ئەنجامی تەواوکردنی بابەتەکاندا بە خوێندکار دراوە. لە دۆخی بەسەربردنی ماوەی مەشقکردن «work placement» لە دەرەوەی وڵات، دەبێت گواستنەوەی یەکەکان لە بڕوانامەی ماوەی مەشقکردن «work placement certificate» و هاوپێچی بڕوانامە، یاخود لە بەڵگەنامەی ئاڵوگۆڕی یۆرۆپاسدا «Europass Mobility Document» تۆمار بکرێن. لە ماوەی مەشقکردنی تازەدەرچوواندا، جەختکارانە پێشنیار دەکرێت کە بەڵگەنامەی یۆرۆپاس بەکار بهێنرێت، چونکە ماوەی مەشقکردنەکە لە دوای دەرچوونیان دەستپێدەکات و ئەو بەڵگەنامانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە پێویست نین.

### ٣.٢.٤ یاسا و ڕێنمایی دامەزراوەکان «Institutional rules and regulations»

ئەزموونەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەم کردە باشانەی خوارەوە پرۆسەی بەڕێوەبردنی گواستنەوە و دداننپێدانانی کرێدیتەکان ئاسانتر دەکەن.

#### پابەندبوونی دامەزراوەیی «Institutional commitment»

پێویستە یاسای دامەزراوەیی تایبەت دابنرێت بە مەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ دداننپێدانانی ئەزموونە جیاوازەکانی دیکەی خوێندن، ئەوەش بۆ ئەوەی ئاسایی بێت خوێندکار لە ڕێگای شێوازی جیاوازی ئاڵوگۆڕ لە نێویاندا فێرخوازی ئازاد «Free Mover»، ئەزموونی کار، فێربوونی ئۆنلاین، خوێندنی ناپێڕەوبەند و خوێندنی پێشین کرێدیت کۆبکاتەوە و، ئەم کرێدیتانەش بە ئاسانیی بگوازرێنەوە.

ئەرکی دامەزراوەکەیە بە ڕوونیی بەرپرسیارێتییەکانی بۆ جێبەجێکردن و چاودێرییکردنی ئاڵوگۆڕی کرێدیتەکان دیاریی بکات، دڵنیاش بێتەوە لە تیواریی و دادپەروەریی ڕێکارەکانی پێشکەشکردن و پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئاڵوگۆڕی یەکەکان. لە هەمانکاتدا دەبێت ڕێوشوێنی تایبەت بە تانەدان لە دامەزراوەکە هەبێت. لێرەدا پێویستە ئەندامێکی دەستە لە هەر بەش و بوارێکدا دابنرێت و بە فەرمیی چەند دەسەڵاتێکی پێ بدرێت: یەکەم، دەبێت بتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکاراندا بکات سەبارەت بە بابەتی خوێندن لە دەرەوە. دووەم، دەبێت دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بەر لە دەستپێکردنی ماوەی ئاڵوگۆڕەکە، واژۆی ڕێکەوتننامەی فێربوون بکات. سێیەم، دەبێت دەسەڵاتی واژۆکردنی تۆماری نمرەکانی هەبێت کە لە پاش تەواوبوونی ماوەی ئاڵوگۆڕەکە دەردەچێت«٤». نابێت داوا لە تاکەکان بکرێت دانوستان و گفتوگۆ بکەن لەسەر بابەتی دداننپێدانانی ئەکادیمیی لەگەڵ ئەو ئەندام و لیژنانەی دەسەڵاتی دداننپێدانانیان نییە. وێڕای ئەمە، نابێت پاش گەڕانەوەی خوێندکار داوای تاقیکردنەوە و کاری زیاتری لێ بکرێت.

«٤» پرۆگرامی ئیراسمەس پڵەس (Erasmus+ ) کلێشەی ڕێکەوتنی فێربوون بەردەست دەخات، کە تیایدا خەسڵەتی کەسە پەرپرسەکانی بەم شێوازەی خوارەوە دیاری کردووە: «کەسی بەرپرس لە زانکۆی ژێدەر: کەسێکی ئەکادیمییە، کە کۆمەڵێک دەسەڵاتی هەیە. دەتوانێت پرۆگرامی بزوانی خوێندکار پەسەند بکات و، لە کاتی پێویستدا هەمواری بکات، لەبری دامەزراوەکە گەرەنتی دداننپێدانانی تەواوەتی ئەم پرۆگرامانە بکات.کەسی بەرپرس لە زانکۆی خانەخوێ: کەسێکی ئەکادیمییە، کە دەسەڵاتی پەسەندکردنی پرۆگرامی بزوانی خوێندکاری هاتووی هەیە و، پابەندە بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی ئەکادیمی بۆیان بە درێژایی خوێندنەکە لە دامەزراوەی خانەخوێ».



#### پرۆسەی هەڵبژاردنی دامەزراوە هاوبەشەکان «Selection of partner institutions»

وا پێشنیار دەکرێت ڕێکەوتننامەی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەو دامەزراوانەدا بکرێت کە ئەم خەسڵەتانەی خوارەوەیان تێدابێت:

— پەسنێکی تیوار و ڕوونی تەواوی پرۆگرام و ئاکامەکانی فێربوون و کرێدیتەکان و شێوازەکانی فێربوون و وانەوتنەوە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکەی بخاتە ڕوو.

- دەبێت کۆی ڕێکارەکانی فێربوون و وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکە لای دامەزراوەی ژێدەر پەسەندکراو بێت، هەتا داوا لە خوێندکارەکە نەکرێت هیچ کارێک یان تاقیکردنەوەیەکی زیاتر ئەنجام بدات.

- بە گوێرەی پێڕەوی نیشتمانی خۆیان بە پرۆسەی دڵنیایی جۆرییدا تێپەڕ بووبن و دەرچووبن.

ڕەنگە ڕێکەوتننامە تەنها لەگەڵ ئەو دامەزراوانەدا نەکرێت کە پرۆگرامی هاوشێوە پێشکەش دەکەن، بەڵکو دەکرێت لەگەڵ ئەو دامەزراوانەشدا بکرێت کە پرۆگرامی خوێندنی تەواوکاریی دەستەبەر دەکەن.

#### تێهەڵکێشانی بزوان بە مەبەستی کۆکردنەوەی کرێدیت لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندندا «Integration of credit mobility into programmes»

ڕەچاوکردنی پرۆسەی بزوان بە مەبەستی کۆکردنەوەی کرێدیت لە ناو مەنهەجدا پرۆسەی دداننپێدانان ئاسانتر دەکات. دامەزراوەکان دەتوانن ئەم کارانە بکەن:

- وەرزێک یاخود ساڵێک دیاریی بکەن، کە تیایدا ماوەی خوێندن لە دەرەوە بە باشترین شێوە لەگەڵ پرۆگرامەکەدا دەگونجێت «دەرفەتی بزوان».

— دانانی خشتەیەک لە ماوەی خوێندنەکەدا کە ئاکامەکانی فێربوون لە پێکهاتەیەکی پەروەردەییدا بە ئاسانی بە دەست بهێنرێت: «کۆرسی نێودەوڵەتی/بەراوردکارییانە، کۆرسی تەواوکەر/هەڵبژێراو «Elective»، ئامادەسازی بۆ نووسینی نامە/توێژینەوە، خولی فێربوونی زمان، ماوەی ڕاهێنان».

— ئەو هاوبەشانە دیاریی بکەن کە ئاکامی فێربوونی هاوبەش یاخود تەواوکارییان هەیە.

**سەرنج**

لە چوارچێوەی پرۆگرامی ئیراسمەس پڵەسدا (Erasmus+ ) چەند ڕاگەیاندننامەیەک هەن وەک ڕاگەیاندننامەی ئیراسمەس «پابەندبوونی دامەزراوەیی»، ڕاگەیاندننامەی کواڵێتی ئەوروپایی بۆ بزوان، ڕاگەیاندننامەی خوێندکارانی ئیراسمەس «ڕێسای ئەوروپایی بۆ کردەی باش-تایبەت بە خوێندکارانی ئیراسمەس پڵەس»، کۆی ئەمانە چوارچێوەیەک دیاریی دەکەن بۆ ڕێکخستنی بزوان بە مەبەستی کرێدیت و پرۆسەی دداننپێدانان.

## ٣.٤ دابەشکردنی نمرەکان «Grade distribution»

بەهۆی جیاوازی نەریتی کولتووریی و ئەکادیمیی لە کیشوەری ئەوروپادا، سیستەمی پەروەردەی ئەوروپایی تەنها پێوەری نمرەدانانی نیشتمانیی جیاوازیان پەرە پێ نەداوە، بەڵکو شێوازی هەمەجۆری بەکارهێنانی ئەم پێوەرانەیان لە کایە و دامەزراوە جیاوازەکانی هەمان وڵاتدا فەراهەم کردووە. زۆر گرنگە پەی بەم جیاوازییانە ببرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستە ئەم جیاوازییانە بە شێوازێکی تیوار لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا بخرێنە ڕوو، ئەمەش بە مەبەستی باش تێگەیشتن و درووست بەراوردکردنی ئەو نمرانەی لە تەواوی وڵاتان و کایە و دامەزراوەکانی ناوچەکەدا دەدرێنە خوێندکار.

لە کاتی گواستنەوەی کرێدیتەکانیان لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر، خوێندکارانی گەڕۆک ئەو مافەیان هەیە مامەڵەیەکی تیوار و دادپەروەرانە لەگەڵ نمرەکانیاندا بکرێت، چونکە لەوانەیە دەستگەیشتن بە خوێندنی باڵاتر و بەخشین و خزمەتگوزارییەکانی دیکە، بە تەواوەتی وابەستەی ئاستی ئەدا «Performance»ـی خوێندکارەکە بێت. بەهەمانشێوە تیواریی بۆ ئاستی ئەدای دەرچووان گرنگە، بەتایبەتی لەو کاتەی داوای کار دەکەن لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات.

بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی تیوار و ڕێکوپێک سەبارەت بە ئاستی توانای خوێندکارەکان، هەر یەک لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دەبێت پێوەری «Scale» نیشتمانیی و دامەزراوەیی و چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەم پێوەرانە دەستەبەر بکەن، سەرباری ئەمە، دابەشکارییەکی ئاماریی نمرەی دەرچوونی ئەو پرۆگرام و کایەیە بخەنە بەردەست «خشتەی دابەشکردنی نمرەکان»؛ کە تیایدا چۆنێتیی بەکارهێنانی پێوەری نمرەدانان ڕوون دەکرێتەوە لەو پرۆگرامەی خوێندکارەکە دەیخوێنێت. یەکەمجار خشتەی دابەشکردنی نمرەکان لە ڕێبەری بەکارهێنەرانی «ECTS»ـی ساڵی ٢٠٠٩دا ناسێنرا، بووە جێگرەوەی پێوەری نمرەدانانی پێشووی «ECTS»، کە بریتیی بوو لە: «A, B, C, D, E»، بەڵام ئێستاکە ئەم پێوەرە ئەلفبێییە چیتر بەکار نایەت.

لێرەدا گرنگە پەی بەم خاڵە ببرێت. تەنانەت ئەگەر گواستنەوەی نمرەکانی خوێندکار بەشێک نەبێت لە نەریتی ئەکادیمی دامەزراوەی خانەخوێ «واتا پێویست نەکات نمرەی خوێندکارەکە لە دامەزراوەی ژێدەرەوە بۆ دامەزراوەی خانەخوێ بگوازرێتەوە» خشتەی دابەشکردنی نمرەکان بایەخی خۆی لە دەست نادات، چونکە ئاسانکاریی دەکات بۆ دەستەبەری مامەڵەکردنی دادپەروەرانە لەگەڵ خوێندکاردا کاتێك بۆ دامەزراوەی ژێدەر/وڵاتی خۆی دەگەڕێتەوە.

کارێکی باشە ئەگەر لیژنەی تاقیکردنەوە زانیاریی و داتای ئاماریی وردیان لابێت سەبارەت بە شێوازی نمرەدانان لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا، ئەم کردەیە پرۆسەی نمرەدانان تیوارتر دەکات و تەواوی ئەو جیاوازیی و دژیەکانە دەردەخات کە دەکرێت ئاماژە بن بۆ هەبوونی کێشە لە نمرەداناندا.



ئەو دامەزراوە هاوبەشانەی پرۆگرامی خوێندنی پێکڤەیی پێشکەش دەکەن، دەبێت یەکەمجار لەسەر چۆنێتیی نمرەپێدان و بابەتی گواستنەوەی نمرەکان ڕێک بکەون.

خشتەی دابەشکردنی نمرەکان چۆنێتیی بەکارهێنانی پێوەرە نیشتمانیی و دامەزراوەییە بەرکارەکان لە دامەزراوەکاندا ڕوون دەکاتەوە، دەکرێت دامەزراوەکە شێوازی کراوە «Open Access» یاخود شێوازی هەڵبژاردە «Selective» پێڕەو بکات، لە هەمانکاتدا خشتەکە ڕێگا بە پرۆسەی بەراوردکردن دەدات لەگەڵ خشتەی دابەشکردنی نمرەکانی گرووپی بەراوردکاریی «Reference Group» لە دامەزراوەیەکی دیکەدا.

ئەو خشتەیە بریتییە لە دابەشکردنێکی ئامارییانەی نمرە ئەرێنییەکان «نمرەی دەرچوون بەرەو سەرەوە» لە کایە و دامەزراوە جیاوازەکاندا. زۆر گرنگە زانیاریی زیاتر سەبارەت بە ڕێژەی دەرچوون لە هەمان ئاستی گرووپدا دەستەبەر بکرێت، بەڵام نابێت بە مەبەستی گواستنەوە بە کا ر بهێنر ێت .

دەبێت خشتەی دابەشکردنی نمرەکان بە شێوازێکی ستاندارد بۆ خوێندکاری گرووپی بەراوردکاریی دابڕێژرێت کە لە هەمان کایەدا بەشداریی پرۆگرامی خوێندنیان کردووە. پێویستە ئەم گرووپانە قەبارەیەکی پشتپێبەستراویان هەبێت، واتا دەبێت بەپێی ژمارەی خوێندکار و ژمارەی ساڵەکانی خوێندن دابەش بکرێن.

---

زۆربەی دامەزراوەکان لەسەر ئاستێکی ناوەندیی کرداری هەژمارکردنی خشتەی دابەشکردنی نمرەکان ئەنجام دەدەن. درووستکردنی خشتەکانی دابەشکردنی نمرەکان نابێت بارگرانی لەسەر شانی هیچ دامەزراوەیەک درووست بکەن، چونکە داتا پێویستەکان پێشتر لە سیستەمی زانیاریی دامەزراوەکەدا هەن و هەژمارکردنی ڕێژە سەدییەکان دەتوانرێت بە ئاسانی لەڕێگەی سۆفتوێری سادەوە ئەنجام بدرێت. کۆی پرۆسەکە، پێویستی بەم وردە هەنگاوانەی خوارەوەیە:

---

١- بە بەکارهێنانی پێوەری تیوار و بابەتیی، گرووپی بەراوردکاریی ناو دامەزراوەکەت دیاریی بکە، کە دەبێت پاشتر هاوپێچی خشتە درووستکراوەکانی دابەشکردنی نمرەی بکەیت. لە دۆخی نەبوونی شێوازێک کە لەسەر بنەمای بەراوردکردنی ئاکامەکانی فێربوون بونیاد نرابێت، وا پێشنیار دەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ بەکارهێنانی پۆلێنکاریی «ISCED-F»، کە پۆلێنێکی پلەبەند و ستانداردی کایە و بوارە جیاوازەکانی خوێندن دەخاتە ڕوو. بۆ ئەوەی بتوانیت گرووپی بەراوردکاریی هێندە گەورەت هەبێت، کە بە ئاسانیی بتوانیت بەراوردکاریی ئاماریی ئەنجام بدەیت، وا پێشنیار دەکەین کۆدی «ISCED» لەسەر ئاستی (ورد) «UNESCO 2014» بەکار بهێنیت.

٢- ژمارەی ڕووتی نمرەی دەرچوونی هەر گرووپێکی بەراوردکاریی دوو ساڵی ڕابردووی دامەزراوەکەت هەژمار بکە. پێویستە لە بیرمان بێت کە زانیاری سەبارەت بەڕێژەی دەرچوون بەشێوەیەکی گشتی دەستەبەربکرێت، بەڵام لەم هەژمارکردنەدا دەستەبەر ناکرێت.

٣- بە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدیی بۆ نمرەی دەرچوونی گرووپە بەراوردکارییەکە هەژماری دابەشکردنی نمرەکان بکە، لە پاشاندا ڕێژەی دەرچوونی کۆی خوێندکارانت بۆ دەردەچێت. لە دەرەنجامی کۆی پرۆسەکە، خشتەیەکی دابەشکردنی نمرە درووست دەبێت کە تیایدا ڕێژەی سەدیی و ڕێژەی دەرچوونی کۆی خوێندکارانی هەر گرووپێکی لەسەرە.

ئەم خشتەیە نموونەیەکی ڕاڤەکاریی خشتەی نمرەکانە

| ڕێژەی سەدیی کۆی گشتیی نمرەی دەرچوون | ڕێژەی سەدیی هەر نمرەیەک پەیوەستە بە کۆی گشتیی نمرەی دەرچوون | ژمارەی نمرەی دەرچوون کە دەژمێردرێت بۆ گروپی بەراوردکاری | نمرەی بەکارهێنراو لە دامەزراوەکەدا (لە بەرزترین نمرەی دەرچوونەوە بۆ نزمترین) |
|---|---|---|---|
| 5% | 5% | 50 | 10 |
| 15% | 10% | 100 | 9 |
| 50% | 35% | 350 | 8 |
| 80% | 30% | 300 | 7 |
| 100% | 20% | 200 | 6 |
| | 100% | 1,000 | Total: |

کاتێک خشتەکەت هاوپێچی تۆماری نمرەکان و هاوپێچی بڕوانامە دەکرێت، تێگەیشتن لە تەواوی نمرەکان ئاسان دەکات، بە جۆرێک کە پێویست بە کردەی هەژمارکردنی زیاتر نەکات. پڕۆژەی سیستەمی ئەوروپایی بۆ گۆڕینی نمرە «EGRACONS» چەند نموونەیەک نیشان دەدات بۆ دەرخستنی خشتەی نمرەکان.



## ٤.٤ گۆڕینی نمرەکان «Grade Conversion»

کاتێک دامەزراوەیەک بڕیار دەدات نمرەی خوێندکارێکی گەڕۆک بگوازێتەوە، ئەو کەسە ئەکادیمییەی بەرپرسە لە گواستنەوەی کرێدیتەکان، دەبێت هەستێت بە بەراوردکردنی خشتەی دابەشکردنی گرووپی بەراوردکاریی خوێندکارەکە لەگەڵ ئەو خشتەیەی لە لایەن دامەزراوەیەکی دیکەوە، بۆ گرووپێکی بەراوردکاریی هاوتەریب، دروستکراوە. دەبێت شوێنی هەر نمرەیەکی ناو دوو خشتەکە بەراورد بکرێن و لەسەر بنەمای ئەم بەراوردکارییە نمرەکان دەگۆڕێن.

بە شێوەیەکی ئاسایی، مەودای سەدیی نمرەکان بەیەکدا دەچن. لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەم کردەیە بریتییە لە بەدیهێنانی بنەمای تیواریی، دەبێت دامەزراوەی خانەخوێ پێشتر بڕیار بدات ئایا کەمترین ڕێژە یاخود ڕێژەی مامناوەند یان بەرزترین ڕێژەی مەودای نمرە بەیەکداچووەکان پەسەند دەکەن.

لە پاشکۆی (٢)دا نموونە سەبارەت بە چۆنێتی گۆڕینی نمرەکان خراوەتەڕوو.

5

# کرێدیتی ECTS و
# فێربوونی درێژخایەن



# کرێدیتی «ECTS» و فێربوونی درێژخایەن «lifelong»

**لەم بەشەدا باس لە ڕۆڵی کرێدیتی «ECTS» لە فێربوونی درێژخایەن و دەرفەتی خوێندنی کراوە و ددانپێدانانی فێربوون و ئەزموونی پێشیندا دەکرێت.**

## ٠ ١ ٥ فێربوونی درێژخایەن – دەرفەتی فێربوونی کراوە
## «Lifelong learning – open learning opportunities»

کایەی خوێندنی باڵا لە گۆڕاندایە، واتا گۆڕانکارییەکانی ناو کایەکە خێرا ڕوودەدەن و بە بەردەوامیی تەرزی گونجاو و نوێی خوێندن پەرەی پێ دەدرێت وەک فێربوونی ئاوێتە، شێوازی تازەی فێربوونی کراوەی ئۆنلاین، کراوەخولی ئۆنلاینی هەراو (فراوان) «MOOCs»، سەرچاوەی پەروەردەی کراوە، فێربوون لەسەر بنەمای کار، فێربوونی خود-ئاڕاستەیی، ڕێچکەی فێربوونی تایبەت بە تاک و پێشڤەچوونی پیشەیی بەردەوام «بڕوانە بەشی ٣». ژمارەی ئەو فێرخوازانەی ڕێچکەی فێربوونی سەربەخۆیان گرتۆتەبەر ڕوو لە زیادبوونە، ئەم جۆرە فێرخوازانە ئەو فێرخوازانەن کە بەدوای بەدەستهێنانی هیچ جۆرە بڕوانامەیەکی دیاریکراوەوە نیین. هەنووکە؛ ئەرکی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا زیادی کردووە و دەبێت پێداویستیی تەواوی گرووپە جیاوازەکانی خوێندکاران و فێرخوازان پڕ بکەنەوە و ڕێچکەی فێربوونی تایبەت فەراهەم بکەن. زۆربەی ئەم تەرزە نوێیانەی فێربوون، بابەتە پەروەردەییەکانیان بە شێوازێکی داهێنەرانە و نوێ و بە یارمەتی تەکنەلۆجیای نوێ و سەرچاوەی پەروەردەیی کراوە، پێشکەش دەکەن.

خاڵی بەهێزی «ECTS» لەوەدایە دەتوانرێت لە سەرتاپای نێوکۆییەکانی فێربوونی درێژخایەندا بەکار بێت و هەمان بنەماش بۆ دابەشکردن و بەخشین و کۆکردنەوە و گواستنەوەی کرێدیتەکان بەکار دێت بێ ڕەچاوکردنی تەرزی خوێندنەکە. هاوشێوەی تەرخانکردنی کرێدیت بۆ بەشەکانی پڕۆگرامێکی خوێندن؛ بە شێوەیەکی گشتیی دەبێت پرۆسەی تەرخانکردنی کرێدیت بۆ فێربوونی درێژخایەن و فێربوونی کراوە لەسەر بنەمای ئەو کۆششە بێت کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون. کۆی ئەو دامەزراوانەی خوێندنی کراوە دەستەبەر دەکەن پێویستە هەمان ئەو ڕێوشوێنانە بگرنە بەر کە دامەزراوە فەرمییەکانی خوێندنی باڵا لە ڕووی دڵنیایی جۆرییەوە پەسەندی کردوون و پێڕەوی دەکەن لە بەکارهێنانی «ECTS» و میکانیزمەکانی تیواریی کە لەم ڕێبەرەدا هاتووە.

ئەمەش بە شێوەیەکی باش کارئاسانیی دەکات بۆ گواستنەوە لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی فێربوون و ددانپێدانان و گواستنەوە کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی متمانەی فێرخواز و خاوەن بەرژەوەندییەکان بە ئاکامەکانی فێربوونی کراوەدا.



**سەرنج**

پێشڤەچوونی پیشەیی بەردەوام «Continuing Professional Development-CPD» بنەمایەکی گرنگە بۆ ئەو کەسانەی لە بواری پیشەی ڕێکخراودا «regulated professions» کار دەکەن. گرنگیی ئەم بوارە زیاتر لە بواری چاودێریی تەندرووستییدا دەردەکەوێت و زەق دەبێتەوە. پێشڤەچوونی پیشەیی بەردەوام ڕەهەندێکی گرنگی نێودەوڵەتیی هەیە. ئەگەر خۆویستانە بێت یاخود بە شێوەیەکی ناچاریی، پێشڤەچوونی پیشەیی بەردەوام وەک تەرزێکی فێربوونی درێژخایەن تەماشا دەکرێت و شێوازی پێڕەوبەند و نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند لەخۆ دەگرێت. دەکرێت هەندێک بنەمای «CPD» بگۆڕێت بۆ بڕوانامەی بازنەی دووەم «ماستەر» یاخود بۆ دکتۆرایەکی پیشەیی «بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی یاسادانانی نیشتمانیی»، بەڵام «CPD» وەک کردەی پیشەیەکی ڕووت ئەم خەسڵەتانەی هەیە: دەکرێت خۆبەڕێوەبەر بێت و لەلایەن پرۆسەی خۆهەڵسەنگاندنی هاوەڵانەوە هەڵبسەنگێنرێت. بە ڕەچاوکردنی دامەزراندن، مافی بەردەوام بۆ کارکردن، پاراستنی ستانداردەکانی کارکردنی پیشەیی و پاراستنی خەڵک و سەلامەتیی نەخۆش «لە پیشەی چاودێریی تەندرووستییدا»، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئێجگار گرنگە بەدەستهێنانی «CPD» لەلایەن دەسەڵاتێکی ددانپێدانراو/ ڕێگەپێدراوەوە پشتڕاست بکرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

چۆنێتی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە هێشتا جێگای مشتومڕە لەناو کۆمەڵگای «CPD»ـدا. هەردوو پێڕەوی «ECTS» و «ECVET» دەکرێت سوودیان لێ ببینرێت، چونکە دەتوانرێت «CPD» لە تەواوی هەشت ئاستەکەی «EQF» دابنرێت بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام هێشتا خاڵی هاوبەشی «ECTS» و «ECVET» بەشی پێویست نییە و کولتووری جیاواز لە پیشە جیاوازەکاندا هەن. گفتوگۆکان سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان پێڕەوە جیاوازەکانی کرێدیت لە ئەوروپادا بەردەوامن، هیوا دەخوازین ئەم گفتوگۆیانە ڕوونکاریی زیاتر فەراهەم بکەن سەبارەت بە بەکارهێنانی کرێدیت بۆ «CPD». لەم باس و خواسەدا، ئەو دامەزراوانەی «CPD» لە ئاستی (٥-٨)ـی «EQF» فەراهەم دەکەن، وا باشترە بیر لە بەکارهێنان و گونجاویی «ECTS» بکەنەوە لە بەدیهێنانی بنەمای تیواریی، ددانپێدانان، کۆکردنەوە و گواستنەوە و هەمان مێتۆد بەکاربهێنن کە لەم ڕێبەرییەدا باسکراوە.

کرێدیت دەدرێت بە هەموو فۆرمەکانی خوێندنی باڵا کە خوێندنی بەردەوام و پیشەییش دەگرێتەوە، دەکرێت ددانی پێدا بنرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دیکە، یان ددانی پێدا نەنرێت لەسەر بنەمای خواستەکانی خوێندکار و پێداویستییەکانی بڕوانامەکە. هەندێک لە فێرخوازانی سەربەخۆ ڕەنگە تەنها خولیای ئەوە بن کە بەشدار بن لە پێکهاتەیەکی پەروەردەیی بە بێ ئەوەی بیانەوێت بڕوانامە بەدەست بهێنن، بەڵام تەرخانکردنی کرێدیت و تۆمارکردنی ڕەنگە ڕێگەیان پێ بدات لە داهاتوودا ئەگەر بیانەوێت ئەم بڕوانامانە بەکار بهێنن.

دۆکیومێنتکردنی هەموو دەستکەوتەکانی فێربوون و بڕوانامە بە پێدانی بڕێکی گونجاو لە کرێدیتی «ECTS» کارئاسانیی لە ئاستەکانی فێربووندا دەکات، ئەم جۆرە فێربوونە ددانی پێدا بنرێت بە شێوەیەکی تیوار و پشتڕاستکراوە، کە ڕەنگە ئەم کرێدیتانە لە بڕوانامەکانی داهاتوودا بەکار بهێنرێت. ئامرازەکانی پشتڕاستکردنەوە و ددانپێدانان لە خوێندنی پێڕەوبەند پێویستە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ هەموو ژینگەیەکی پەروەردەیی فرەچەشن و گونجاو بە ددانان بە فۆرمە نوێیەکانی خوێندنی کراوە کە بە هۆی تەکنەلۆجیاوە بەردەستن. ڕاست بەکارهێنانی «ECTS» بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم پێواژۆیە ئاسان و باشتر دەکات.

### ٠ ٢ ٥ ددانپێدانانی فێربوون و ئەزموونی پێشین «Recognition of prior learning and experience»

دەبێت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا توانای ئەوەیان هەبێت کرێدیت بدەنە ئەو ئاکامی فێربوونانەی فێرخواز لە دەرەوەی ژینگەیەکی پێڕەوبەندی خوێندندا بەدەستی هێناون، بۆ نموونە لە ڕێگای ئەزموونی کار، کاری خۆبەخشانە، بەشدارییکردنی خوێندکار، یاخود خوێندنی سەربەخۆ؛ بەو مەرجەی ئەم ئاکامانە ببنە بەشێک لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بڕوانامە و بابەتەکانی فێرخواز. پاش پرۆسەی ددانپێدانانی ئەو ئاکامانەی لە ژینگەیەکی نیمچەپێڕەوبەند یا ناپێڕەوبەنددا بەدەست هاتوون، دەستبەجێ دەبێت دامەزراوەکان کرێدیتی «ECTS» ببەخشن لە بەرانبەر ئەم ئاکامانەدا، ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە ژمارەی ئەو کرێدیتانەی دەدرێن دەبێت هاوشێوەی ئەو کرێدیتانە بێت کە تەرخانکراوە بۆ پێکهاتەی پەروەردەیی پێڕەوبەند کە ئاکامی پەروەردەیی هاوشێوەی هەیە.

بە هەمانشێوەی خوێندنی پێڕەوبەند، لە پێش بەخشینی کرێدیتی «ECTS»، پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکە بکرێت بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون. لەم دۆخەدا، پێویستە شێواز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن دابڕێژرێن بە مەبەستی پێوانەکردنی بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون لە ئاستی گونجاودا و بێ ڕەچاوکردن و گەڕانەوە بۆ چالاکییەکی دیاریکراوی فێربوون یاخود کۆشش، بۆ نموونە: «بەشدارییکردن لە گفتوگۆی ناو پۆلدا» چیتر لەناو پرۆسەی هەڵسەنگاندندا ڕەچاو ناکرێت، بەڵام ئاکامی فێربوونەکە کە بریتییە لە «سازدانی ئارگیومێنت لەکاتی تێکەڵبوون لەگەڵ گرووپێکدا» پەیوەندییدارە و دەکرێت ڕەچاو بکرێت. دەبێت لە هەر بەش و بوارێکی خوێندندا، دەستەیەکی شارەزا و گونجاو ئامادە بکرێت، کە ڕاهێنراو بن و دەسەڵاتی فەرمییان هەبێت بۆ پێدانی کرێدیت بەو ئاکامانەی لە ژینگەی دەرەوەی خوێندنی پێڕەوبەنددا بەدەستهاتوون، دەبێت پرۆسەی پێدانی کرێدیت لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پێوەری تیوار بێت و لە دامەزراوەکەدا بڵاو کرابنەوە. وا چاوەڕوان دەکرێت دەستەی پێدانی کرێدیت، لە ڕێگای ڕاپۆرتی بەردەوامەوە لیژنەی شیاو «لەسەر ئاستی بەش، کۆلێج، دامەزراوە» ئاگادار بکەنەوە سەبارەت بەو بڕیارانەی دەیدەن.



### سەرنج

کۆمەڵێک شێوازی هەمەجۆر هەن بۆ ددانپێدانانی خوێندن و ئەزموونی پێشین. یەکێک لە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن بریتییە لە شێوازی گورزەنووسراو «portfolio method». گورزەنووسراو «portfolio» ئەو بەڵگەنامانە لەخۆ دەگرێت کە فێرخوازێک کۆی کردوونەتەوە بە مەبەستی ئەوەی نیشانی بدات کارامەییەکانی «skills» بە چەند ڕێگایەکی جیاواز بەدەستهێناوە.

گورزەنووسراو کۆمەڵێک بابەت و ماتریاڵ لە خۆ دەگرێت، کە زانیاری و کارامەیی بەدەستهاتووی ناو ژینگەیەکی خوێندنی نیمچەپێڕەوبەند یاخود ناپێڕەوبەند پشتڕاست دەکەنەوە. گورزەنووسراو نامەی پشتگیریکردنی خاوەنکار یاخود سەرپەرشتیاری تێدایە، بەڵام دەکرێت بەڵگەنامەی هەڵسەنگاندنی ئەدا «Performance Appraisal»، سیڤی و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دیکەش لە خۆ بگرێت. بە کەڵکوەرگرتن لە گورزەنووسراو، هەڵسەنگێنەرەکە ئەو زانیارییانە شی دەکاتەوە کە فێرخوازەکە پێشکەشی کردووە. ڕەنگە فێرخوازەکان پێویستیان بە یارمەتیی و ڕێنیشاندان هەبێت لەکاتی ئامادەکردنی گورزەنووسراودا.

دەبێت دامەزراوەکان سیاسەتی تایبەتی خۆیان هەبێت سەبارەت بە ددانپێدانانی فێربوونی نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند و بە بەردەوامی کار لەسەر پەرەپێدانی ئەم سیاسەتە بکەن. دەبێت کۆمەڵێک بنەما لەم سیاسەتەدا جێگای کرابێتەوە وەک ڕێنیشاندان، فیدباک بۆ فێرخواز سەبارەت بە دەرەنجامی هەڵسەنگاندنەکە و شیمانەی تانەگرتن لە ئەنجامەکان. بەهەمانشێوە، دەبێت دامەزراوەکان سەنتەری تایبەت بە ڕێنیشاندان و ڕاوێژکردن و ددانپێدانانی فێربوونی نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند درووست بکەن. بە پشتبەستن بە بنەمای نیشتمانیی و دامەزراوەیی، دەکرێت ئەم سەنتەرانە چەند شێوازێکی جیاوازیان هەبێت «یان لەناو یەک دامەزراوەدان، یاخود وەک سەنتەری هاوبەشی چەند دامەزراوەیەک هەن»، سیاسەتی دامەزراوەکان دەبێت بە شێوازێکی دیار لە پێگەی فەرمیی دامەزراوەکاندا بڵاو بکرێتەوە.

بە هۆی ددانپێدانانی شێوازی فێربوونی نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەندەوە، ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی خوێندنی باڵا گشتگیرتر بووە. فراوانکردنی هەلی دەستڕاگەیشتنی فێرخوازان بۆ ژیانی پیشەیی و ژینگەی فێربوونی نانەریتیی یارمەتییدەرە لەوەدا کە فێربوونی درێژخایەن ببێتە ڕاستی. دامەزراوەکان پێویستە کراوە بن بۆ ددانپێدانان بە خوێندنی پیشەیی و ڕاهێنانی پێشیندا.

# پێڕەوی ECTS و دڵنیایی جۆریی

6



سەرنج

پێواژۆی پێدانی کرێدیت بە فێربوونی نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند بە چوار قۆناغی سەرەکییدا تێپەڕ دەبێت:

١- ڕێنمایی و ڕێنیشاندانی سەرەتایی «پێواژۆکە چی لەخۆدەگرێت بۆ فێرخوازان، سنووری کرێدیتەکان بۆ فێربوونی نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند، بڕی خەرجییەکان، ئەرک و بەرپرسیارێتیی فێرخواز و مامۆستای تایبەتی/ڕاوێژکار، ڕێچکە جیاوازەکانی فێربوون بۆ گەیشتن بە بڕوانامە».

٢- پاڵپشتییکردن «پرۆسەی تێڕامان، تێگەیشتن لە ئاکامەکانی فێربوون، دەستنیشانکردنی ئاکامی فێربوونی خودیی، هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی بەڵگەکان».

٣- ددانپێدانان/هەڵسەنگاندن «هەڵسەنگاندنی بەڵگە/بەڵگەنامەی بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن».

٤- پێدانی کرێدیت «ئەو کرێدیتانەی لەم پێواژۆیەدا دەدرێن، هەمان بەهای ئەو کرێدیتانەیان هەیە کە لە ڕێگای فێربوونی پێڕەوبەندەوە بەدەست هاتوون».

سەرنج

«ECVET»

پێڕەوی کرێدیتی ئەوروپایی بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی «ECVET» لەسەر پێشنیاری پەرلەمانی ئەوروپا و ئەنجوومەنی ئەوروپا ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە «C/2009 02/155».

مەبەست لەم پێڕەوییە بریتییە لە گواستنەوە و کۆکردنەوە و ددانپێدانانی ئاکامە هەڵسەنگێندراوەکان بۆ ئەو کەسانەی ئامانجیان بەدەستهێنانی بڕوانامەیە لە فێربوون و ڕاهێنانی پیشەییدا.

هاوشێوەی «ECTS»، پێڕەوی «ECVET» یارمەتیی خوێندکاران دەدات بۆ بونیادنانی ڕێچکەی تایبەتی فێربوون لە ڕێگای کۆکردنەوەی کرێدیتەوە جا لەناو دامەزراوەیەکی دیاریکراودا بێت یاخود لە دامەزراوەیەکەوە بۆدامەزراوەیەکی دیکە، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی دیکە، یاخود لە ناو ژینگە جیاوازەکانی خوێندندا بێت؛ پێڕەوبەند، نیمچەپێڕەوبەند، ناپێڕەوبەند و یارمەتییان دەدات شێواز و ئەزموونی فێربوونی تایبەت بە خۆیان بونیاد بنێن.

هاوشێوەی «ECTS»، پێڕەوی «ECVET» لەسەر چەمکی (٦٠) کرێدیت بونیاد نراوە، بەڵام پرۆسەی تەرخانکردنی کرێدیتەکانی جیاوازە. زۆربەی کات پێڕەوی «ECVET» بۆ تۆمارکردن و کۆکردنەوەی ئاکامی فێربوونی هەڵسەنگێنراو بەکار دێت، بەڵام بە بێ گۆڕینی خاڵی کرێدیتەکان. کەوابوو، ددانپێدانانی فێربوون لە پێڕەوی «ECVET»ـدا لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوونە، نەک گۆڕینی کرێدیتەکان.

# پێڕەوی «ECTS» و دڵنیایی جۆریی

**لەم بەشەدا باسی ڕۆڵی کرێدیتی «ECTS» لە باشکردنی کواڵێتی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا دەکرێت و چەند نموونەیەك سەبارەت بە چۆنێتی هەڵسەنگاندنی شێوازەکانی جێبەجێکردنی «ECTS» دەخرێتەڕوو.**

وەزیرە بەشداربووەکانی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە بەیاننامەی بەرلینی ساڵی ٢٠٠٣دا، بەرپرسیارێتی دڵنیایی جۆرییان خستە سەر شانی خودی دامەزراوەکان خۆیان «Berlin Communiqué, 2003». بە شێوەیەکی گشتی لە هەر دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵادا، دوو جۆر پێڕەوی هەڵسەنگاندنی دڵنیایی جۆریی هەن: یەکەم، بریتییە لە دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی «Internal quality assurance»، کە بریتییە لە کۆی ئەو ڕێکارانەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ناوخۆی خۆیاندا پێڕەوی دەکەن. مەبەست لەم کردەیە بریتییە لە دڵنیابوونەوە لەوەی کواڵێتی پڕۆگرامەکان و بڕوانامەکانیان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خودی دامەزراوەکان و ئاژانسەکانی دڵنیایی جۆریی «quality assurance agencies» یەک دەگرنەوە. دووەم، بریتییە لە چاوخشاندنەوە بە دڵنیایی جۆریی لەلایەن دەزگاکانی دڵنیایی جۆرییەوە بە مەبەستی پێدانی فیدباک و زانیاریی بە دامەزراوەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان «External Quality Assurance».

ئەم شێوازە بریتییە لە کۆمەڵێک تێڕوانین و پێداچوونەوە، کە لەلایەن ئاژانسەکانی دڵنیایی جۆرییەوە ئەنجام دەدرێت. ئەم کردەیە لەلایەک فیدباک بۆ دامەزراوەکە دەستەبەر دەکات و لەلایەکی دیکەوە زانیاریی پێویست دەداتە خاوەن بەرژەوەندییەکان. بنەما و پێواژۆکانی دڵنیایی جۆریی بەسەر هەموو شێوازێکی خوێندندا جێبەجێدەکرێت، بۆ نموونە: «پێڕەوبەند، نیمچەپێڕەوبەند، ناپێڕەوبەند و تەرز «mode»ـە جیاوازەکانی فێربوون و فێرکردن و هەڵسەنگاندن». پەڕاوی پێودانگ و ڕێبەریی بۆ دڵنیایی جۆریی لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا « The European Standards and Guidelines for Quality Assurance in the European Higher Education Area» پاڵپشتی دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی و دەرەکیی دەکات.

سەرنج

ستاندارد و ڕێبەری ئەوروپایی «The European Standards and Guidelines» بە کورتکراوەی «ESG»؛ بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێنمایی و پێودانگ، کە بۆ دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی و دەرەکیی ناو کایەی خوێندنی باڵا داڕێژراون. ستاندارد و ڕێنماییەکانی نێو پەڕاوەکە بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی جۆرێتیی ستاندارد نین و هەروەها چۆنێتی جێبەجێکردنی پرۆسەکانی دڵنیایی جۆرییش دیاریی ناکەن، بەڵکو تەنها کۆمەڵێک ڕێنمایی پێشکەش دەکەن و ئەو بوارانە دەگرنەوە کە پێویستن بۆ پێشکەشکردنی کواڵێتی و ژینگەیەکی فێربوونی سەرکەوتوو لە کایەی خوێندنی باڵادا. پێویستە «ESG» لە چوارچێوە و ژینگەیەکی فراوانتردا ڕەچاو بکرێت، بە جۆرێک کە چوارچێوەی شیاندن و «ECTS» و هاوپێچی بڕوانامە لەخۆبگرێت، کە بەهەمانشێوە لە زیادکردنی تیواریی و متمانەی هاوبەش لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا بەشدارن.

ستانداردەکانی ژمارە (١.٢، ١.٣، ١.٤) و ڕێنماییە پەیوەندییدارەکان ئاماژە بەو بوارانە دەدەن کە پەیوەندییان بە «ECTS»ـەوە هەیە بە تایبەتی «ڕۆنانی پڕۆگرامەکان، شێوازی فێربوونی خوێندکارتەوەریی، فێرکردن و هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی خوێندکار، پێشڤەچوون، ددانپێدانان و بڕوانامەپێدان».

درووست بەکارهێنانی پێڕەوی «ECTS» یارمەتیی دامەزراوەکان دەدا بۆ پەرەپێدانی کوالێتی پرۆگرامەکانیان و باشترکردنی دەرفەتی ئاڵوگۆڕکردنی خوێندکاران. کەواتە ئێجگار پێویستە بەکارهێنانی کرێدیتی «ECTS» لە ڕووی جۆرێتییەوە شیاو بێت، بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەکە وەک: «چاودێرییکردن، دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی و دەرەکی و، فیدباکی خوێندکاران». هەروەها پەرەپێدانی بەردەوامی کوالێتی. لە کردەی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامێکدا «هاوشان مەبەستمان لە ئاکامەکانی فێربوون، کۆشش، شێوازەکانی هەڵسەنگاندن»ـە، چەند ڕێوشوێنێکی فرەچەشن دەگیرێتە بەر. لێرەدا کۆمەڵێک فاکتەر دەکرێت بە پێوەر وەربگیرێن؛ بۆ نموونە: ڕێژەی بەرزی وازهێنانی خوێندکار لە پرۆسەکە یان ژمارەی کەوتنی خوێندکار بە ڕێژەیەکی بەرفراوان، یاخود پێویستی (دامان) بۆ کاتێکی زیاتر بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکە وەک ئەوەی لە بنەڕەتدا بۆی تەرخانکراوە. گرنگە بزانین خەسڵەتی پرۆگرامێکی کاریگەر ئەوەیە کە خوێندکار بتوانێت لە کاتی خۆیدا «بێ دواکەوتن» ئەنجامەکانی پرۆگرامەکە بەدەستبهێنێت. بە واتایەکی دیکە، تەنها لە کاتێکدا دەتوانرێت بە پرۆگرامێک بگوترێت کاریگەر و سەرکەوتوو کە خوێندکارەکان بتوانن لەو ماوەیەی لە چوارچێوەی پرۆگرامەکەدا پلانسازی بۆ کراوە، ئاکامەکانی فێربوون بە دەست بهێنن، کرێدت کۆبکەنەوە و بڕوانامە وەربگرن. هەرچەندە گرنگە بە وریاییەوە هەر شیکارییەک ئەنجامبدرێت بۆ جیاکاری لەنێوان یەکەکانی پرۆگرامی خوێندن لەبەرئەوەی ڕەنگە نیشانەی ناکاریگەری پلاندانان و وتنەوەی پرۆگرامی خوێندنەکە بێت یاخود پێودانگی ناتەواو بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران.

سەبارەت بە دڵنیایی جۆریی کرێدیتی
«ECTS» و پرۆسە پەیوەندییدارەکانی دیکە، پێویستە ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێت:

- پێکهاتە پەروەردەییەکان لە ڕێگای ئاکامی فێربوونی گونجاوەوە گوزارشتیان لێ کراوە، لە هەمانکاتدا زانیاریی ڕوون سەبارەت بە ئاست و ژمارەی کرێدیت و چۆنێتی گەیاندن و شێوازی هەڵسەنگاندنی پێکهاتەکان بەردەستن.
- خوێندکار دەتوانێت لە کاتی فەرمیی و دیاریکراودا خوێندنەکەی تەواو بکات «بە واتایەکی دی، ئەو کۆششەی (workload) بۆ ساڵێکی ئەکادیمیی، وەرزێک، ترایمیستەرێک یاخود تەواوی کۆرسێک دانراوە، دەبێت بە ڕێگەیەکی کەتواربینانە دارێژرابێت».
- پێویستە دەستەیەکی چاودێرییکردنی ساڵانە هەبێت بە مەبەستی پشکنین و لێکۆڵینەوە لە هەر هەمەجۆرییەک کە لە شێوازەکانی بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان و ئەنجامەکان بەدیی دەکرێن.
- دەبێت خوێندکاران زانیاریی ورد و ڕێنمایی پێویستیان لەبەردەستدا بێت هەتا بتوانن باشتر پابەندی یاساکانی دەرچوون «progression rule» بن و ڕێچکەی فێربوونی گونجاو هەڵبژێرن. لە کۆتاییدا، ئەم زانیارییانە ڕێگریی دەکەن لەوەی خوێندکار پێکهاتەیەکی پەروەردەیی هەڵبژێرێت لەگەڵ ئاستەکەیدا نەگونجێت.
- خوێندکاران لە کاتی گونجاودا ئەنجامەکانیان پێ ڕادەگەیەنرێتەوە.



سەبارەت بە خوێندکارانی بزۆک و پرۆسەی ددانپێدانان، بەو واتایە دێت کە:

- دەبێت پێواژۆکانی گواستنەوەی کرێدیت لەڕێکارەکانی چاودێرییکردن و پێداچوونەوە و ڕاستاندندا جێگیر بکرێن.
- ستافی شیاو و لێهاتوو بۆ بابەتی ددانپێدانان و گواستنەوەی کرێدیتەکان تەرخان بکرێت.
- پێویستە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەموو دۆخێکدا پابەندی ڕێکەوتنەکانی خوێندن بن و تەواوی بکەن. هەر گۆڕانگارییەک دواتر لە ڕێکەوتننامەکەدا ئەنجام بدرێت هەستیارە و پێویستی بە ڕەزامەندیی لایەنە بەشداربووەکان هەیە.
- ئەو خوێندکارانەی لە زانکۆیەکی دیکەوە دێن و بابەتێکی پەروەردەیی ناو کەتەلۆگی کۆرس دەخوێنن، هاوشێوەی خوێندکارانی ناوخۆ هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و نمرەیان پێدەدرێت.
- دەبێت تۆماری نمرەکان کە کرێدت و نمرەکانی تێدا تۆمارکراوە؛ بەردەست بن.
- کۆی ئەو کرێدیتانەی وابەستەی تەواوکردنی بابەتێکی پەروەردەیین ددانیان پێدا دەنرێت، بە مەرجێک بەشێک بن لەو بابەتانەی لە ڕێکەوتننامەی فێربووندا جێگیر کراون. ئەنجامەکان بە خێرایی دەردەچن و دەگوازرێنەوە.
- خشتەی نمرەکان بەردەست دەبن بۆ یەکسانکردنی نمرە بەخشراوەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی نەک تەنها کرێدتەکان، بەڵکو نمرەکانیش بە ڕێکوپێکی لەسەر دوایین بڕوانامەی بەخشراو تۆمار بکرێن.

پێویستە نوێنەری خوێندکاران بە شێوەیەکی چالاکانە
بەشداریی لە پێواژۆی دڵنیایی جۆریی «ECTS»ـدا بکەن:

- لە دڵنیایی جۆریی ناوخۆییدا، خوێندکاران زانیاریی دەستەبەر دەکەن «لە ڕێگای وەڵامدانەوەی ڕاپرسییەکان بە بەردەوامیی، دەستەی پسپۆڕانی پەیوەندیدار»؛ هاوکات بەشداریی لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خۆهەڵسەنگاندنی دامەزراوەکەدا دەکەن، لە هەمانکاتدا بەشدارییەکی کارایان هەیە لە ناو ئەو دەستانەی بەرپرسن لە پێواژۆکانی دڵنیایی جۆریی ناوخۆیی و چاودێرییکردنی پرۆسەی تەرخانکردنی کرێدتەکانی «ECTS» بۆ بابەتە پەروەردەییەکان.
- لە دڵنیایی جۆری دەرەکییدا، خوێندکاران ئەندامن لە پانێڵی پێداچوونەوەی دەرەکیی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و پرۆگرامەکاندا.

7

# پێڕەوی کرێدیتی ECTS و بەڵگەنامە گرنگەکان



# پێڕەوی کرێدیتی «ECTS» و بەڵگەنامە گرنگەکان

**دەکرێت چەند بەڵگەنامەیەکی گرنگ ببنە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ بەکارهێنانی پێڕەوی «ECTS». لەم بەشەدا، باس و پەسنی ئەو خەسڵەتانە دەکرێت کە پێویستە لەم بەڵگەنامانەدا هەبن. ئەم بەشە دامەزراوەکان لە کردەی جێبەجێکردنی تەواوی خاڵەکان و ڕێنماییەکاندا کۆتوبەند ناکات، بەڵام وا باشترە دامەزراوەکان خاڵەکان و ڕێنماییەکان بە وردییەوە ڕەچاو بکەن. ئەو شێوازانەی لەم بەشەدا پێشنیار کراون، بریتیین لە شێوازگەلێکی پەسەندکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی لەنێوان دامەزراوەکاندا و بە جۆرێکیش دارێژراون کە بە سوودبن بۆ هەموو خوێندکاران (خوێندکاری بزۆك و جێگیریش) مامۆستایان و ستافی بەڕێوەبردن، فەرمانبەران و خاوەن بەرژەوەندییەکان. بۆ خزمەتکردنی پێداویستییەکانی خوێندکاران، دامەزراوەکان، پێویستە بەشێوەیەکی تیوار دەستکەوتەکانی خوێندکار تۆمار بکەن، کە تێگەیشتنیان ئاسان بێت، لەبەرئەوە ئەم ڕێبەرییە هەندێك زانیاریی دەخاتەڕوو، کە پێویستە لە دۆکیومێنت و دۆسیەی سەرەکی بزواندا هەبێت، ئەمەش بۆ تێگەیشتنی زیاترە لەنێوان دامەزراوە و وڵاتە جیاوازەکان و خاوەن بەرژوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا.**

## ١ ٧ ٠ کەتەلۆگی کۆرس «Course Catalogue»

کەتەلۆگ بەو دۆکیومێنتە دەوترێ، کە هاوڕێی بەکارهێنەرە و زانیاریی نوێ و ئاسانی سەبارەت بە ژینگەی فێربوونی ناو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا تێدایە. پێویستە ئەم کەتەلۆگە بەر لە دەستپێکردنی خوێندن و بە درێژایی ماوەی خوێندن لە لای خوێندکار هەبن، چونکە یارمەتیی خوێندکار دەدەن بە درووستیی بژاردەکانیان دیاریی بکەن و کاتەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاربهێنن. کەتەلۆگی کۆرس کۆمەڵێک زانیاریی لەخۆ دەگرێت، وەک جۆری ئەو بڕوانامەیەی بە خوێندکار دەبەخشرێت، ڕێکارەکانی فێربوون و وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندنی نێو دامەزراوەکە، ئاستی پڕۆگرامی خوێندنی خوێندکار، پێکهاتە پەروەردەییەکان و سەرچاوەکانی فێربوون.

لەگەڵ ئەمانەشدا، کەتەلۆگەکە دەبێت ناوی ئەو کەسانەی تێدا بێت تا خوێندکار بتوانێت پەیوەندییان پێوە بکات بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاریی، هەروەها دەبێت کات و شوێن و چۆنێتی پەیوەندییکردن بەم کەسانەوە بەردەست بێت.

پێویستە کەتەلۆگی کۆرس لە پێگەی فەرمی دامەزراوەکەدا بڵاوبکرێتەوە و ناو و ناونیشانی کۆرسەکەی بە زمانی دایک و ئینگلیزیی تێدا بێت. لێرەدا بۆیە باسی زمانی ئینگلیزیی دەکەین، چونکە خوێندکارانی بیانیی و هەموو ئەو کەسانەی ئارەزوومەندی ئەو کۆرسەن، بەرچاوڕوون دەبن و بە ئاسانیی دەستیان بە زانیارییەکان دەگات، هاوشانی ئەمە، بنەمای تیوارییش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر دەبێت.

هەرچەندە دامەزراوەکان سەرپشکن لە هەڵبژاردنی شێوەی کەتەلۆگەکە و چۆنێتی ڕێکخستنی زانیارییەکانی ناوی، بەڵام وا چاکترە ئەو نموونەیە بەکاربهێنن کە لە خوارەوە دانراوە، چونکە تیواریی زیاتر دەکات و پرۆسەی بەراوردکردنی کەتەلۆگە جیاوازەکانی دامەزراوەکان ئاسان دەکات. دامەزراوەکان هەر شێوازێک هەڵبژێرن، مەرجە کەتەلۆگەکەیان کۆمەڵێک بەرچاوڕوونی تێدا بێت وەک زانیاریی گشتیی لەسەر دامەزراوەکە، سەرچاوە بەردەستەکان و خزمەتگوزارییەکانی ناو دامەزراوەکە و زانیاریی ئەکادیمیی سەبارەت بە پڕۆگرامەکان و پێکهاتە پەروەردەییەکانی دامەزراوەکە.

**کەتەلۆگی کۆرس**

ناوەڕۆکی پێشنیارکراوی کەتەلۆگ:

* زانیاریی گشتی:
- ناو و ناونیشانی کۆرسەکە.
- کورتەپەسنێکی «Description» دامەزراوەکە «بۆ نموونە، جۆر و دۆخی دامەزراوەکە».
- دەسەڵاتە ئەکادیمییەکان.
- ڕۆژژمێر/ساڵنامەی ئەکادیمیی.
- لیستی ئەو پڕۆگرامانەی دەکرێت وەربگیرێن.
- پێداویستییەکانی پێشکەشکردن، لە نێویاندا سیاسەتی زمان و ڕێکارەکانی تۆمارکردن.
- پلاندانان و ئامادەسازیی بۆ ددانپێدانان بەو کرێدتانەی خوێندکار لە ماوەی ئاڵوگۆڕ بەدەستی هێناون و ددانان بە خوێندنی پێشووی خوێندکار «پێڕەوبەند، نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند».
- سیاسەتی دابەشکردنی کرێدیتەکانی «ECTS»، «چوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ دابەشکردنی کرێدیتەکان».
- ئامادەسازیی بۆ ڕێنوێنی ئەکادیمی.

خزمەتگوزاریی و سەرچاوەکان:

- نووسینگەی کاروباری خوێندکاران.
- شوێنی مانەوە و نیشتەجێبوون.
- ژەمەخۆراک.
- خەرجی و تێچووی ژیان بە گشتی.
- پاڵپشتە داراییەکان بۆ خوێندکاران.
- خزمەتگوزاریی تەندرووستی.
- بیمە.
- خزمەتگوزاریی و ئاسانکارییەکان بۆ خوێندکارانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت.
- خزمەتگوزاریی و ئاسانکارییەکانی تایبەت بە فێربوون.
- شیمانەی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی خوێندکاران.
- زانیاریی کرداریی بۆ خوێندکارانی تازەهاتوو.
- خولەکانی زمان.
- شیمانەی هەبوونی ماوەی مەشقکردن «work placement».
- وەرزش و خزمەتگوزارییەکانی کاتی پشوو.
- ڕێکخراوەکانی خوێندکاران.





زانیاریی لەسەر پرۆگرامی خوێندن:

- جۆری ئەو بڕوانامەیەی بە خوێندکار دەدرێت.
- ماوەی خوێندنی خوێندکار.
- ژمارەی کرێدیتەکان.
- دیاریکردنی ئاستی بڕوانامەکە بە گوێرەی چوارچێوەی شیانی نیشتمانی بۆ بڕوانامە «NQF» لەگەڵ چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی بۆ بڕوانامە «EQF».
- کایەی خوێندن «بۆ نموونە، ISCED-F».
- پێداویستیی تایبەت بە وەرگرتن «ئەگەر هەبێت».
- پلاندانان و ئامادەکاری تایبەت بۆ دانانان بە خوێندنی پێشووی خوێندکاردا، وەک خوێندنی پێڕەوبەند، نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند، «ئەگەر هەبێت».
- ڕێسا و پێداویستییەکانی پێدانی بڕوانامە و پێداویستییەکانی دەرچوون «ئەگەر هەبێت».
- پرۆفایلی تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە «بڕوانە ئەو بەشەی لەسەر شێوازی ڕۆنانی پرۆگرامەکان نووسراوە».
- ئاکامەکانی فێربوونی پرۆگرامەکە.
- خشتەی پێکهاتەی پرۆگرامەکە هاوشان لەگەڵ ژمارەی کرێدیتەکان «٦٠» کرێدیتی «ECTS» یەکسانە بە ساڵێکی تەواوی خوێندنی ئەکادیمی».
- ڕێساکانی تاقیکردنەوە و پێوانەی نمرەدانان.
- دەرفەتی بزوان بەشێوەی سەرپشک و ناچاری «ئەگەر هەبێت».
- شێوازی خوێندنەکە، بۆ نموونە، شێوازی خوێندنی بەردەوام یاخود پچڕ، فێربوونی ئەلیکترۆنی...هتد.
- ماوەی ڕاهێنان «ئەگەر هەبێت».
- بەڕێوەبەری پرۆگرام یاخود هاوتاکەی.
- پرۆفایلی پشەیی دەرچووان.
- هەلی دەستراگەیشتن بە خوێندنی زیاتر/باڵاتر.

سەبارەت بە پرۆگرامی هاوبەشی نێوان زانکۆکان، وا باشترە هەندێک خاڵی زیاتر ڕەچاو بکرێن، وەک:

- زانیاریی دەربارەی شێوازی بڕوانامە و پاشکۆی بڕوانامە.
- ئەندامانی دەستەکە «consortium» و ڕۆڵیان.
- پێکهاتەی ئاڵوگۆڕی پرۆگرامەکە.

**کەتەلۆگی کۆرس**

زانیاری لەسەر پێکهاتە پەروەردەییەکان:

- کۆد.
- ناونیشان.
- جۆر (ناچاری، سەرپشک)ـە وانە.
- بازنە «کورتەبازنە، یەکەم، دووەم، سێیەم».
- ساڵی خوێندن.
- وەرزی خوێندن.
- ژمارەی کرێدیتە تەرخانکراوەکانی «ECTS».
- ناوی مامۆستاکان.
- ئاکامەکانی فێربوون.
- شێوازەکانی وانەوتنەوە «ڕووبەڕوو، خوێندنی دووراودوور».
- ناوەڕۆکی کۆرسەکە.
- ئەو کتێب و سەرچاوانەی خوێندکار دەبێت بیانخوێنێتەوە.
- زمانی وانەوتنەوە.

### ٠ ٧٢ پێڕەوی «ECTS» و ئەو بەڵگەنامانەی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کرێدیت پێویستن

ڕێککەوتننامەی فێربوون «Learning Agreement» کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی فەرمیی و ناچاری دەخاتە سەرشانی خوێندکار و دامەزراوەی ژێدەر و دامەزراوە/کۆمپانیا/ڕێکخراوی خانەخوێ، هەروەها پەسنی تەواوی ئەو چالاکیی و وانە و کۆرسانەی تێدایە کە خوێندکار لە زانکۆی خانەخوێدا وەریان دەگرێت.

پەسەندکردنی ڕێکەوتنەکانی فێربوون و هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێکەوتننامەکەدا، دەبێت بە ڕەزامەندیی هەردوو دامەزراوەکە بێت. دەکرێت ئەم پرۆسەیە لە ڕێگای واژۆی ئەلیکترۆنی یاخود کۆپیی سکانکراوی واژۆی ئەو کەسانەی کە لە پێگەیەکی فەرمییدان لە دامەزراوەکاندا بکرێت. لێرەدا نابێ لەبیرمان بچێت کە دەبێت کۆی ئەمانە لەگەڵ ڕێسا و یاسا پەسەندکراوەکانی دامەزراوەکاندا بگونجێن.



### ٠. ١٢٧ ڕێکەوتننامەی فێربوون بە مەبەستی گواستنەوەی کرێدیت بۆ خوێندن

**Credit Mobility**

ناوەڕۆکی پێشنیارکراوی ڕێکەوتننامە بە مەبەستی گواستنەوەی کرێدت بۆ خوێندن:

- ناو و چۆنێتی پەیوەندییکردن بە خوێندکارەوە.
- ناو و ناونیشانی کەسانی ئەکادیمیی و کارگێڕیی «کە خوێندکار بتوانێت پەیوەندییان پێوە بکات» لە هەردوو دامەزراوەی ژێدەر و خانەخوێ.
- کایەی خوێندنی خوێندکار لە دامەزراوەی ژێدەر «بە بەکارهێنانی کۆدەکانی **ISCED-F**».
- بازنەکانی خوێندن «کورتەبازنە، یەکەم، دووەم، سێیەم».
- ماوەی خوێندن لە دامەزراوەی ژێدەر لە ڕێکەوتی دەستپێکردن تا کۆتایی.
- پرۆگرامی خوێندن لە دەرەوە: ئەو بەستەرە ئەلیکترۆنییەی کە کەتەلۆگی کۆرسی دامەزراوە ژێدەرەکەی تێدایە و لیستی ئەو پێکهاتە پەروەردەییانەی دەخوێنرێن، «دەبێت کۆدی وانەکە و ژمارەی کرێدتەکان لەخۆبگرێت».
- ئەو پێکهاتە پەروەردەییانە کە خوێندکارێک لە دامەزراوەی ژێدەر پێیدەبەخشرێت، لە کاتێکدا هەمان ئەو پێکهاتانە لە دەرەوە دەخوێنرێت و بەسەرکەوتوویی تەواوکرابێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ماوەی ئاڵوگۆڕەکە بە گشتی دانپێدانراوە، (بۆ نموونە، ئەمە لە دۆخی دەرفەتی بزوان بۆ بروانامە ڕوودەدات کە ئاوێتەی ماوەیەکی ناچارییە لە دەرەوە(دامەزراوەی خانەخوێ).
- واژۆی ئەو سێ لایەنەی لەم پرۆسەیەدا بەشدارن: «خوێندکار، نوێنەرانی فەرمیی دامەزراوەی ژێدەر، نوێنەری فەرمیی دامەزراوەی خانەخوێ».

### ٠. ٢٢٧ پێڕەوی «ECTS» و ئەو بەڵگەنامانەی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کرێدیت پێویستن

ڕێککەوتننامەی فێربوون «Learning Agreement» کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی فەرمیی و ناچاری دەخاتە سەرشانی خوێندکار و دامەزراوەی ژێدەر و دامەزراوە/کۆمپانیا/ڕێکخراوی خانەخوێ، هەروەها پەسنی تەواوی ئەو چالاکیی و وانە و کۆرسانەی تێدایە کە خوێندکار لە زانکۆی خانەخوێدا وەریان دەگرێت.

پەسەندکردنی ڕێکەوتنەکانی فێربوون و هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێکەوتننامەکەدا، دەبێت بە ڕەزامەندیی هەردوو دامەزراوەکە بێت. دەکرێت ئەم پرۆسەیە لە ڕێگای واژۆی ئەلیکترۆنی یاخود کۆپیی سکانکراوی واژۆی ئەو کەسانەی کە لە پێگەیەکی فەرمییدان لە دامەزراوەکاندا بکرێت. لێرەدا نابێ لەبیرمان بچێت کە دەبێت کۆی ئەمانە لەگەڵ ڕێسا و یاسا پەسەندکراوەکانی دامەزراوەکاندا بگونجێن.

ماوەی مەشق

ئەو خاڵانەی پێویستە لە ڕێکەوتننامەی خوێندن بۆ ماوەی مەشقکردندا ڕەچاو بکرێن:

- ناو و چۆنێتی پەیوەندییکردن بە خوێندکارەوە.
- ناو و ناونیشانی ئەو کەسانەی خوێندکار دەتوانێت پەیوەندییان پێوە بکات لە دامەزراوەی ژێدەر و دامەزراوەی خانەخوێدا.
- کایەی خوێندنی خوێندکار لە دامەزراوەی ژێدەر «بە بەکارهێنانی کۆدەکانی **ISCED-F**)».
- بازنەکانی خوێندن «کورتەبازنە، یەکەم، دووەم، سێیەم».
- جۆری دامەزراوە یاخود کۆمپانیاکە «تایبەت، گشتی، هتد».
- ماوەی مەشقکردن «ڕێکەوتی دەستپێکردن و کۆتایی» لە دامەزراوە خانەخوێیەکە و ژمارەی کرێدیتەکانی «**ECTS**» کە دەبەخشرێنە خوێندکار.
- ئاکامەکانی فێربوون کە خوێندکار لە کۆتایی مەشقەکەدا بەدەستیان دەهێنێت؛ پێویستە دیاریی بکرێن.
- پڕۆگرامێکی بەپێزی ماوەی مەشقەکە لەگەڵ ئەرکەکانی خوێندکار.
- ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی خوێندکار لە هەفتەیەکدا کاریان تێدا دەکات.
- توانای زمانەوانیی وابەستە بە ژینگەی مەشقەکە، کە پێویستە خوێندکار لە پێش دەستپێکردنی ماوەکە بیزانێت «ئەگەر هەبێت».
- چاودێریی پلانسازییەکان و هەبوونی پلانێک بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی پێشڤەچوونەکان.
- ئامادەسازیی بۆ هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێکەوتننامەکەدا.
- ئامادەسازیی و پلاندانان لە دامەزراوەی ژێدەر بە مەبەستی هەژمارکردن و دادانپێدانان بە دەستکەوتەکانی خوێندکاردا.
- واژۆی سێ لایەن لەسەر ڕێکەوتننامەکە: «خوێندکار، نوێنەری دامەزراوەی ژێدەر، نوێنەری دامەزراوە/کۆمپانیای خانەخوێ (دەبێت واژۆی سەرپەرشتیاری خوێندکارەکەی لەگەڵدا بێت)».



### ٧.٣ تۆماری نمرەکان «Transcript of Records»

تۆماری نمرەکان بریتییە لە بەڵگەنامەیەک، کە زانیاریی نوێ و باوەڕپێکراوی سەبارەت بە پێشڤەچوونی خوێندکاری لەسەر تۆمارکراوە، وەک پێکهاتە پەروەردەییەکانی خوێندکار، ژمارەی کرێدیتە بەدەستهاتووەکانی «**ECTS**» و نمرەکانی.

تۆماری نمرەکان بەڵگەنامەیەکی ئێجگار هەستیار و گرنگە، بۆیە دەبێت دامەزراوەکان بە هۆشیارییەوە ئەو لایەنە دیاریی بکەن کە بەرپرسە لە مامەڵەکردن بەم بەڵگەنامەیەوە. زۆربەی دامەزراوەکان لە ڕێگای داتابەیسی دامەزراوەیی خۆیانەوە ئەم تۆمارە دروست دەکەن. لەبەر ئەوەی دەتوانرێت تۆماری نمرەکان بە مەبەستی دیکە و لە نێوکۆ و شوێنی هەمەجۆردا بەکاربهێنرێت و پێویستە زانیارییەکان لە قاڵبێکی گونجاو و بە شێوازێکی تیوار و ڕوون و بێکەموکورتیی تۆمار بکرێن و بخرێنەڕوو.

لە دۆخی گواستنەوەی کرێدتەکاندا، دەبێت دامەزراوەی خانەخوێ تۆماری نمرە بۆ هەموو خوێندکارە گەڕۆکەکان دروست بکات و بۆ دامەزراوە ژێدەرەکەشی بنێرێت. پێویستە ئەم تۆمارە لە کۆتایی ماوەی مەشقکردنەکەدا دروست بکرێت، مەبەستیش لێی بریتییە لە بە فەرمی ناساندنی کار و کرێدیت و ئەو نمرانەی کە خوێندکار لە ماوەی ئاڵوگۆڕەکەدا بەدەستی هێناون. لە پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی خوێندکار لە دامەزراوە خانەخوێیەکە، پێویستە لە ماوەیەکی کەمدا ئەم تۆمارە بۆ دامەزراوەی ژێدەر بنێردرێت. (بڕوانە بەشی ئاڵوگۆڕی کرێدیت و دانپێدانان).

تۆماری نمرە

ئەو خاڵانەی لە کاتی دانانی تۆماری نمرەکاندا پێویستە ڕەچاو بکرێن:

- ناوی خوێندکار.
- ناسنامە و شێوازی پەیوەندییکردن بە خوێندکارەوە «ئەگەر هەبێت».
- ناو و ناونیشانی کەسانی پەیوەندیدار لە دامەزراوەکەدا.
- کایەی خوێندنی خوێندکار و ناوی پڕۆگرامی خوێندنەکە.
- ساڵی ئێستای خوێندن.
- ئەو پێکهاتە پەروەردەیانەی کە خوێندکار لە دامەزراوەکەدا خوێندوونی، «لەگەڵ کۆد و ژمارەی کرێدت و نمرەکان».
- پەسنکردنی پێڕەوی نمرەدانانی دامەزراوەکە.
- دەبێت زانیاریی سەبارەت بە دابەشکردنی نمرەکان بۆ گرووپی بەراوردکاری ئاستی خوێندکاران بکرێت.
- ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی تۆمارەکە و واژۆی کەسی بەرپرس.




پاش تەواوبوونی ماوەی مەشقەکە و گەڕانەوەی خوێندکارەکە؛ دامەزراوەی ژێدەر بەبێ هیچ مەرج و داواکارییەکی زیاتر، دەبێت لە ماوەیەکی گونجاودا تۆماری نمرەکان «یاخود بەڵگەنامەیەکی هاوتا» بە خوێندکارەکە بدات. لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە، دامەزراوەی ژێدەر پابەندبوونی خۆی بە ڕێکەوتننامەی فێربوونەوە نیشان دەدات و بە ڕوونیی دادان بەو ئاکامانەدا دەنێت کە خوێندکارەکە لە ماوەی ئاڵوگۆڕەکەدا لە دەرەوە بە دەستی هێناون.

لە کاتی جێگۆڕکێکردن بە مەبەستی خوێندن، وا باشترە ئاماژە بۆ ئەو پێکهاتە پەروەردەییانە بکرێت کە لە بڕوانامەی خوێندکارەکەدا ئاڵوگۆڕیان پێکراوە. سەرباری ئەمە، دەبێت ژمارەی کرێدیتی ئەو پێکهاتە پەروەردەییانە بنووسرێت.

کاتێک دامەزراوە ژێدەرەکە بە شێوەیەکی تەواوەتیی دادان بە کۆی ماوەی مەشقکردنەکەدا دەنێت، ئەوکاتە ئەرکی دامەزراوەکە تەنها بریتیی دەبێت لە تۆمارکردنی ژمارەی کرێدیتەکان و نمرە خۆجێییەکان «local grade» و ئاکامەکانی فێربوونی کۆی ماوەی مەشقەکە.

لە دۆخی مەشقبینیندا، ئەو بڕوانامەیەی دامەزراوەی ژێدەر دەری دەکات، دەبێت لانیکەم ئەوەندە زانیاریی تێدا بێت کە بتوانرێت بێ کەموکورتی ڕێکارەکانی پرۆسەی دادانپێدانان جێبەجێ بکرێت، کە لە پێش دەستپێکردنی ماوەی ئاڵوگۆڕەکە لە ڕێکەوتننامەی فێربوونی نێوان دامەزراوەی ژێدەر و خانەخوێدا لەسەری ڕێککەوتوون. ئەمە دەکرێت پێدانی نمرەی تەواوی کرێدیت، نمرە...هتد لە خۆبگرێت.

## ٤ ٧ . بڕوانامەی تایبەت بە ماوەی مەشقکردن

ئامانجی ئەم بڕوانامەیە بریتییە لە دەستەبەرکرنی تیواریی و ختەنەڕووی بەهای ماوەی مەشقکردنی خوێندکارەکە. دەبێت ئەم بڕوانامەیە لە لایەن دامەزراوەی خانەخوێوە دەربچێت پاش تەواوکردنی ماوەی مەشقکردن بە سەرکەوتوویی لە لایەن خوێندکارەکەوە. دەکرێت هەندێک بەڵگەنامەی دیکە «وەک نامەی پشتگیرییکردن» وەک تەواوکاریی و پاڵپشت بۆ ئەم بڕوانامەیە بەکاربهێنرێت.

**بڕوانامەی ماوەی مەشق**

ئەو خاڵانەی پێشنیارکراون لە بڕوانامەی تایبەت بە ماوەی مەشقکردندا ڕەچاو بکرێن:

- ناوی خوێندکار.
- ناوی دامەزراوە/ کۆمپانیا.
- وردەکاریی ناونیشان و چۆنێتیی پەیوەندییکردن بە دامەزراوە/کۆمپانیاکەوە، بۆ نموونە: شەقام، شار، وڵات، ژمارەی مۆبایل، ئیمەیڵ، ناونیشانی تەواوەتیی و وێبسایت.
- دەستنیشانکردنی جۆری دامەزراوە/کۆمپانیاکە، «گشتی، تایبەت، جۆری سێیەم».
- کاتی دەستپێکردن و کۆتایی ماوەی مەشقەکە.
- وردەکاریی پرۆگرامی ماوەی مەشقەکە و لیستی ئەو ئەرکانەی لەو ماوەیەدا لەسەر شانی خوێندکار بووە.
- تەواوی کۆزانییە تیۆری و پراکتیکییەکان و ئەو لێهاتووییانەی خوێندکار بە دەستی هێناون.
- هەڵسەنگاندنی توانا و کۆزانییە کردارییەکانی خوێندکار.
- ڕێکەوتی دەرچوونی بڕوانامەکە، واژۆی کەسی بەرپرس لە بڕوانامەکە «دامەزراوە/ کۆمپانیای خانەخوێ».

# فەرهەنگۆك

### کۆکردنەوەی کرێدیت
### «Accumulation of credits»:

پێواژۆی کۆکردنەوەی کرێدیتە. فێرخواز دەتوانێت لە چەند نێوکۆییەکی جیاوازدا کرێدیت کۆبکاتەوە. یەکەم، لە نێوکۆییەکی پێڕەوبەنددا و کاتێک ئاکامەکانی فێربوونی بابەتە پەروەردەییەکان بەدەست دەهێنێت. دووەم، لە نێوکۆییەکی نیمچەپێڕەوبەند یاخود ناپێڕەوبەنددا، کاتێک چالاکییەکانی فێربوون ئەنجام دەدات. خوێندکار دەتوانێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە کرێدیت کۆبکاتەوە، بەو شێوازەی لەلایەن دامەزراوەی بڕوانامەبەخشەوە داوای لێکراوە، یاخود ڕەنگە بۆ مەبەستی بە بەڵگەکردنی دەستکەوتە کەسییەکان کرێدیت کۆبکاتەوە، کە گرنگە بۆ فێربوونی درێژخایەن.

### دابەشکردنی کرێدیتەکان
### «Allocation of credits»:

بریتییە لە پرۆسەی دابەشکردنی کرێدیتەکان بەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن و بڕوانامەکان یان بەسەر تاکە بابەتێکی پەروەردەییدا. لە کوێدا گونجاو بوو، بە گەڕانەوە بۆ ڕێکار و یاسا نیشتمانییەکان کرێدیتەکان دابەش دەکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا چوارچێوەی بڕوانامەی نیشتمانی یان ئەوروپایی، یاخود هەردووکیان پێکەوە لەم پرۆسەیەدا بەکار دەهێنرێن. کرێدیتەکان، لەسەر بنەمای (٦٠) کرێدیت بۆ ساڵێکی ئەکادیمی، بەسەر بابەتە پەروەردەییەکان و تێزەکان و فێربوون لەسەر بنەمای کار و ماوەی ڕاهێناندا دابەش دەکرێن. کرێدیتەکان بەگوێری کۆششی فێرخواز دابەش دەکرێن، کە بریتییە لەو ماوەیەی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون.

### شێوازەکانی هەڵسەنگاندن
### «Assessment methods»

بریتییە لە کۆمەڵێک شێوازی وەک تاقیکردنەوەی نووسراو، زارەکی یاخود نووسراو، پرۆژە، توانا، پرێزنتەیشن و گورزەنووسراو، کە بەکار دێن بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی بەرەوپێشچوونی فێرخواز و دڵنیایی دەدەن دەربارەی بەدەستهێنانی ئاکامی فێربوونی بابەتێکی فێربوون «یەکە/گورزەوانە».

### پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن
### «Assessment criteria»:

پەسنی ئەو کردارانە دەکات کە چاوەڕوان دەکرێت فێرخواز لە ئاستێکی دیاریکراودا ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی نیشانی بدات ئاکامەکانی فێربوونی بە تەواوەتی بەدەستهێناوە. دەبێت شێواز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن گونجاو بن و لەگەڵ ئاکامە دیاریکراوەکان و چالاکییەکانی فێربوون بسازێن.

### پێدانی کرێدیت
### «Award of credits»:

بە فەرمیی پێدانی ئەو کرێدیتانەیە کە تەرخانکراون بۆ بڕوانامەکان یان پێکهاتەکانی یاخود هەردووکیان پێکەوە. کرێدیت کاتێک دەبەخشرێتە خوێندکار یان فێرخواز کە توانیبێتی بە سەرکەوتوویی ئاکامە دیاریکراوەکانی فێربوون بەدەستبهێنێت. دەسەڵاتە نیشتمانییەکان دەبێت ئەو دامەزراوانە دەستنیشان بکەن کە مافی پێدانی کرێدیتی «ECTS»ـیان هەیە. کرێدیت کاتێک دەدرێت کە خوێندکارەکە کۆی چالاکییەکانی فێربوونی تەواو کردبێت و بە ڕوونیی ئاماژەکانی بەدەستهێنانی هەموو ئاکامە دیاریکراوەکانی خوێندنی تێدا دەرکەوتبێت و بەدەستهاتنی ئەم دەستکەوتانە بە هۆی هەڵسەنگاندنی گونجاوەوە پشتڕاست کرابێتنەوە و سەلمێنرابن. ئەگەر خوێندکار یاخود فێرخواز بتوانێت ئاکامەکانی فێربوون لە ژینگەیەکی نیمچەپێڕەوبەند یان ناپێڕەوبەند بەدەست بهێنێت، ئەوا دەتوانێت لەڕێگەی پێواژۆی هەڵسەنگاندن و ددانپێدانانی ئەم ئاکامەنەوە کرێدیت وەربگرێت.

### توانایی «Competence»

چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی؛ توانایی وەک بەکارهێنانی کۆزانیی و کارامەیی و توانای کەسیی و کۆمەڵایەتیی و مێتۆدی، لە دۆخی کار و خوێندن، یاخود بە مەبەستی پەرەپێدانی پیشەیی و کەسیی؛ پێناسە دەکات. لە ناواخنی چوارچێوەی شیانی ئەوروپایی، توانایی وەک هەبوونی خەسڵەتی بەرپرسیارێتیی و سەربەخۆیی پەسن دەکرێت.

پەرەپێدانی توانا، ئامانجی هەموو پرۆگرامەکانی خوێندنە. تاک دەتوانێت لە هەموو وانەکاندا پەرە بە تواناکانی بدات و دەتوانرێت لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆگرامی خوێندندا هەڵسەنگاندن بۆ تواناکانی بکرێت. هەندێک جۆری توانایی وابەستەی کایەیەکی دیاریکراوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان گشتیین و لەهەموو پرۆگرامێکی خوێندندا هەن. بە شێوەیەکی ئاسایی، توانست بە شێوازێکی تەواوکاری، تێکهەڵکێشراو و بازنەیی بەدرێژایی پرۆگرامی خوێندن بەرەوپێش دەچێت.

### پێشڤەچوونی پیشەیی بەردەوام
### «Continuing Professional Development»

بەشێکی کایەی فێربوونی درێژخایەنە و هەندێک جار پێی دەوترێت پەروەردەی پیشەیی بەردەوام «Continuing Professional - Education»، پێشڤەچوونی پیشەیی بەردەوام بریتییە لە تەواوی ئەو کارامەیی و کۆزانیی و ئەزموونانە کە تاکێک لە کارەکەیدا، بە شێوەی فەرمیی و نافەرمی بەدەستی دەهێنێت و لەسەر بنەمای لێهاتوویی و ڕاهێنان بونیاد دەنرێت. لە دنیای کاری پرۆفێشناڵ و پیشەییدا، بەفەرمی داوا لە تاک دەکرێت کە بەردەوام بێت لە پرۆسەی فێربوون و پەرە بە کۆزانیی و کارامەیی و توانستەکانی بدات، هەتا بتوانێت لە بەرەوپێشچونە هەنووکەییەکانی بوارەکەی خۆی بە ئاگا بێت و بە شێوازێکی سەلامەت و کاریگەر کار بکات. پێشڤەچوونی پیشەیی بەردەوام، پێویستییەکی پیشەییە و دەبێت پشتڕاست بکرێتەوە و بە بەڵگە بکرێت. خاوەنکارەکان وا چاوەڕوان دەکەن کە تۆمارێکی فەرمیی و ددانپێدانراوەی «CPD» تاکیان لەلا بێت، لەبەر ئەم هۆکارە «CPD» بووە بە بنەمایەکی گرنگی مەنهەجەکانی خوێندن.

### کەتەلۆگی کۆرس
### «Course catalogue»

زانیاریی ئاسان و نوێ بۆ بەکارهێنان سەبارەت بە ژینگەی فێربوونی دامەزراوەکە بەردەست دەخات «وەک زانیاریی گشتیی سەبارەت بە دامەزراوەکە، سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەکە و زانیاریی ئەکادیمی سەبارەت بە پرۆگرامەکانی خوێندن و بابەتە پەروەردەییەکان». دەبێت فێرخواز پێش و پاش بەشداریکردن لە خوێندنەکەی ئەم زانیارییانەی لابێت، چونکە یارمەتیی دەدەن هەڵبژاردەی درووست

ئەنجام بدات و کاتەکانی بە کاریگەرترین شێواز بەکار بهێنێت. دەبێت کەتەلۆک لە پێگەی فەرمیی دامەزراوەکە بڵاوبکرێتەوە و ناونیشانی کۆرس و بابەتەکانی بە زمانی نیشتمانیی « زمانی هەرێمیی ئەگەر پێویست بوو» لەگەڵ زمانی ئینگلیزیی خرابێتنە ڕوو، هەتا تەواوی لایەنە ئارەزوومەندەکان بتوانن بە ئاسانی بیخوێننەوە. دامەزراوەکە لە شێوازی دیزاینکردنی کەتەلۆگ و چۆنێتی ڕیزبەندییکردنی زانیارییەکانیدا ئازادن. خشتەکە دەبێت زۆر پێش دەستپێکردنی خوێندن بڵاو بکرێتەوە، هەتاوەکو ئەو فێرخوازانەی ئەگەری پێشکەشکردنیان هەیە بتوانن بە درووستی هەڵبژاردنەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

### وانە
### «Course unit»

بریتییە لە ئەزموونێکی فێربوونی سەربەخۆ کە بە شێوازێکی فەرمی ڕۆنراوە. دەبێت وانە کۆمەڵێک ئاکامی فێربوونی ڕوون و چالاکیی دیاریکراوی فێربوونی هەبێت، بە جۆرێک لەگەڵ کاتی تەرخانکراوی ناو مەنهەجەکە و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندندا کۆک بێت.

### کرێدیت
### :«Credit»

گوزارشت لە ئەندازەی فێربوونێک دەکات کە لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون و کۆششی فێرخواز بونیادنراوە. بڕی شەست (٦٠) کرێدیتی «ECTS» بۆ ئاکامەکانی فێربوون و کۆششی ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی یاخود هاوتاکەی دیاریکراوە، واتا کرێدیتەکان لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون و کۆشش کرێدیتەکان دەبەخشرێنە فێرخواز. بە شێوەیەکی ئاسایی، ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی کۆمەڵێک بابەتی پەروەردەیی لە خۆ دەگرێت و کۆی ئەم بابەتانە کرێدیتی «لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون و کۆشش» بۆ تەرخانکراوە.

### بزوان بە مەبەستی کرێدیت
### «Credit mobility»

بریتییە لە جێگۆڕکێکردنی خوێندکاری بزۆک، کە بۆ ماوەیەک لە دامەزراوەیەکی خانەخوێ دەمێنێتەوە، لەم ماوەیەدا خوێندکار دەتوانێت چالاکی هەمەجۆر ئەنجام بدات و کرێدیت وەربگرێت، پاشان کرێدیتە کۆکراوەکان لە دامەزراوەی ژێدەردا ددانی پێدا دەنرێت.

### گواستنەوەی کرێدیتەکان
### «Credit transfer»

پرۆسەیەکە لە ڕێگایەوە دامەزراوەیەکی دیاریکراو ددان بەو کرێدیتانەدا دەنێت کە لە لایەن دامەزراوەیەکی دیکەوە بەخشراوە و وەک یەکێک لە داواکارییەکانی پرۆگرامی خوێندنی دامەزراوەکەی خۆی هەژماری دەکات. وێڕای ئەمە، لەم پرۆسەیەدا دەتوانرێت ئەو کرێدیتانەی لە پرۆگرامێکی تایبەتدا کۆکراونەتەوە، لە پرۆگرامێکی دیکەی جیاوازدا هەژمار بکرێن و بەکاربێن.

### بازنە
### «Cycle»

یەکێک لە ئامانجەکانی جاڕنامەی بۆڵۆنیای ساڵی (١٩٩٩) بریتیی بوو لە بەکارهێنانی پێڕەوێک «system»، کە لەسەر بنەمای دوو بازنەی سەرەکی، خوێندنی بەرایی «بەکالۆریۆس» و خوێندنی باڵا «ماستەر» بونیاد نرابوو. دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٣، خوێندنی دکتۆرا خرایە نێو پێکهاتەی پێواژۆی بۆڵۆنیا و وەک بازنەی سێیەم ناسێندرا. بەم جۆرە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی پلەبەندییەکی هەرەمیی ناساند کە پشتئەستوور بوو بە سێ بازنە: «بازنەی یەکەم، بازنەی دووەم، بازنەی سێیەم». ئێستاکە تەواوی بڕوانامەکانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی لە چوارچێوەی ئەم سێ بازنەیەدا دانراون.

### ڕاڤەکەری بازنەکان ‹ئاستەکان›
### «Course (cycle) Descriptors»

بریتیین لە دەستەواژەگەلێکی گشتی سەبارەت بە ئاکامی فێربوونی بازنەکان. نموونەیەکی باشی ئەم شێوازە لە پەسنکردن بریتییە لە ڕاڤەکەری دوبلن «Dublin Descriptors»، کە شانبەشانی «ECTS»، بووە بە بە یەکێک لە بنەماکانی چوارچێوەکاری شیان لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا.

### بزوان بە مەبەستی بڕوانامە
### «Degree Mobility»

بریتییە لە جێگۆڕکێکردن بە مەبەستی بڕوانامە، تەنانەت ئەگەر بەشێکی پرۆگرامەکەش لەدەرەوە بخوێندرێت، هەر دەچێتە ئەم بوارەوە. بۆ نموونە پرۆگرامێکی خوێندنی پێکڤەیی یاخود بەخشینی بڕوانامەی پێکڤەیی.

### پرۆگرامی خوێندن
### «Degree programme»

بریتییە لە کۆمەڵێک پێکهاتە و چالاکیی فێربوونو پەروەردەیی، کە دەبنە بنەما و پێوەر بۆ بەخشینی بڕوانامە بە فێرخواز · لە پاش تەواوکردنی تەواوی داواکاریی و پێداویستییەکان

«Mappin University Mobility Project, 2015».

### هاوپێچی بڕوانامە
### «Diploma supplement»

بریتییە لە دۆکیومێنتێک کە هاوپێچی بڕوانامەیەکی خوێندنی باڵا دەکرێت و پەسنێکی ستانداردی سرووشت و ئاست و نێوکۆیی و ناوەڕۆک و دۆخی ئەو خوێندنە دەکات کە لەلایەن هەڵگری هاوپێچەکەوە تەواو کراوە. بە پشتبەستن بە پێودانگ و ستاندارده پەسەندکراوەکانی کۆمسیۆنی ئەوروپا و ئەنجوومەنی ئەوروپا و ڕێکخراوی یونسکۆ، دامەزراوەکان ئەم بەڵگەنامەیە درووست دەکەن. هاوپێچی بڕوانامە بەشێکە لە ئامرازی بەدیهێنانی تیواریی چوارچێوەی ئیرۆپاس.

هاوپێچی بڕوانامە هەشت بەشی زانیاریی لە خۆ دەگرێت، کە بریتیین لە:

- زانیاری سەبارەت بە هەڵگری بڕوانامەکە.
- شیاویی/بڕوانامە.
- ئاست و ئەرکی بڕوانامەکە.
- ناوەڕۆکی بڕوانامەکە و ئەنجامەکان.
- ڕاستاندنی هاوپێچەکە.
- وردەکاریی سەبارەت بە پێڕەوی خوێندنی باڵای نیشتمانی «لەلایەن سەنتەری زانیاریی بۆ ددانپێدانانی ئەکادیمی نیشتمانییەوە دابین دەکرێت».
- هەر زانیارییەکی زیاتر کە پێویست بێت.

دەرچووانی تەواوی وڵاتانی بەشداربووی پێواژۆی بۆڵۆنیا ڕاستەوخۆ مافی وەرگرتنی هاوپێچی بڕوانامەیان هەیە بێ بەرانبەر و بە زمانێکی سەرەکیی ئەوروپایی.

### ڕاڤەکەری دوبلین
### «Dublin Descriptors»

بریتییە لە ڕاڤەکاری بازنەکان. ساڵی ٢٠٠٣ پێشکەشکرا و ساڵی ٢٠٠٥ وەک چوارچێوەی بڕوانامەکانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی کاری پێکرا. ڕاڤەکەرەکە کۆمەڵێک پەسنی گشتی پێشکەش دەکات سەبارەت بەو دەستکەوت و توانایانەی کە وابەستەی بڕوانامەیەکی دیاریکراون و ئاماژە بە تەواوبوونی بازنەیەکی بۆڵۆنیا دەکەن. ڕاڤەکەرەکە لە ڕووی ئاستی توانستەوە داڕێژراوە نەک ئاکامەکانی فێربوون و دەتوانن بە شێوەیەکی بەرفراوان و گشتیی جیاکاریی لە نێوان بازنە جیاوازەکاندا بکەن. ڕاڤەکەری ئاست ئەم پێنج بنەما سەرەکییەی لەخۆگرتووە:

- کۆزانیی و تێگەیشتن.
- بەکارهێنانی کۆزانیی و تێگەیشتن.
- بڕیاردان.
- پەیوەندییبەستن.
- کارامەییەکانی فێربوونی درێژخایەن.

### ئیراسمەس پڵەس
### «Erasmus+»

پڕۆگرامی یەکێتی ئەوروپایە بۆ پەروەردە و فێرکردن، ڕاهێنان، گەنج و وەرزش بۆ ساڵانی ٢٠١٤-٢٠٢٠

«Regulation (EU) No 2013/1288».

### پێڕەوی ئەوروپایی بۆ گواستنەوە و کۆکردنەوەی کرێدیتی
### «ECTS»

پێڕەوێکی خوێندکارتەوەرە بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوەی کرێدیت بەکاردێت و لەسەر بنەمای تیواریی پێواژۆکانی فێربوون و وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن بونیادنراوە. پێڕەوییەکە کۆمەڵێک ئامانجی هەیە وەک ئاسانکاریی لە پلانسازیی و وتنەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئاسانکردنی پرۆسەی جێگۆڕکێکردنی خوێندکار لە ڕێگەی پرۆسەی دادانپێدانانەوە.

### پێڕەوی کرێدیتی ئەوروپایی بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی
### «ECVET»

«European Credit System for Vocational Education and Training»

ئامانجی ئەم پێڕەوە بریتییە لە گواستنەوە و دادانپێدانان و کۆکردنەوەی ئاکامەکانی فێربوونە بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە. پێڕەوەکە بریتییە لە سیستەمێکی لامەرکەزیی و پشت بە بەشداریی خۆبەخشانەی وڵاتانی ئەندام و خاوەن بەرژەوەندییەکانی کایەی ڕاهێنانی پیشەیی دەبەستێت و ڕێز لە یاسا و ڕێسا نیشتمانیەکان دەگرێت. پێڕەوەکە چوارچێوەیەکی مێتۆدی فەراهەم دەکات و بە بەکارهێنانی یەکە وەسفی بڕوانامەکان دەکات لە ڕووی ئاکامەکانی فێربوونەوە. ئەم پێڕەوییە ڕێگە بە تەرخانکردنی خاڵە ڕاگوێستەنییەکان دەدات بۆ وڵاتانی ئەندام کە چوارچێوەی پەروەردە و بڕوانامەی جیاوازیان هەیە. پێڕەوی «ECVET» لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی هاوبەشەکان سەبارەت بە تیواریی بڕوانامەکان و متمانەی خاوەن بەرژەوەندییەکان دامەزراوە.



### پێکهاتەی پەروەردەیی
### «Educational component»

بریتییە لە ئەزموونێکی فێربوونی تەواو، کە بە شێوازێکی فەرمیی داڕێژراوە «بۆ نموونە: وانە، گورزەوانە، ماوەی ڕاهێنان».

### بەڵگەنامەی ئیرۆپاس
### «Europass Mobility»

لە پێنج بەڵگەنامە پێکهاتووە «سی ڤی، ئاستی زمان، بەڵگەنامەی ئیرۆپاس، بڕوانامە، پاشکۆی بڕوانامە و ئامانجیان بریتییە لە ئاسانکردنی تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی کارامەییەکان و بڕوانامەکان لە ئەوروپادا. ئەم بەڵگەنامەیە، کۆی ئەو کۆزانیی و کارامەییانەی تێدا تۆمار دەکرێت کە لە وڵاتێکی دیکەی ئەوروپاییدا بەدەستهاتوون و لەلایەن دامەزراوەی ژێدەر و خانەخوێوە تەواو دەکرێن.

### ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا
### :«European Higher Education Area-EHE»

لە یادی دە ساڵەی پێواژۆی بۆڵۆنیا و لە ئازاری ساڵی ٢٠١٠ لە میانی کۆنفرانسی وەزاری بوداپێست-ڤییەنا خرایەڕوو. بە پشتبەستن بە ئامانجەکانی پێواژۆی بۆڵۆنیا لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٩٩، ئامانجی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی بریتییە لە دڵنیابوونەوە لەوەی سیستەمە جیاوازەکانی خوێندنی باڵای ناو ئەوروپا زیاتر پێکەوە گونجاون، خوێندکار و فێرخوازی زیاتر بۆ خۆیان ڕادەکێشن و یە کگر تو و تـر ن .

### چوارچێوەی ئەوروپایی بۆ بڕوانامە کە تایبەتە بە فێربوونی درێژخایەن «EQF»

European Qualifications Framework for»
«Lifelong Learning-EQF

بریتییە لە- چوارچێوەیەکی هاوبەشی سەرچاوەیی ئەوروپایی، کە ڕێگا بە وڵاتەکانی یەکێتیی ئەوروپا دەدات بۆ پێکەوەبەستنی پێڕەوی بڕوانامەکانیان. ٢٤ نیسانی ٢٠٠٨ لەلایەن پەرلەمان و ئەنجوومەنی ئەوروپاوە پەسەندکرا. چوارچێوەکە هەشت ئاستی سەرچاوەیی بەکار دەهێنێت و تەواوی ئاستەکانیش پشتئەستورن بە ئاکامەکانی فێربوون، کە وەک کۆزانیی و کارامەیی و توانست پێناسە دەکرێت. چوارچێوەکە ئاڕاستەی بیرکردنەوەی گۆڕی، لە بری سەرنجدان و جەختکردنەوە لەوەی فێرخوازەکە چی پێدراوە «Input»؛ «ماوەی ئەزموونی فێربوونەکە، جۆری دامەزراوەکە»، ئێستا زۆرتر سەرنج دەخرێتە سەر ئەوەی بڕوانامەدارێکی دیاریکراو چی دەزانێت و دەتوانێت چی بکات. بە هۆی ئەم چوارچێوەیەوە، تێگەیشتن و لێکدانەوەی بڕوانامەکان ئاسانتر بووە لە پێڕەوی وڵاتە جیاوازەکانی یەکێتیی ئەوروپادا.

### گونجاوی
### «Flexibility»

ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی بە مەبەستی زیادکردنی گونجاوی ڕێگاکانی گەیشتن بە خوێندنی باڵا دەگیرێنە بەر. بیرۆکەی سەرەکی پشت ئەم چەمکە بریتییە لە واڵاکردنی خوێندنی باڵا بە ڕووی فێرخوازی زیاتر و زیادکردنی توانای گونجانە لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگا سەردەمییەکاندا. بە هەمانشێوە، ئەم چەمکە پەیوەندی بە گونجاویی ڕۆنانی مەنهەج و شێوازەکانی وانەوتنەوە و فێربوونەوە هەیە.

### فێربوونی پێڕەوبەند
### «Formal learning»

بریتییە لە شێوازێکی فێربوون، لەلایەن دامەزراوەیەکی پەروەردەیی یاخود دامەزراوەیەکی ڕاهێنانەوە پێشکەش دەکرێت. ئەم شێوازە فێربوونە، لەسەر بنەمای «ئامانجەکانی فێربوون و کاتی فێربوون و پاڵپشتی فێربوون» بونیادنراوە و تەواوکردنی ئەم جۆرە خوێندنە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بڕوانامە. لە ڕوانگەی خوێندکارەوە، ئەم شێوازە خوێندنە مەبەستدارە «خوێندکار خۆی بڕیاری خوێندن دەدات بە مەبەستی بەدەستهێنانی کۆزانیی و کارامەیی و توانست».

### چوارچێوەکاری شیانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا
### «QF-EHEA»

«Framework for Qualifications of the European Higher Education Area»

لە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپاییدا، چوارچێوەی شیاوییەکان لە دوو ئاستدا خۆیان دەبیننەوە. چوارچێوەیەکی گشتگیر لە ساڵی ٢٠٠٥ پەسەندکرا و هەموو وڵاتانی ئەندام پابەندبوونی خۆیان ڕاگەیاند بۆ پەرەپێدانی چوارچێوەی بڕوانامەی نیشتمانی، کە گونجاو بێت لەگەڵ چوارچێوە گشتگیرەکەدا.

چوارچێوەکاری شیانی نیشتمانی بۆ کایەی خوێندنی باڵا تەواوی بڕوانامەکانی سیستەمی خوێندنی باڵا لەخۆدەگرێت. ئەم چوارچێوەیە ئاکامەکانی فێربوونی بڕوانامەیەکی دیاریکراو پیشان دەدات و چۆنێتی جووڵەی فێرخوازەکان لە نێوان بڕوانامە جیاوازەکاندا ڕوون دەکاتەوە.

ئامانجی «QF-EHEA» بریتییە لە ڕێکخستنی شیاوییە نیشتمانییەکان لە ناو چوارچێوەکاری شیانی گشتیی ئەوروپاییدا. لەم چوارچێوەیەدا شیاوییەکان بە گوێرەی ئاستی ئاڵۆزیی و سەختییان پێناسە دەکرێن «بەکالۆریۆس، ماستەر، دوکتۆرا».

چوارچێوەکاری شیانی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی چوار بازنەی سەرەکی خوێندنی دیاریی کردووە، کە لەلایەن «ڕاڤەکەری دوبلینەوە» پەسن دەکرێن. ڕاڤەکەری دوبلین بریتییە لە کۆمەڵێک دەربڕینی گشتی سەبارەت بەو توانا و دەستکەوتانەی لە کۆتایی هەر بازنەیەکدا بەدەست دێن. بازنەی کورت و یەکەم و دووەم بە مەودای کرێدیت جیادەکرێنەوە.

### خوێندکاری ئازاد
### «Free mover»

بە خوێندکارێک دەوترێت کە لە پێواژۆی بزوان بە مەبەستی کۆکردنەوەی کرێدیت بەشداری دەکات، بەمەرجێک لە دەرەوەی پرۆگرامێکی ڕێکخراو بێت «بۆ نموونە ئیراسمەس پلەس». لەم دۆخەدا، خوێندکار سەرپشکە لە هەڵبژاردنی دامەزراوە خانەخوێیەکەی و خۆی چۆنێتی کۆکردنەوەی کرێدیتەکانی لەو دامەزراوەیە ڕێک دەخات.

### خشتەی دابەشکردنی نمرەکان
### «Grade distribution table»

چۆنێتی بەکارهێنانی پێوەرە نیشتمانیی و دامەزراوەییە بەرکارەکان ڕوون دەکاتەوە لە ناو دامەزراوەیەکی تایبەتدا. لە ڕێگەی ئەم خشتەیەوە، دەتوانرێت پرۆسەی بەراوردکاریی لەگەڵ شێوازی دابەشکردنی ئاماری گرووپی بەراوردکاریی دامەزراوەیەکی تردا ئەنجام بدرێت. ئەم خشتەیە بریتییە لە دابەشکردنێکی ئامارییانەی «statistical» ئەو نمرە ئەرێنییانەی «نمرەی دەرچوون و بەرەو سەر» کە لە بوار و دامەزراوەیەکی دیاریکراودا دەدرێن.



### فێربوونی ناپێڕەوبەند
### «Informal learning»

بریتییە لە جۆرێکی فێربوون کە وابەستەی ئەو چالاکییانەیە کە ڕۆژانە تاک لە کاتی کار و لە ناو خێزان، یاخود لە کاتی بێئیشی و پشوودا بەدەست دەهێنێت. ئەم شێوازە تەواو ناپێڕەوبەندە، واتا لە ڕووی ئامانجی فێربوون و کاتەوە ڕێک نەخراوە، وێڕای ئەمانە، هیچ پاڵپشتییەکی خوێندن لەم شێوازەدا نییە. لە ڕوانگەی فێرخوازەوە، دەکرێت ئەم شێوازە فێربوونە بێ مەبەست بێت «واتا فێرخواز مەبەستی فێربوونی نییە، بەڵام خودکارانە ئەزموون وەردەگرێت». نموونەی ئەو ئاکامانەی کە لەم شێوازە خوێندنەدا بەدەست دێت بریتییە لە: ئەو کارامەییانەی لە ڕێگای ئەزموونی کار و ژیانەوە بەدەست دێن، کارامەیی بەڕێوەبردنی پڕۆژە، کارامەیی تەکنەلۆجیای زانیاریی و پەیوەندییکردن کە تاک لە ڕێگای کارەوە بەدەستی دەهێنێت، ئەو زمانانەی تاک فێریان بووە، کارامەیی کولتووریی کە تاک لە کاتی مانەوەی لە وڵاتێکی دیکەدا بەدەستی هێناوە، ئەو کارامەییانەی لە ڕێگای کاری خۆبەخشانە و چالاکیی کولتووریی و وەرزش و چالاکییەکانی ماڵەوە «چاودێرییکردنی منداڵ» بەدەستهاتوون.
«Council Recommendation 2012/C 01/398».

### بڕوانامەی پێکڤەیی
### :«Joint degree»

تاکە بڕوانامەیەکە لەلایەن ئەو دامەزراوانەوە دەبەخشرێت کە پرۆگرامی خوێندنی پێکڤەیی پێشکەش دەکەن و لەسەر ئاستی نیشتمانیی دادنییێدا نراوە وەک بڕوانامەی پرۆگرامی خوێندنی پێکڤەیی.
«EQAR, 2015».

### خوێندنی پێکڤەیی
### «Joint programme»

خوێندنێکی تێکەڵە بە هەماهەنگی دوو دامەزراوەی خوێندنی باڵا یان زیاتر پێشکەش دەکرێت و لەم دۆخەدا تاک یان دوو بڕوانامەی دادنپێدانراو «double/ multiple degrees» یاخود بڕوانامەیەکی هاوبەش و پێکڤەیی «joint degree» بەدەست دەهێنێت.

### فێرخواز
### «Learner»

تاکێکە کە بەشداریی پێواژۆی فێربوون دەکات «پێڕەوبەند، نیمچەپێڕەوبەند، ناپێڕەوبەند». خوێندکار «Student» ئەو فێرخوازەیە کە بەشداری پێواژۆی خوێندنی پێڕەوبەند دەکات.

### ڕێکەوتننامەی فێربوون
### «Learning Agreement»

بریتییە لە ڕێکەوتنێکی یاسایی نێوان ئەو سێ لایەنەی لە پرۆسەی بزوان بەشدارن کە بریتیین لە: خوێندکار، دامەزراوەی ژێدەر، دامەزراوەی خانەخوێ. ئەم ڕێکەوتننامەیە بە مەبەستی ئاسانکردن و ڕێکخستنی بزوان بە مەبەستی کۆکردنەوەی کرێدیت و پرۆسەی دادنپێدانانی کرێدیتەکان ئەنجام دەدرێت. دەبێت ئەم ڕێکەوتننامەیە لە پێش دەستپێکردنی ماوەی بزوانەکە «mobility» لە لایەن هەر سێ لایەنەکەوە واژۆ بکرێت. ئەم ڕێکەوتننامەیە دڵنیایی بە فێرخواز دەدات کە ئەو کرێدیتانەی بەسەرکەوتوویی لە ماوەی بزوانەکەدا بە دەستی هێناون، بە فەرمیی دادنیان پێدا دەنرێت.

### بزوان بە مەبەستی فێربوون
### «Learning mobility»:

بە شێوەیەکی ئاسایی، وا لە بزوان بە مەبەستی فێربوون دەگەین کە بریتی بێت لە بزوانی فێرخواز بە شێوەیەکی فیزیکی «جەستەیی» بۆ دامەزراوەیەکی دەرەوەی وڵات، بە مەبەستی تەواوکردنی بەشێک لە خوێندنەکەی یان تەواوی خوێندنەکەی لەو دامەزراوەیەدا. ئەم شێوازە بزوانە، بە زۆری لە ژینگەی خوێندنی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراودا بەڕێوە دەچێت. ئەو کرێدیتانەی فێرخواز کۆیان دەکاتەوە بە فەرمیی لە لایەن دامەزراوەی ژێدەرەوە ددانیان پێدا دەنرێت.

بەشێکی زۆر لە بزوانی «خوێندکاری ئازاد» پشت بە دەستپێشخەریی تاک دەبەستێت.

سەرباری بزوانی فیزیکیی، فێرخواز دەتوانێت بەشداری خوێندنی ئۆنلاین «virtual mobility» بکات. دەکرێت ئەم شێوازە لە ڕێگای مەنهەجێکی پێکڤەییەوە، یاخود لە ڕێگای زانکۆ کراوەکان «Open Universities»، سەرچاوەی پەروەردەیی کراوە، کراوەخولی ئۆنلاینی هەراو «MOOCs» یاخود ڕێگاکانی تری ئۆنلاینەوە بەڕێوە بچێت.

### ئاکامی فێربوون
### «Learning outcome»

دەستەواژەگەلێکە سەبارەت بەو زانیاریی و تێگەیشتن و توانایانەی فێرخواز لە پاش تەواوبوونی پرۆسەی فێربوون بەدەستیان دەهێنێت. بۆ دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون، دەبێت هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت، مەرجە هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای ڕوون و ئاشکرا داڕێژرابن. چوارچێوەکاری شیانی ئەوروپایی و نیشتمانی؛ ئاکامەکانی فێربوون بەکاردەهێنن بە مەبەستی پەسنکردنی ئاستی تاکە بڕوانامەیەک.

### ڕێچکەی فێربوون
### «Learning pathway»

ڕێگایەکە فێرخواز دەیگرێتە بەر و بەرەبەرە یارمەتی دەدات کۆزانیی بونیاد بنێت و توانستە دڵخوازەکانی بەدەست بهێنێت. دەکرێت ڕێسا و ڕێنمایی دامەزراوەکان «ڕێنیشاندەر»ی ناو ڕێچکەکانی فێربوون بن «بۆ نموونە، ددانپێدانانی خوێندن و ئەزموونی پێشین»، دەکرێت چەند ڕێچکەیەکی جیاواز ببنە بەخشینی هەمان بڕوانامە. لە ناوەڕۆکدا، چەمکی «learning pathway» جەخت لە هەڵبژاردنی خوێندکار دەکاتەوە لەکاتی هەنگاونانی بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانی.

### ڕاڤەکەری ئاست
### «level descriptors»

لە بەشەکانی «Cycle (Level) Descriptors» و «Dublin Descriptors» زانیاریی لەسەر ئەم چەمکە بخوێنەرەوە.

### فێربوونی درێژخایەن
### «Lifelong learning»

کۆی ئەو چالاکییانەی بواری فێربوون دەگرێتەوە کە تاک بە درێژایی ژیانی ئەنجامی داوە بە مەبەستی باشکردنی کۆزانیی، کارامەیی و توانستەکانی خۆی لە ناو بوارە جیاوازەکانی وەک کایەی کۆمەڵایەتیی و شارستانیی و ڕوانگەکانی پەیوەست بە کار و دامەزراندنەوە «Communication (2001) 678».

کۆمەڵێک پرۆگرام و خزمەتگوزاریی لە ناو کایەی خوێندنی باڵادا هەن کە لە فێربوونی درێژخایەندا بەشدارن؛ وەک: پەروەردەی بەردەوام، خوێندنی ئێواران، پرۆگرامی تایبەت بە فێرخوازانی خوێندنی پچڕ، دەستگەیشتن بە کتێبخانە و سەرچاوەکانی خوێندنی باڵا، خوێندنی دووراودوور، خولی ڕاهێنان، خزمەتگوزاریی ڕاوێژکردن و ڕێنماییکردن و زۆر دەستپێشخەریی و خزمەتگوزاریی دیکە.

### کراوەخولی ئۆنلاینی هەراو
### «Massive Open Online Course-MOOCs»:

چەند کۆرسێکن کە بەشدارییکردن تیایاندا کراوەو بێ بەرانبەرە. شێوازی پێشکەشکردنەکە ئۆنلاینە، زۆر کات بە یارمەتیی هاوەڵێک، یان بە شێوازێکی تۆمارکراو وانەکە دەوترێتەوە. زۆربەی کات، ژمارەیەکی زۆر فێرخواز لەم کۆرسانەدا بەشدار دەبن.

### دەرفەتی بزوان
### «Mobility window»

بریتییە لەو ماوەیەی تەرخانکراوە بۆ ئەو شێوازە لە بزوانی خوێندکارانی نێودەوڵەتی، کە لە مەنهەجی خوێندندا جێگیرکراوە. «Ferencz et al., 2013».

### گورزەوانە
### «Module»

بریتییە لە وانەیەک لە پێڕەوێکدا کە هەر وانەیەک هەمان ژمارەی کرێدیت یاخود دوو ئەوەندەی «Multiple» لەسەرە.

### چوارچێوەکاری شیانی نیشتمانیی
### «National Qualifications Framework-NQF»

بریتییە لە ئامرازێک بۆ پۆلێنکردنی بڕوانامە بەدەستهاتووەکانی ئاستی فێربوونێکی دیاریکراو، ئەم پۆلێنکردنەکە بە گوێرەی کۆمەڵێک پێوەر ئەنجام دەدرێت و، هەر بڕوانامەیەک وابەستەی ئاستێکی دیاریکراوە. ئامانج لە چوارچێوەی شیانی نیشتمانی بریتییە لە تێکهەڵکێشان و درووستکردنی هەماهەنگی لەنێوان سیستەمە بچووکەکانی ناو شیانی نیشتمانی. لە هەمانکاتدا هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی شیاوییەکەوە تیواریی و دەستگەیشتنی زیاتری فێرخواز بە سەرچاوەکان زیادبکرێت و کواڵیتی شیاوییەکان باشتر بکرێت بە پەیوەندی لەگەڵ بازاڕی کار و کۆمەڵگەی شارستانی.

«Council Recommendation 2012/C 01/398».

چوارچێوەی شیانی نیشتمانی لە هەندێک وڵاتدا کۆی شیاوییەکان/ بڕوانامەکان لە خۆ دەگرێت، بەڵام لە هەندێک وڵاتی تردا تەنها بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا لەخۆ دەگرێت، ئەم دۆخە وابەستەی سیاسەتی پەیڕەوکراوی وڵاتەکەیە. چوارچێوەکاری شیانی نیشتمانیی ئەوەمان پیشان دەدات، کە پێویستە فێرخواز، لە پاش تەواوبوونی خوێندنەکەی، چ جۆرێک لە زانست و توانست و تێگەیشتنێکی لە لا گەڵاڵە بوو‌بێت. وێڕای ئەمانە، چوارچێوەی شیانی نیشتمانیی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن فێرخواز لە شیاوییەکەوە بۆ شیاوییەکی باڵاتر و جیاواز بڕوات.

چوارچێوەی شیانی نیشتمانی لەلایەن دەسەڵاتی گشتی تایبەتمەندەوە و بە هەماهەنگی لەگەڵ خاوەن پشکەکان «دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، خوێندکاران، دەستەی ئەکادیمی/کارگێڕیی، خاوەنکار»، پەرەی پێ دەدرێت.

### فێربوونی نیمچەپێڕەوبەند
### «Non-formal learning»

لەم شێوازەدا، فێربوون لە ڕێگای هەندێک چالاکیی پلان بۆ داڕێژراوەوە دەستپێدەکات «وەک ئامانجەکانی فێربوون و تەرخانکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ خوێندن» و هەندێک شێوازی پاڵپشتیی فێربوون «وەک پەیوەندیی نێوان فێرخواز و مامۆستا» بوونیان هەیە. ئەم شێوازە خوێندنە دەکرێت ئەو شێوازە پرۆگرامانە لەخۆبگرێت

کە مەبەست لێیان دەستەبەرکردن و پێگەیاندنی لێهاتووییەکانی کار و خوێندەواریی ئاستی پێگەیشتووان و خوێندنی بنەڕەتییە لەو تاکانەی کە زوو واز لە خوێندن دەهێنن. کۆمەڵێک ژینگەی تایبەت هەن کە دەکرێت نموونەی زۆر باوی ئەم جۆرە فێربوونە بن، وەک: خولی ڕاهێنانی ناو کۆمپانیاکان، لێرەدا کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن لێهاتوویی کارمەندەکانیان بەرەو پێش ببەن، بۆ نموونە لە بواری کارامەیی تەکنەلۆجیای زانیاریی و پەیوەندییدا؛ یان فێربوونی ئۆنلاینی درووستبەند «structured on-line learning»، کە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە پەروەردەییە کراوەکان لەخۆدەگرێت؛ یاخود ئەو شێواز و کۆرسانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانی بواری شارستانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەندامەکانی خۆیان یان گرووپێکی دیاریکراو یاخود بۆ خەڵک بە شێوەیەکی گشتی، دەستەبەر دەکرێت.

## سەرچاوەی پەروەردەیی کراوە
## «Open Educational Resources-OER»

بریتییە لە کۆمەڵێک کەرەستە، کە بە ئەلیکترۆنی کراون و بێ بەرانبەر بۆ مامۆستایان و خوێندکاران و خۆفێرکارەکان بەردەستن هەتا بتوانن بە مەبەستی فێربوون و وانەوتنەوە و توێژینەوە بەکاری بهێنن. ئەم سەرچاوانە کۆمەڵێک بابەت لە خۆ دەگرن وەک: پێکهاتەکانی فێربوون، ئامرازی سۆفتوێری پەرەپێدان، هەندێک سەرچاوەی دیکەی وەک بەخشینی مافی بەکارهێنان. سەرچاوەی پەروەردەیی کراوە، بەهەمان شێوە ئاماژەیە بۆ ئەو سەرچاوە دیجیتاڵییانەی دەتوانرێت دەستکاریی بکرێت، ئەم سەرچاوانە دەتوانن سوودبەخش بن و هیچ کەس ناتوانێت دەستگەیشتن پێیان سنووردار بکات «هەمان سەرچاوە».

## پرۆگرامی خوێندن
## «Programme'educational»

بریتییە لە کۆمەڵێک بابەتی پەروەردەیی کە لەسەر بنەمای ئاکامەکانی فێربوون دانراون و دادنیان پێدا نراوە بە مەبەستی بڕوانامەپێدان.

## دەرچوون
## «Progression»

پێواژۆیەکە ڕێگا بە خوێندکاران دەدات لە ئاستێکی شیاوی/بڕوانامەوە دەرچن بۆ ئاستێکی تر و بتوانن دەستیان بەو بابەتانە بگات کە ئامادەیان دەکات بۆ ئاستێکی باڵاتر.

## یاساکانی دەرچوون
## «Progression rules»

کۆمەڵە یاسایەکن، کە بە مەبەستی دیاریکردنی مەرجەکانی دەرچوونی فێرخواز لە ئاستێکی شیاوییەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر، دانراون.

## بڕوانامە
## «Qualification»

بریتییە لە هەر جۆرە بڕوانامەیەک، کە لەلایەن دەسەڵاتێکی تایبەتمەندەوە دەردەکرێت و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خوێندنێکی دادنپێدانراو تەواو بووە.



## دڵنیایی جۆری
## «Quality assurance»

بریتییە لە پێواژۆیەک یاخود کۆمەڵە پێواژۆیەک، کە لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و نیشتمانیی پەسەند کراوە و مەبەست لێیان دڵنیابوونەوەیە لە کوالێتی پرۆگرامەکانی خوێندن و بڕوانامەکان.
پێویستە دڵنیایی جۆریی کەشێکی فێربوون دەستەبەر بکات کە تیایدا ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان و دەرفەت و ئامرازەکانی فێربوون لەگەڵ مەبەستەکانی خوێندندا بسازێن. زۆرجار لە نێوکۆی کردەی پێشکەوتنی بەردەوامدا «کۆمەڵێک چالاکیین بە مەبەستی باشترکردن و دڵنیایی ئەنجام دەدرێن» ئاماژە بە دڵنیایی جۆری دەدرێت.

## دادانپێدانان «دانپێدانانی ئەکادیمی»
## «Recognition-academic recognitio»

لەم پرۆسەیەدا، دامەزراوەیەکی تایبەت دان دەنێت بەو کۆرس و خوێندن و بڕوانامانەی لە دامەزراوەیەکی دیکەدا «ناوخۆیی/نیشتمانیی بێت یان دەرەکی» بەدەست هاتوون، لەم دۆخەدا بە مەبەستی وەرگرتنی خوێندکارانە لە خوێندنی باڵاتردا. بە واتایەکی دیکە، ئەم جۆرە دانپێدانانە تەنها بۆ مەبەستی خوێندنە.
وێڕای ئەمە، دەکرێت دانپێدانانی ئەکادیمی بە مەبەستی بەدەستهێنانی پیشەیەکی ئەکادیمی لە دامەزراوەی دووەم داوا بکرێت، یان لە هەندێک دۆخدا بە مەبەستی دەستگەیشتنە بە چالاکییەکانی دیکە لە بازاڕی کاردا «لەم دۆخەدا پێی دەوترێت دانپێدانانی پیشەیی بۆ مەبەستی پیشەیی». سەبارەت بە ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپایی، دەبێت سێ ئاستی پرۆسەی دادانپێدانان ڕەچاو بکرێت «وەک لە ڕێکەوتننامەی لیشبۆنە و جارنامەی بۆڵۆنیادا پێشنیار کراون»:
- دانپێدانانی شیاوییەکان وەک خوێندنی پێشین و ئەزموونی پیشەیی، کە ڕێگا دەدات بە بەشدارییکردن یان دووبارە گەڕانەوە بۆ خوێندنی باڵا.
- دانپێدانانی ماوەی خوێندنی کورت، کە وابەستەی بزوانی خوێندکارە، لەم دۆخەدا دەبێت ئامرازی سەرەکی «ECTS» بێت.
- تەواو دانپێدانانی بڕوانامەکان، لەم دۆخەدا دەبێت ئامرازی سەرەکی هاوپێچی بڕوانامە بێت.

## دانپێدانانی کرێدیت
## «Recognition of credits»

لەم پرۆسەیەدا، دامەزراوەیەک ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە ئەو ئاکامی فێربوونانەی لە دامەزراوەیەکی دیکەدا بەدەستهاتووە و هەڵسەنگێنراوە، پێداویستییەکانی «هەندێک یان تەواوی» پرۆگرامێکی خوێندن یاخود بڕوانامەیەک پڕدەکەنەوە.

## دانپێدانان بە فێربوونی نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند
## «Recognition of non-formal and informal learning»

لەم پرۆسەیەدا، دامەزراوەیەک ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو ئاکامی فێربوونانەی لە ژینگەیەکی دیکەدا «فێربوونی نیمچەپێڕەوبەند و ناپێڕەوبەند» بەدەستهاتووە و هەڵسەنگێندراوە، پێداویستییەکانی «هەندێک یان تەواوی» پرۆگرامێکی خوێندن یاخود بڕوانامەیەک پڕ دەکەنەوە.

### دانپێدانان بە فێربوونی پێشین و ئەزموونی فێرخوازدا

«Recognition of prior learning and experience»

بریتییە لە پەسەندکردن و ڕاستاندنی ئەو ئاکامانەی لە پێش داواکردنی پرۆسەی ڕاستاندنەکە لە خوێندنی پێرەوبەند، یان فێربوونی نیمچەپێرەوبەند یاخود ناپێرەوبەندەدا بەدەستهاتوون.

«Council Recommendation 2012/C 01/398».

### دانپێدانانی بڕوانامەی پیشەیی

«Recognition of professional qualifications»

ڕێنمایی «EC/36/2005» یاساکانی دەستپێڕاگەیشتنی تاک بە پیشەیەکی ڕێکخراو «regulated profession»، لە پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی پیشەیی، بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا دیاریی دەکات. لە ڕێنماییەکەدا هاتووە کە دەبێت وڵاتی خانەخوێ ددان بە بڕوانامەیەکی پیشەییدا بنێت کە لە وڵاتێکی دیکەی ئەندامدا بەدەستهاتووە، ئەمەش ڕێ بە هەڵگری بڕوانامەی ناوبراو دەدات لە هەمان پیشەی خۆی لەو وڵاتەدا کار بکات.

دانپێدانانی بڕوانامەیەکی پیشەیی لە وڵاتی خانەخوێ، ڕێگە بە سوودمەندەکان دەدات دەستیان بە هەمان ئەو پیشەیە بگات کە لە وڵاتەکەی خۆیان شیاون بۆ بەدەستهێنانی. «Directive 2005/36/EC».

### خوێندکار

«Student»

بریتییە لە فێرخوازێک کە لە شێوازی خوێندنێکی پێرەوبەندی کایەی خوێندنی باڵادا ناوی تۆمار دەکرێت. تکایە ئاگاداربە، کە پرسی بەکارهێنانی وشەی خوێندکار «student» یان فێرخواز «learner» لەم ڕێبەرییەدا بە قووڵی لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییەکان و ئەو گرووپانەی کاریان لەم ڕێبەرییەدا کردووە؛ گەنگەشەی لەسەر کراوە. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە گشتییانەی دامەزراوەکانی پەلکێش کردووە بەرەو دابینکردنی جۆرە خوێندنێکی کراوە و نەرم و گونجاو، هەموان ڕازیی بوون لەسەر ئەوەی بەکارهێنانی وشەی فێرخواز «learner» لە زۆربەی ئێکۆییەکاندا گونجاوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی تائێستا زۆربەی پێرەوییەکانی ناو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەسەر پێشکەشکردنی خوێندنی پێرەوبەند بۆ خوێندکار کاردەکەن، زاراوەی خوێندکار «student» هەڵبژێردرا بۆ ئاماژەکردن/ لەخۆگرتنی تەواوی ئەو فێرخوازانەی لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا سەرقاڵی خوێندنن «خوێندکارانی خوێندنی بەردەوام یان پچڕ، خوێندکارانی خوێندنی دووراودوور و ناو زانکۆ/کامپەس، ئەو خوێندکارانەی لە شێوازی فێربوون لەسەر بنەمای کار بەشدارییان کردووە، ئەو خوێندکارانەی کە بەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامەوەن یاخود سەرقاڵی وانەیەک یان یەکەیەکی خوێندنی سەربەخۆن».

### شێوازی فێربوونی خوێندکارتەوەر

«Student-Centred Learning»

بە شێوازی داهێنەرانە لە بواری وانەوتنەوەدا دەناسرێتەوە، کە ئامانجیان بریتییە لە برەوپێدانی پرۆسەی خوێندن و پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار. شێوازی خوێندکار تەوەر؛ خوێندکار وەک بەشدارێکی کارا دەبینێت لە پرۆسەی فێربوونی تایبەت بە خۆیان و هانی پێگەیاندن و پەرەپێدانی کارامەییە گشتییەکان دەدات وەک کارامەیی چارەسازیی «problem-solving» و شێوازی بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە «critical» و پەرچێنەرانە «reflective».

«ESU. 2010».

### تۆماری نمرە

«Transcript of Records»

بەڵگەنامەیەکە تۆماری دواین بەرەوپێشچوونی خوێندکاری تێدایە کە لە خوێندندا بەدەستی هێناوە، وەک: بابەتە پەروەردەییەکانی خوێندکار، ژمارەی کرێدیتەکانی «ECTS» کە خوێندکار بەدەستی هێناون، لەگەڵ ئەو نمرانەی کە وەریگرتوون. بەڵگەنامەکە ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی هەیە بۆ تۆمارکردنی بەرەوپێشچوونەکانی خوێندکار و بەفەرمی دانپێدانان بە تەواوی دەستکەوتەکانی خوێندنی و لە نێویاندا بڕوانی خوێندکار. زۆربەی دامەزراوەکان تۆماری نمرەکان لە داتابەیسی دامەزراوەیی خۆیانەوە دروست دەکەن.

### گواستنەوەی کرێدیت

«Transfer of credits»

پێواژۆی دانپێدانانە بەو کرێدیتانەی خوێندکار یاخود فێرخوازدا کە لە ژینگەیەکی تایبەتییدا وەریگرتوون «جا لە ڕێی پرۆگرامی خوێندن، یاخود دامەزراوەیەکی دیاریکراو» و لەلایەن ژینگەیەکی فەرمیی دیکەوە بێت، کە مەبەست لێی بەدەستهێنانی بڕوانامەیە. بە واتایەکی تر، ئەو کرێدیتانەی لە پرۆگرامێکی خوێندنی دیاریکراودا بە خوێندکار دراوە، دەکرێت لە دامەزراوەیەکی دیاریکراوەوە بگوازرێتەوە و بخرێتە سەر پرۆگرامێکی دیکەی خوێندن کە لەلایەن هەمان دامەزراوە یاخود دامەزراوەیەکی جیاوازەوە تەرخان کراوە. لێرەدا خوێندکار دەتوانێت سوود لە کرێدیتە کۆکراوەکانی ببینێت بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی. لەم دۆخەدا، پێویستە دامەزراوەکان و فاکەڵتیی و کۆلێج و بەشەکان ڕێکەوتننامەی خوێندن بۆ ئەو مەبەستە واژۆ بکەن، کە خۆکارانە «ئۆتۆماتیکیی» دانپێدانان و گواستنەوەی کرێدیتەکان دەستەبەر دەکات.

## ڕاستاندن
## «Validation»

پرۆسەی پشتڕاستکردنەوەیە، کە لەلایەن دەستەیەکی ڕێگەپێدراوەوە ئەنجام دەدرێت. لەم پرۆسەیەدا، ئەوە پشتڕاست ‑دەکرێتەوە کە تاکێک بە شێوازێکی پەسەندکراو و بە گوێرەی ستانداردە پەیوەندییدارەکان ئاکامەکانی فێربوونی بەدەست هێناوە. ڕاستاندن لە چەند قۆناغێکی جیاواز پێکدێت، کە بریتیین لە:

- ناسینەوەی ئەزموونە تایبەتەکانی تاک لە ڕێگای گفتوگۆوە.
- بەڵگەنامەکردن بە مەبەستی بەرجەستەکردن و دەرخستنی ئەزموونەکانی تاک.
- هەڵسەنگاندنی فەرمیی ئەم ئەزموونانە.
- ڕاستاندنی «certification» ئەنجامەکان، کە دەکرێت ببێتە هۆی پێدانی بڕوانامەیەکی بەشەکی «partial» یاخود تەواو «full».

«Council Recommendation 2012/C 01/398».

## خوێندنی ئۆنلاین
## «Virtual mobility»

بریتییە لە فێربوونێکی نێودەوڵەتی بە شێوازی ئۆنلاین «کاتێک خوێندکارێک بە شێوازی خوێندنی دووراودورر دەخوێنێت کە لەلایەن دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای دەرەوەی وڵاتەوە پێشکەش دەکرێت». ئەم شێوازە تەواوکەری شێوازی جێگۆڕکێکردنی فیزیکیی «جەستەیی» خوێندکارە. دەکرێت هەر دامەزراوەیەک ستراتیجی بە نێونەتەوەییکردنی مەنهەج و پڕۆگرامەکانی هەبێت، خوێندنی ئۆنلاین دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لەم بوارەدا «Mapping University Mobility Project, 2015».

## فێربوون لەسەر بنەمای کار
## «work-based learning»

شێوازێکی خوێندنە کە لەلایەن زانکۆ و کۆلێج و دامەزراوەکانی دیکەوە لە شوێنی کاردا دەوترێتەوە. دوو کەس سەرپەرشتی ئەم شێوازە دەکەن، کەسێکی ناو ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆسەکەی تێدا بەڕێوە دەچێت، لەگەڵ مامۆستایەکی پێشەیی دەرەوەی کۆمپانیاکە .
«Scottish Funding Council, 2015».



## کۆشش
## «workload»

بریتییە لە خەمڵاندنی ئەو ماوەیەی فێرخواز بە شێوەیەکی ئاسایی پێویستییەتی بۆ تەواوکردنی کۆی چالاکییەکانی فێربوون لە نموونەی: وانە، سیمینار، پڕۆژە، چالاکیی کرداری «وانە کردارییەکان»، ماوەی مەشقکردن و ڕاهێنان و خوێندنی تاکەکەسی، کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئاکامەکانی فێربوون لە ژینگەیەکی پێڕەوبەنددا داواکراون.

گونجان و هاوتاکردنی کۆششی یەک ساڵی تەواوی ئەکادیمی لەگەڵ (٦٠) کرێدیتی «ECTS»، لەڕێگەی پێڕەوێکی یاسایی نیشتمانییەوە شێوەیەکی فەرمیی و یاسایی پێدەدرێت و دەچەسپێنرێت. لە زۆربەی دۆخەکاندا ماوەی کۆشش بۆ ساڵێکی تەواوی ئەکادیمی لەنێوان (١٥٠٠-١٨٠٠) کاتژمێردایە، واتە (١) کرێدیتی «ECTS» بارتەقای (٢٥-٣٠) کاتژمێری کارکردنە. دەبێت بزانین ئەو کاتەی لە سەرەوە باسمان کرد پەسنی کۆششێکی ئاسایی دەکات، بەڵام لەسەر ئاستی تاکەکەسی، ئەو ماوەیەی تاکە فێرخوازێک پێویستیەتی بۆ بەدەستهێنانی ئاکامەکان دەگۆڕێت.

## ماوەی ڕاهێنان
## «Work placement»

بریتییە لە ماوەیەکی بەرنامەڕێژکراو، کە تیایدا خوێندکار لە دەرەوەی دامەزراوەکەی خۆی ئەزموون وەردەگرێت «بۆ-نموونە، لە شوێنی کار»، لەم ماوەیەدا خوێندکار دەتوانێت پەرە بە کارامەییەکی تایبەت یان کۆزانیی و تێگەشتنەکانی خۆی بدات.

## بڕوانامەی تایبەت بە ماوەی ڕاهێنان
## «Work Placement Certificate»

بەڵگەنامەیەکە لەلایەن ڕێکخراو/ کۆمپانیای خانەخوێوە دەدرێت بەو فێرخوازەی ماوەی ڕاهێنانی تەواوکردووە. هەندێک بەڵگەنامەی دیکە دەکرێت تەواوکاری ئەم بڕوانامەیە بن، وەک پشتگیرینامە «letters of recommendation». مەبەست لەم بڕوانامەیە بریتییە لە دەستەبەرکردنی تیواریی و دەرخستن و تیشکخستنە سەر بەهای ئەو ئەزموونەی خوێندکارەکە لە ماوەی ڕاهێنانەکەدا وەریگرتووە.

# نموونەکانی گۆڕینی نمرە



پاشکۆی 2

# پاشكۆی ٢

## نموونە: گۆڕینی نمرەكان (grade conversion)

نموونە لەسەر گۆڕینی نمرەكان


١- گۆڕینی نمرە بە پشتبەستن بە دوو خشتەی دابەشكردنی نمرەی دوو گرووپی بەراوردكاری جیاواز، كە سەر بە پێرەوی نمرەدانانی نیشتمانی جیاوازن:

گرووپی بەراوردكاری (ا) لە ئیتاڵیا (نمرەی دەرچوون لە نێوان ١٨ بۆ ٣٠)

گرووپی بەراوردكاری/بواری خوێندن: كۆدی ISCED بریتییە لە ٠٢٣ (زمانەكان)

گرووپی بەراوردكاری (ب) لە فەرەنسا (نمرەی دەرچوون لەنێوان ١٠ بۆ ٢٠)

گرووپی بەراوردكاری/بواری خوێندن: كۆدی ISCED بریتییە لە ٠٢٣ (زمانەكان)






لەم دۆخەدا، مەودای ڕێژەی سەدی نمرەكان پێكدادەچن و تێكەڵ دەبن ‹overlap›. دەبێت دامەزراوەی خانەخوێ پێشتر بڕیاریدابێت كە ئایا ڕێژەی كەمترین ‹minimum› ماماوەند ‹average›، یاخود بەرزترین ‹maximum› نمرەی هاوشێوەی مەودا پێكداچووەكە بەكار دەهێنێت. لەبەر ئەمە، ئەگەر زانكۆی ڕۆما پێشتر بڕیاریدابێت كە ڕێژەی كەمترین یاخود ماماوەند بەكاربهێنێت، ئەوا نمرەی خوێندكارەكە دەبێت بە «٢٧»، بەڵام ئەگەر بڕیاریان دابێت كە ڕێژەی بەرزترین بەكاربهێنن، ئەوا نمرەی خوێندكارەكە دەبێت بە «٢٨».


٢- گۆڕینی نمرە بە پشتبەستن بە دوو خشتەی دابەشكردنی نمرەی دوو گرووپی بەراوردكاری جیاواز، كە سەر بە پێرەوی نمرەدانانی نیشتمانی جیاوازن:

دامەزراوەی (FHV) لە نەمسا (نمرەی دەرچوون لە نێوان ١ بۆ ٤)

گرووپی بەراوردكاری/ بواری خوێندن كۆدی ISCED بریتییە لە ٠٧١ (ئەندازیاری و بازرگانی ئەندازیاری)

زانكۆی گێنت (Ghent) لە بەلجیكا (نمرەی دەرچوون لەنێوان ١٠ بۆ ٢٠)

گرووپی بەراوردكاری/بواری خوێندن كۆدی ISCED بریتییە لە ٠٧١ (ئەندازیاری و بازرگانی ئەندازیاری)




لەم دۆخەدا نمرەی ٢ (باشە) لە زانكۆكەی نەمسا بۆ نمرەی (١٣) لە دامەزراوەكەی بەلجیكا دەگۆڕێت. نمرەی (١١) لە زانكۆكەی بەلجیكا بۆ نمرەی ٣ (پەسەند) لە نەمسا دەگۆڕێت. لەم دۆخەدا، هەردوو دامەزراوەكە بڕیاریانداوە ئاستی ماماوەند ‹average› بەكاربهێنن لە كاتی پێكداچوونی مەودای ڕێژەی سەدییەكاندا.

# لیستی پێشنیارکراو بۆ خوێندنەوە



پاشکۆی 3

# لیستی پێشنیارکراو بۆ خوێندنەوە

## بەڵگەنامەکانی وابەستەی پێواژۆی بۆڵۆنیا

A Framework for Qualifications for the European Higher Education Area; Bologna Working Group on Qualifications Frameworks, published by the Ministry of Science, Technology and Innovation, Copenhagen, February 2005: http://www.ond.vlaanderen.be/hogeronderwijs/bologna/documents/050218_QF_EHEA.pdf

Bologna Conference, Using Learning Outcomes, Edinburgh, 1-2 July 2004: http://www.ehea.info/article-details.aspx?ArticleId=119

Bologna Framework and Certification (2008): http://www.ehea.info/Uploads/QF/Bologna_Framework_and_Certification_revised_29_02_08.pdf

Berlin Communiqué (Realising the European Higher Education Area. Communiqué of the Conference of Ministers responsible for Higher Education in Berlin on 19 September 2003): http://www.ehea.info/Uploads/about/Berlin_Communique1.pdf

Bucharest Communiqué (Making the Most of Our Potential: Consolidating the European Higher Education Area, Communiqué of the Conference of Ministers responsible for Higher Education in Bucharest on 26-27 April 2012): http://www.ehea.info/Uploads/(1)/Bucharest%20Communique%202012(1).pdf

European Standards and Guidelines for Quality Assurance in the European Higher Education Area: http://www.ehea.info/news-details.aspx?ArticleId=355

European Approach for Quality Assurance of Joint Programmes: https://eqar.eu/projects/joint-programmes.html

Report by the Structural Reforms Working Group to the BFUG, Structural Reforms Working Group, Strasbourg, Brussels, Vatican City, Warsaw, 8 December 2014: http://www.ehea.info/Uploads/SubmitedFiles/12_2014/154923.pdf



## بەڵگەنامە فەرمییەکانی یەکێتیی ئەوروپا

Council Recommendation (2012/C 398/01) of 20 December 2012 on the validation of non-formal and informal learning: http://eur-lex.europa.eu/LexUriServ/LexUriServ.do?uri=OJ:C:2012:398:0001:0005:EN:PDF

Communication from the Commission (COM 2001 678) of 21 November 2001: Making a European Area of Lifelong Learning a Reality: http://eur-lex.europa.eu/LexUriServ/LexUriServ.do?uri=COM:2001:0678:FIN:EN:PDF

Directive of the European Parliament and of the Council (2005/36/EC) of 7 September 2005 on the recognition of professional qualifications: http://eur-lex.europa.eu/legal-content/EN/TXT/PDF/?uri=CELEX:02005L0036-20140117&from=EN

Recommendation of the European Parliament and of the Council of 23 April 2008 on the establishment of the European Qualifications Framework for lifelong learning: http://eur-lex.europa.eu/legal-content/EN/TXT/PDF/?uri=CELEX:32008H0506(01)&from=EN

Regulation of the European Parliament and of the Council (EU No 1288/2013) of 11 December 2013 establishing 'Erasmus+': the Union programme for education, training, youth and sport: http://eur-lex.europa.eu/LexUriServ/LexUriServ.do?uri=OJ:L:2013:347:0050:0073:EN:PDF

## پێگە و بەستەرە بەسوودەکان

ENIC-NARIC Network: http://www.enic-naric.net/

European University Association (EUA) occasional papers on Massive Open Online Courses (MOOCs): http://www.eua.be/Libraries/Publication/MOOCs_Update_January_2014.sflb.ashx

Get to know ECVET better: Questions and Answers, Brussels, (2011): http://www.ecvet-team.eu/en/system/files/documents/14/questions-answers-about-ecvet-21/04/2010.pdf

Scottish Funding Council Glossary: http://www.sfc.ac.uk/housekeeping/glossary/glossary.aspx

The European Credit system for Vocational Education and Training (ECVET): http://ec.europa.eu/education/policy/vocational-policy/ecvet_en.htm

UNESCO (2014), ISCED: International Standard Classification of Education: http://www.uis.unesco.org/Education/Pages/international-standard-classification-of-education.aspx



## سەرچاوەی نووسراو

Bergan, S. (2007), Qualifications – Introduction to a concept (Council of Europe higher education series No.6): https://book.coe.int/eur/en/higher-education-and-research/3794-qualifications-introduction-to-a-concept-council-of-europe-higher-education-series-no6.html

Bergan, S.; Rauhvargers, A. (eds.) (2005), Standards for recognition: the Lisbon recognition convention and its subsidiary texts (Council of Europe higher education series No. 3): http://www.coe.int/t/dg4/highereducation/resources/heseries_en.asp

Biggs, J. (2003), Aligning teaching for constructing learning. Higher Education Academy: https://www.heacademy.ac.uk/aligning-teaching-constructing-learning

Bingham (1999), Guide to Developing Learning Outcomes

Cedefop (2009), European guidelines for Validating Non-formal and Informal learning; Luxembourg: http://www.cedefop.europa.eu/EN/Files/4054_en.pdf

Cedefop (2011), Using learning outcomes: European Qualifications Framework Series: Note 4: http://www.cedefop.europa.eu/EN/Files/Using_learning_outcomes.pdf

Colucci, E.; Davies, H.; Korhonen, J.; Gaebel, M. (2012): Mobility: Closing the gap between policy and practice; European University Association, Brussels: http://www.maunimo.be/images/Oslo/eua%20maunimo_web.pdf

Euridyce (2012), Recognition of Prior Non-Formal and Informal Learning in Higher Education. Overview: http://eacea.ec.europa.eu/education/eurydice/documents/focus-on/152.pdf

Ferencz, I.; Hauschildt, K.; Garam, (eds.) (2013), Mobility Windows: From Concept to Practice, Bonn: Lemmens Medien GmbH (ACA Papers on International Cooperation in Education): http://www.aca-secretariat.be/fileadmin/aca_docs/images/members/ACA_2013_Mobility_windows.pdf

Gosling, D. and Moon, J. (2002), How to use learning outcomes and assessment criteria (Third Edition) London: (SEEC): http://www.aec-music.eu/userfiles/File/goslingmoon-learningoutcomesassessmentcriteria(2).pdf

Hunt, E. S.; Bergan, S. (eds.) (2010), Developing attitudes to recognition. Substantial differences in an age of globalisation (Strasbourg: Council of Europe Publishing. Council of Europe Higher Education Series No 13)

Lockhoff, J., Wegejis, B., Durkin, K., Wagenaar, R., González, J., Dalla Rosa, L., & Gobbi, M. (2011). *A guide to formulating degree programme profiles. Including programme competences and programme learning outcomes. University of Deusto:* http://core-project.eu/documents/Tuning%20G%20Formulating%20Degree%20PR4.pdf

Moon, J. (2002), The Module and Programme Development Handbook, London: Kogan Page Limited: http://books.google.co.uk/books?id=1uKQAgAAQBAJ&printsec=frontcover&source=gbs_ge_summary_r&cad=0#v=onepage&q&f=false

Moon, J. (2004). Linking levels, learning outcomes and assessment criteria, Edinburgh: http://www.ehea.info/Uploads/Seminars/040701-02Linking_Levels_plus_ass_crit-Moon.pdf

Moon, J. (2004). Some thoughts on learning outcomes – their roles and use in higher education in the UK; Presentation slides from the 'Using Learning Outcomes' Conference, Edinburgh: http://www.ehea.info/Uploads/Seminars/04070102Moon.pdf

Vlăsceanu L., et al. (2004), Quality Assurance and Accreditation: A Glossary of Basic Terms and Definitions, Papers on Higher Education, UNESCO-CEPES: http://siteresources.worldbank.org/INTAFRREGTOPTEIA/Resources/UNESCO_Glossary_of_QA_and_Accreditation.pdf



## ئاکامی پرۆژەکان

Competences in Education and Recognition project (CoRe): http://www.core-project.eu/

EAR Manual – a European Area of Recognition project: http://www.eurorecognition.eu/emanual/

EMQT project (Erasmus Mobility Quality tools), co-funded by the EU Lifelong Learning Programme: https://lirias.kuleuven.be/handle/123456789/403903

European Grade Conversion System project (EGRACONS), co-funded by the EU Lifelong Learning Programme: http://egracons.eu/

European Recognition Manual for Higher Education Institutions: http://eurorecognition.eu/Manual/EAR%20HEI.pdf

Joint Degrees from A to Z project, co-funded by the EU Erasmus Mundus Programme: http://www.nuffic.nl/en/expertise/jdaz

Mapping University Mobility project (MAUNIMO): http://www.maunimo.eu/index.php/the-maunimo-project

Portal on joint programmes of the European Consortium for Accreditation in Higher Education (ECA), co-funded by the EU Erasmus Mundus Programme: http://ecahe.eu/w/index.php/Portal:Joint_programmes

Practical Guide to designing degree programmes with integrated transnational mobility – MOCCA project (Model for Core Curricula with Integrated Mobility Abroad), co-funded by the EU Socrates Programme.

Student-Centred Learning toolkit for students, staff and higher education institutions, Brussels, project of the European Students Union, co-funded by the EU Lifelong Learning Programme: http://www.esu-online.org/resources/6068/Student-Centred-Learning-Toolkit/

Tuning Academy project: http://tuningacademy.org/

# نموونە لە پڕۆفایلی پڕۆگرامەکانی خوێندن



پاشکۆی 4

# پاشکۆی ٤

# نموونەکان: پرۆفایلی پرۆگرامی خوێندن

نموونەی پرۆفایلی پرۆگرام و داڕشتنی ئاکامەکانی فێربوون

ئەم نموونانەی خوارەوە چەند شێوازێکی جیاوازی پەسنکردنی پرۆفایلی پرۆگرامی خوێندن یان وانەیەک دەخەنەڕوو. ئەم نموونانە ڕەها نیین، واتا پێویست نییە بە ناچاریی پەیڕەو بکرێن، بەڵام نموونەی باشن و لەسەر ڕێنماییەکانی ڕێبەری «**ECTS**» داڕێژراون.

**نموونەی ١**

پەسنکردنی پرۆگرامی خوێندنی بازنەی یەکەم لە ئەندازیاریی کۆمپیوتەر و ئاکامەکانی فێربوونی وانەی فیزیا «١»

### پرۆفایلی پرۆگرامی خوێندنەکە

پرۆگرامی خوێندنی بەکالۆریۆس لە ئەندازیاریی کۆمپیوتەر بە جۆرێک دیزاین کراوە خوێندکار تەییار بکات بە پێشینەیەکی کولتووری درووست، کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی لە بوارە جیاوازەکانی ئەندازیاریی و شارەزایی بەهێزی زانستی کۆمپیوتەر بونیادنراوە. ئامانجی ئەم کۆرسانە بریتییە لە پڕچەککردنی بەشداربووان بەو کارامەییانەی پێویستن بۆ دیزاینکردن و دامەزراندن و چاککردنەوە و پاراستنی سیستەمی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر، ئەپڵیکەیشنەکان، پێڕەوی خۆبەڕێوەبەری پیشەسازیی، سیستەمی زانیاریی بەڕێوەبردن، پرۆسێسینی یەکگرتوو و سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردن. دەرچووانی بواری ئەندازیاریی کۆمپیوتەر دەبن بە ئەندازیار و شارەزایەکی باشی بواری تەکنەلۆجیای زانیاریی.

### ئاکامە گرنگەکانی فێربوون

دەرچووانی پرۆگرامی خوێندن لە بواری ئەندازیاریی کۆمپیوتەر لە بازنەی یەکەم دەتوانن: دیزاین و دامەزراندن و پرۆسەی چاککردنەوە و پاراستن بکەن لە سیستەمی کۆمپیوتەر، تۆڕەکانی کۆمپیوتەر، ئەپڵیکەیشنەکان، پێڕەوی خۆبەڕێوەبەری پیشەسازیی، سیستەمی زانیاریی بەڕێوەبردن، پرۆسێسینی یەکگرتوو و سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردن.



**نموونەی ١**

### پرۆفایلی پیشەیی دەرچووان

دەرچووانی ئەم بڕوانامەیە شیاون بۆ کارکردن لە کۆمپانیاکانی تەکنەلۆجیای زانیاریی، کە تایبەتمەندن لە بەرهەمی «هاردوێر» و «سۆفتوێر»ـدا. بە هەمانشێوە شیاون بۆ کارکردن لە بواری پیشەسازیی خۆبەڕێوەبردن و تەواوی ئەو پرۆژانەی کە سیستەمی زانیاریی و تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن لە بەرهەمهێنانی ناخۆیی و پرۆسەی بەڕێوەبردندا. وێڕای ئەمانە، دەتوانن بە شێوازێکی ئازادانە، یاخود وەک بەڵێندەر، لە بواری پەرەپێدانی سیستەمی کۆنترۆڵکردنی دیجیتاڵی بۆ ئەپڵیکەیشنێکی دیاریکراو کار بکەن.

**نموونەی وانەیەک**

تاکە وانەیەک «single course unit»

فیزیا «١»

ئاکامەکانی فێربوون

ئەو خوێندکارانەی بە سەرکەوتوویی ئەم کۆرسە تەواو دەکەن، توانستی تێگەیشتن و شارەزابوونیان لە چەمکە بنەڕەتییەکانی فیزیا لە هەردوو کایەی میکانیزمی «نیوتنی» و «کارۆموگناتیسی کلاسیک» هەیە. خوێندکار دەتوانێت ئەوە پیشان بدات کە کۆزانییەکی تۆکمەی لا گەڵاڵە بووە سەبارەت بە یاساکانی پاراستن «**conservation law**» و هاوکێشەکانی ماکسوێڵ «**Maxwell equations**»، ئەم زانیارییانە توانا بە خوێندکار دەدەن بتوانێت کێشە بنەڕەتییەکانی جووڵان «dynamic» چارەسەر بکات لە سیستەمە میکانیکییەکان و لە ناو کایەی درووستبوونی بوارەکان لە کێشەکانی کارۆموگناتیسیدا.

### شێواز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

### شێوازەکانی هەڵسەنگاندن

- تاقیکردنەوەی نووسراوی کۆتایی.
- تاقیکردنەوەی زارەکیی کۆتایی.

نموونەی وانەییەك

تاقیکردنەوەی نووسراو دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو تاقیکردنەوەی زارەکیی کۆتایی. بەدەستهێنانی «١٥» خاڵ لە کۆی «٣٠» خاڵ مەرجە بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەی نووسراو. کاتێک خوێندکار لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرچوو، ئەوا یەکە و بەهای تاقیکردنەوەی زارەکی کۆتایی بریتییە لە «٧٠٪».

### پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

خوێندکار لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کۆرس و بەکارهێنانیان لە دۆخی تایبەتییدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. لە تاقیکردنەوەی نووسراودا «٣ کاتژمێر»، «٢ کێشە»، دەبێت خوێندکارەکە توانایی خۆی لە بەکارهێنانی چەمکە بنەڕەتییەکان بۆ دۆزینەوەی وەڵام و چارەسەرەکان پیشان بدات. لە تاقیکردنەوەی زارەکییدا، دەبێت خوێندکارەکە توانای خۆی پیشان بدات لە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی گرنگترین ئەو یاسا فیزیاییانەی لە کۆرسەکەدا بە شێوەیەکی ڕەخنەیی باسکراوە.



نموونەی ٣

پەسنکردنی پرۆگرامی خوێندنی مێژوو لە بازنەی یەکەمدا و ئاکامەکانی فێربوونی وانەیەک لە مێژووی نوێ.

### پرۆفایلی پرۆگرامی خوێندنەکە

ئامانجی پرۆگرامی خوێندنی مێژوو بریتییە لە ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ توێژینەوەی کرداریی لە بواری مێژوودا، ئەمەش بە یارمەتیی کۆزانییە تۆکمەکانی بابەت و گفتوگۆ مێژووییەکان و بەدەستهێنانی ڕێگاکانی مامەڵەکردن و لێکدانەوەی سەرچاوەکان و بەکارهێنانی زمانێکی ڕوون و ورد، کە لەگەڵ گوتارە مێژووییەکاندا گونجاو بێت. ئەزموونی خوێندنەکە لە ڕێگای کۆمەڵێک چالاکیی وەک: وانە، سیمینار، وۆرکشۆپ و تاقیگەوە ڕێک دەخرێت. هاوشانی ئەم چالاکییانە، خوێندکارەکان دەتوانن لە کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن، هەتاوەکو پەیوەندییان لەگەڵ گفتوگۆ زانستییە نیشتمانیی و نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت. پرۆگرامی خوێندنەکە چوار ڕێچکەی هەیە: مێژووی کۆن، مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، مێژووی نوێ و مێژووی هاوچەرخ.

### ئاکامە گرنگەکانی فێربوون

دەرچووانی ئەم پرۆگرامە کۆمەڵێک کۆزانیی و توانستیان دەبێت؛ بۆ نموونە، دەتوانن تێگەیشتنێکی ڕەخنەییان سەبارەت بە ڕابردوو و ئێستا هەبێت، هەروەها کۆزانیی و توانای بەکارهێنانی تەکنیکە بنەماییەکانیان لە بواری توێژینەوەی مێژووییدا هەبێت؛ جگە لەوەش توانای دەستنیشانکردنی بابەتە نووسراو و بیبلیۆگرافیی و سەرچاوە پەیوەندییدارەکانیان هەبێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە مێژووگرافییەکان؛ توانای گفتوگۆ و گەیاندنی ئەنجامەکانیان بە شێوازی جیاواز هەبێت، بە جۆرێک لەگەڵ بیسەر و بینەردا بگونجێت؛ کۆزانیی و توانستیان سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامرازە سەرەکییەکانی مێژوو و زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکانی دیکە هەبێت؛ هەروەها کۆزانییان سەبارەت بە هێڵە گشتییەکانی مێژووی مرۆڤ و کۆزانیی تایبەتمەند و وردیشیان سەبارەت بە ماوەیەکی فراوانی مێژوو «کۆن، سەدەکانی ناوەڕاست، نوێ و هاوچەرخ» هەبێت؛ سەرباری زمانی ئیتاڵی، توانستی بەکارهێنانی لانیکەم زمانێک لە زمانەکانی یەکێتیی ئەورووپای هەبێت؛ هەروەها توانای بنچینەییان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاریی بە مەبەستی گەیاندن و دەستخستن و ڕوونکردنەوەی تێکست و داتا مێژووگرافییەکان هەبێت.

نموونەی ٣

## پرۆفایلی پیشەیی دەرچووان

ئەو دەرچووانەی بڕوانامەی بازنەی یەکەمیان پێدراوە «لە زانکۆی لەوریا» لە کایەی مێژوودا، دەتوانن کۆمەڵێک چالاکیی هەمەجۆر بۆ ڕێکخراوە گشتیی و تایبەتەکان ئەنجام بدەن. دەرچووەکان بە شێوازێکی بەرپرسیارانە چالاکییەکان ئەنجام بدەن، بە تایبەتی لەو بوارەی وابەستەی توێژینەوەی مێژوویە. مەبەست لەم جۆرە توێژینەوەیە بریتییە لە بەهابەخشیی و پاراستنی کەلەپوور و سەروەتە نیشتمانییەکان، وەک ئەرشیف و کتێبخانە و فەرهەنگی ماددی/کەرەستە کولتوورییەکان و ناساندنی ئەمانە لە نێوکۆییە جیاوازەکاندا. دەرچووەکان دەتوانن بەشداریی ئەو پڕۆگرامانە بکەن کە تایبەتە بە ئامادەکردنی مامۆستایان لە بواری مێژوو و وێژەدا. دەرچووان دەتوانن پێشبڕکێ بکەن لەسەر وەرگرتنی کار لە کەرتی گشتیی، بە تایبەتیی لەو کایانەی کە وابەستەی وانەوتنەوە، بەڕێوەبردنی ئەرشیڤ و کتێبخانە و مۆزەخانەکان، یاخود پیشەیەکی دیبلۆماسیین.



نموونەی وانەیەك

## مێژووی نوێ

### ئاکامەکانی فێربوون

ئەو خوێندکارانەی سەرکەوتووانە کۆرسەکە تەواو دەکەن، کۆزانیی پتەویان دەبێت سەبارەت بە ڕووداو و پرۆسە سەرەکییەکانی مێژووی ئەورووپا و هەر لە سەردەمی گەڕانی جوگرافییەوە بیگرە هەتاوەکو سەردەمی «ناپلیۆن».
سەرباری ئەمە، کۆزانیی نوێ و وردیان دەبێت سەبارەت بە ئیمپراتۆرێتی ئیسپانی لە نێوکۆی دەریای ناوڕاست و ئۆقیانووسی ئاتلانتیکدا و، ئەو کێشە مێژووگرافیەی کە وابەستەی ئەم نێوکۆیەن، هەروەها دەتوانن تێکستەکانی ئەم سەردەمە/ماوەیە بخوێننەوە و شیکاری بکەن.

### شێواز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

#### شێوازەکانی هەڵسەنگاندن

- تاقیکردنەوەی زارەکیی کۆتایی.
- تاقیکردنەوەی نووسراوی ناوبەناو.

ئەو خوێندکارانەی لە وانەکاندا ئامادە دەبن و بەشداریی گفتوگۆ و شیکاری بەڵگەنامەکان دەکەن، لەوانەیە ناوبەناو تاقیکردنەوەیەکی نووسراو ئەنجام بدەن، کە بە شێوەیەکی ئاسایی کۆمەڵێک وەڵامی تێدایە کە وابەستەی پرسیارەکانی بابەتەکانی ناو کۆرسەکەیە. ئەم تاقیکردنەوەیە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی زارەکیی هەژمار دەکرێت. ئەو خوێندکارانەی کە ناتوانن ئامادەی ئەم تاقیکردنەوەیە بن، تەنها لە تاقیکردنەوەی زارەکیی کۆتاییدا هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت.

#### پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

شێواز و ڕێکخستنی کاتی تاقیکردنەوەی ناوبەناو بۆ ئەو خوێندکارانەی لە تاقیکردنەوەدا بەشدار دەبن، لە ناو وانەکاندا و لەگەڵ خوێندکارەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. مەبەستی تاقیکردنەوەی زارەکیی کۆتایی بریتییە لە دڵنیابوونەوە لەوەی خوێندکارەکە دەتوانێت زانیاریی لەسەر کەرەستە و بابەتەکانی کۆرسەکە پێشکەش بکات و بە شێوەیەکی گشتگیر ڕەخنەییانە باسی مۆنۆگرافە هەڵبژێردراوەکان بکات.

نموونەی ٣

## پەسنکردنی پرۆگرامی خوێندنی کارگێڕیی کار لە بازنەی یەکەمدا

ناونیشانی پرۆگرامەکە: کارگێڕیی کار

ئاستی پرۆگرامەکە: پرۆگرامی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پیشەیی

شیاویی بەخشراو: بەڕێوەبەری دامەزراوە و پرۆژەکان

### ئاستی بڕوانامەکە

لەکاتی دەرچوون لە پرۆگرامەکەدا، خوێندکارەکە دەبێتە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پیشەیی کە شیاو بێت بۆ «بەڕێوەبەری دامەزراوە و پرۆژەکان» کە هاوتای ئاستی پێنجەمی شیاوییە پیشەییەکانە و هاوتای ئاستی شەشەمی چوارچێوەکاری شیانی لاتیڤیایی و چوارچێوەکاری شیانی ئەوروپاییە.

### پێداویستیە تایبەتەکانی وەرگرتن

پرۆسەی ناونووسین و بەشدارییکردن بە گوێرەی ڕێنماییەکانی وەرگرتنی سکوولەکە ڕێکخراوە، کە بۆ هەر ساڵێکی نوێی ئەکادیمی لە لایەن ئەنجوومەنەوە پەسەند دەکرێت.

### ئامادەکاریی تایبەت بۆ دانپێدانانی فێربوونی پێشین

بۆ دانپێدانانی فێربوونی «نیمچەپێڕەوبەند» و «ناپێڕەوبەند»، چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی خوێندنی درێژخایەن هەیە. لە «١٠» کانوونی دووەمی «٢٠١٠» کابینەی وەزیران ژمارەی «٣٦»ـی «یاسای ڕێکارەکانی دانپێدانانی ئاکامەکانی فێربوونی خوێندن و ئەزموونی پیشەیی پێشین»ـی بڵاوکردەوە. بەڵگەنامە ڕێکارییەکان لە لایەن سکوولەکەوە پەرەی پێ دەدرێت و لە لایەن ئەنجوومەنەوە پەسەند دەکرێت. چالاکییەکانی بواری خوێندنی درێژخایەن بە جۆرێک داڕێژراون کە کارئاسانی بۆ فێربوونی درێژخایەن «LLL» بکەن. پرۆگرامەکان بە پشتبەستن بە ئاکامەکانی فێربوون داڕێژراون، ئەمەش تیواریی و هاوشێوەیی دەستەبەر دەکات. پێڕەوی «ECTS» بەسەر خوێندنی درێژخایەندا جێبەجێ دەکرێت. ئامادەکارییە گشتییەکانی تایبەت بە دانپێدانانی فێربوونی «نیمچەپێڕەوبەند» و «ناپێڕەوبەند» لە بڵاوکراوەی «یاسای ڕێکارەکانی دانپێدانانی ئاکامەکانی فێربوونی خوێندن و ئەزموونی پیشەیی پێشین»ـدا ڕوون کراوەتەوە. ئەم بەڵگەنامەیە کۆمەڵێک بابەت شی دەکاتەوە وەک پرۆسەکە و پێوەرەکان و دانپێدانانەکە.



نموونەی ٣

## داواکاریی و ڕێنماییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامە

بە مەبەستی بەدەستهێنانی شیاویی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پیشەیی، خوێندکارەکە دەبێت ئەم داواکارییانەی خوارەوە جێبەجێبکات:

- ئاکامە گشتی و تایبەتەکانی کۆرسەکە بەدەستبهێنێت.
- ئاکامەکانی کۆرسی سەرپشکی پرۆگرامەکە بەدەستبهێنێت.
- لە ماوەی مەشقکردندا لە کۆمپانیایەکدا بەشداریی بکات.
- پرۆژەی دەرچوون ئامادە بکات و گفتوگۆی بکات.

پرۆگرامی خویندنەکە خوێندکاران ئامادە و تەییار دەکات بەو توانا و کارامەییانەی کە پێویستیانە بۆ ئەوەی ببن بە بەڕێوەبەری بە توانا لە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتیی-ئابووریی پڕ جموجۆڵدا. خوێندکارەکان لە ڕێگای پێواژۆی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشە و بڕیاردانەوە دەتوانن کۆزانییەکانیان بەکاربهێنن. بڕوانامە بەخشراوەکە ددان بەوەدا دەنێت کە دەرچووەکانی ئەم بەشە کۆمەڵێک توانایان دەبێت، بۆ نموونە دەتوانن بنەماکانی ئەدای پرۆژە دابڕێژن؛ دەتوانن بە گوێرەی ئامانجی بزنسێکی دیاریکراو پلانسازیی و ڕێکخستن بکەن؛ دەتوانن لەگەڵ کەسە جیاوازەکاندا کار بکەن و بە ئاسانی لەگەڵ ژینگەی پڕ جموجۆڵی بەڕێوەبردندا خۆیان بگونجێنن. کۆی ئەمانەش بە گوێرەی بەشی «٥»ـی ئاستی ستانداری پیشەیی «بەڕێوەبەری پرۆژە و دامەزراوە» بەڕێوە دەچن، کە هاوتای ئاستی «٦»ـی چوارچێوەکاری شیانی لاتیڤیایی و چوارچێوەکاری شیانی ئەوروپاییە. خوێندکارەکان «٢٤٠» کرێدیتی «ECTS» «١٦٠» کرێدیتی لاتیڤیایی» لە ژینگەیەکی خوێندنی نێودەوڵەتییدا وەردەگرن. خوێندکارەکان شیاون بۆ خوێندنی پرۆگرامی ئاڵوگۆڕی «ئیراسمەس پڵەس». سەرباری ئەمە، خوێندکارەکان مافی ئەوەیان هەیە لەگەڵ ستافی ئەکادیمیی نێودەوڵەتیی زانکۆ هاوبەشەکانمان بخوێنن. ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی مەشق و ڕاهێنانەکان بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندنەکە.

## ڕەفتاری بەکاربەر لە بازاڕە جیهانییەکاندا

ئاکامەکانی فێربوون:

- خوێندکار دەتوانێت زاراوە و پێناسە و چەمکەکانی کایەی ڕەفتاری بەکاربەر شیبکاتەوە و بە شێوازێکی کرداری بەکاریان بهێنێت.
- خوێنکار دەتوانێت شێوازە باوەکانی ڕەفتاری بەکاربەر شیبکاتەوە، بە شێوەیەکی کرداریی لە بازاڕی بەکاربەراندا بە کاریان بهێنێت.
- خوێندکار دەتوانێت پەسنی ئەو فاکتەرانە بکات کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاری بەکاربەر بۆ کڕینی بەرهەمێک هەیە.
- خوێندکار دەتوانێت کاریگەریی ڕیکلام و چالاکییە بانگەشەکەرەکانی تر هەڵبسەنگێنێت، هەروەها کاریگەریی ئەمانە لەسەر کڕیار ڕاڤە بکات.



پەسنی پرۆگرامی بازنەی دووەم
«ماستەر» لە بواری «Advanced Spectroscopy»
لە ڕشتەی کیمیادا و ئاکامەکانی فێربوون
بۆ خوێندنی «Mass Spectroscopy»

پرۆفایلی پرۆگرامی خوێندنەکە

پرۆگرامی خوێندنی ماستەر خوێندکار ڕادەهێنێت بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی شارەزا و بە پێودانگە نێودەڵەتییەکان بۆ خوێندنی دوکتۆرا یان کاری پیشەیی لە شیکاریی کیمیایی و ناساندنی پێکهاتەی وانەکەدا ئامادەی بکات. چوارچێوەی ئاڵوگۆڕکاری دڵنیایی دەدات کە خوێندکار، سەرەڕای تایبەتمەندبوون و دەستگەیشتن بە تەکنۆلۆجیای نوێ، پابەند دەبێت بە کرۆکی مەنهەجی خوێندنەکە لە دامەزراوە جیاوازەکانی خوێندنی باڵای ئەوروپا.

ئاکامە گرنگەکانی فێربوون:

خوێندکاران لێهاتووییە بنەڕەتییەکان بەدەست دەهێنن لە:

- شیکاریی کیمایی.
- تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکان.
- وێنەکردن و مودێلی مۆڵیکیولەر.
- ناساندنی کاردانەوەی خێرا.
- کوالێتی کۆنترۆڵ.
- بابەتەکان.

خوێندکاران لێهاتووییە پەیوەندییدارەکان بەدەست دەهێنن لە:

- ئەنجامدانی توێژینەوە.
- پرۆسەی بڕیاردان و بەڕێوەبردن.
- زمانە بیانییەکان «پێشکەشکردنی بابەتێکی زانستیی بە زمانی ئینگلیزی، چ بە نووسین یان ئاخاوتن».
- ئەنجامدانی توێژینەوە لە نێوکۆییە نێودەوڵەتیی و کولتوورە جیاوازەکاندا.
- ئاڵوگۆڕیی جوگرافیی.





«Advanced Spectroscopy in Chemistry»

ناونیشانی یەکە: «Mass Spectroscopy»
لە لایەن پرۆفیسۆر «.....» دەوترێتەوە
کۆدی یەکە: LI Semester I -01 ASC
کرێدتی ECTS: «٥ کرێدیت»

پێشمەرج: هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کیمیا یان هاوتاکەی بێت

پەسنی کورسەکە: ئەم کۆرسە لایەنە جیاوازەکانی «**Molecular Mass Spectroscopy**» لەخۆدەگرێت کە دوا پەرەسەندنەکانی دیزاین و تەکنیک و پێواژووی «**Mass Spectral**» تێدایە. ڕێگاکانی بەردەست بۆ ناساندنی نموونە شیکارییەکان پێشکەش کراون، لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی ئەم ڕێگایانەش بەهەند وەرگیراون. جۆرەکانی شیکاری «**Mass**» و بنەماکانی کارکردن گفتوگۆی لەسەر کراوە. «سۆفتوێر»ـە بەردەستەکان وەک هۆکارێک بۆ شیکاریی پشتبەست بە داتا و بە تەکنیکی ئۆنلاین پەسنکراوە. نموونەکانی جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی **Mass Spectrometric** لە بوارە جیاوازەکانی کیمیادا خراونەتەڕوو.

ئامانجەکان:

ئامانجەکانی ئەم یەکەیە بریتیین لە:

- بنیادنان و فراونکردنی چەمکە تیۆرییەکان و بەکارهێنان کە ناسێندراون لە ماوەی خوێندنی بەکالۆریۆسدا.
- پەرەپێدانی توانا و متمانەی خوێندکار لە «**Mass Spectroscopy**» دا.
- جەختکردنەوە لە پێشکەوتنە نوێیەکان لە بەکارهێنان و تەکنیکەکانی «**Mass Spectroscopy**»
- دیاریکردنی بەکارهێنانی گونجاو بۆ پراکتیکە تایبەتەکان.






ئاکامەکانی فێربوون:

دوای تەواوبوونی ئەم یەکەیە، خوێندکاران دەتوانن:

- گفتوگۆ بکەن بە شێوەیەکی گشتیی لەسەر ڕێگا بەردەستەکانی ناساندنی نموونەکانی «**Mass Spectroscopy**»
- دیاریکردنی ڕێگاکانی بە ئایۆنکردن و سوود و زیانەکانی.
- چاوپێداخشاندنەوە بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە لە جۆرە بەردەستەکانی «**Mass Analysers**».
- گفتوگۆ بکەن لەسەر بەکارهێنانی «سۆفتوێر» بۆ شیکارکردنی داتاکانی «**Mass Spectral**».
- دیاریکردنی گونجاوترین ڕێگا کە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی دیاریکراوەکان و پەسنکردنی ڕادە و دیاریکردنی داتا وەرگیراوەکان.
- لێکدانەوەی داتای «**Mass Spectral**» و پێشکەشکردنی دەرەنجامەکان بە شێوەی نووسین و ئاخاوتن.
- ڕوونکردنەوە بۆ کەسی ناپسپۆڕ کە چۆن «**Mass Spectroscopy**» دەتوانێت زانیاریی گرنگ بدات دەربارەی کایە جیاوازەکانی کیمیا و کایە پەیوەستەکانی.

چالاکییەکانی فێربوون و فێرکردن:

وانە و سیمناری زانستی: «٤٠» کاتژمێر.

فێربوونی خوێندکارتەوەر: «٩٠» کاتژمێر.

کۆی گشتی کۆششی خوێندکار: «١٣٠» کاتژمێر

پێودانگی هەڵسەنگاندن: تاقیکردنەوە لە دوای ماوەی وانەوتنەوە: نووسین یان زارەکی «١٠٠ نمرەی لەسەر دەبێت»

Bibliography:

«Mass Spectrometry, Principles and Applications, E. de Hoffmann and V. Stroobant, Wiley, Chichester, 2001»

## وردکردنەوەی نموونەی ئاکامەکانی فێربوون

وردکردنەوەی نموونەی ئاکامەکانی فێربوون بۆ بابەتێکی بڕوانامەی بازنەی دووەم «ماستەر» لە ڕشتەی «شیکاریی بازاڕ»دا

### ئاکامی فێربوونی یەکەم: بەدەستهێنانی توانا لە شیکاریی بازاڕدا

ئاکامی فێربوونی «١.١»: پەرەپێدانی مۆدێلە ئاڵۆزەکانی بڕیاردان لە بازاڕکردن لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی پەیوەندیی نێوان کڕیار و بەڕێوەبردندا.

ئاکامی فێربوونی «٢.١»: ئاوێتەکردنی سیستمەکانی بڕیاردانی بازاڕکردن لەگەڵ بارودۆخی ڕاستەقینەی کۆمپانیادا.

ئاکامی فێربوونی «٣.١»: شیکارکردنی بارودۆخی پەیوەست بە کار بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ڕەخنەییانە بە بەکارهێنانی هەڵگرتنی داتا و زانیارییەکان.

ئاکامی فێربوونی «٤.١»: بەشێوەیەکی داهێنەرانە جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی هەڵگرتنی داتا لەسەر بارودۆخی گونجاو بە کارەوە.

ئاکامی فێربوونی «٥.١»: بەشێوەیەکی داهێنەرانە جێبەجێکردنی ڕێگاکانی توێژینەوەی بەبازاڕکردنی پێشکەوتوو لەسەر بارودۆخی گونجاو بە کارەوە.

### ئاکامی فێربوونی دووەم: توانستی توێژینەوە

ئاکامی فێربوونی «١.٢»: دیاریکردن و پشتڕاستکردنەوەی تەکنیکەکانی هەڵگرتنی داتا و سەرژمێری بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ کێشە ئاڵۆزەکانی بەبازاڕکردندا.

ئاکامی فێربوونی «٢.٢»: گۆڕینی کێشە ئاڵۆزەکانی بەبازاڕکردن بۆ پرسیاری توێژینەوەی زانستی.

ئاکامی فێربوونی «٣.٢»: جێبەجێکردنی توێژینەوە بەردەستەکان لە گۆڤارە نێودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان بۆ کێشەی ئاڵۆزیی بەبازاڕکردن.

ئاکامی فێربوونی «٤.٢»: پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەت لەگەڵ توێژینەوە بەردەستەکانی بەبازاڕکردندا.

ئاکامی فێربوونی «٥.٢» سودوەرگرتن لە دروستەی داتای ئاڵۆز





### ئاکامی فێربوونی سێیەم: توانستی هزری

ئاکامی فێربوونی «١.٣»: بە کارامەیی بەکارهێنانی زمانی پرۆگرامە جیاوازەکان و بەرنامەکان وەک ڕێگەیەک بۆ دروستکردنی مۆدێلە ئاڵۆزەکانی بڕیاردان لە بەبازاڕکردندا.

ئاکامی فێربوونی «٢.٣»: بەردەوام فراوانکردنی ڕێگا و تواناکانی خود بەشێوەیەکی ڕووبەڕووکاری.

ئاکامی فێربوونی «٣.٣»: ئەنجامگیریی دروست بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ کێشە ئاڵۆزەکانی بەبازاڕکردن.

### ئاکامی فێربوونی چوارەم: توانست لە هەماهەنگیی و گەیاندندا

ئاکامی فێربوونی «١.٤»: ڕاپۆرتکردنێکی دروست و زانستی ئەنجامە پەیوەستەکان بە توێژینەوەی خوێندکار لە بەبازاڕکردندا.

ئاکامی فێربوونی «٢.٤»: جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی ڕاستەقینە لەناو تیمێکی نێودەوڵەتی و هەمەڕەنگدا کە ئاستی جیاوازیان هەبێت لە ئەزمووندا.

ئاکامی فێربوونی «٣.٤»: بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتێکی نووسراوی پرۆفێشناڵانە لەسەر بابەتێکی ئاڵۆزی بەبازاڕکردن و پێشنیاری چارەسەر بۆی.

ئاکامی فێربوونی «٤.٤»: پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی پرۆفێشناڵانەی زارەکی لەسەر بابەتێکی ئاڵۆزی بەبازاڕکردن و پێشنیازی چارەسەر بۆی.

ئاکامی فێربوونی «٥.٤»: گەیاندنی چارەسەرەکانی بەبازاڕکردن بە کەسانی کەمئەزموون و ئەزمووندار بە زمانی ئینگلیزیی.

ئاکامی فێربوونی «٦.٤»: بەشداریکردن لە پرۆژەیەکی ڕاستەقینەی کاردا.

### ئاکامی فێربوونی پێنجەم: توانستی کۆمەڵایەتی

ئاکامی فێربوونی «١.٥»: ئاوێتەکردنی بەرئەنجامەکانی پەرەپێدانە نوێیەکان لە کۆکردنەوەی داتادا.

ئاکامی فێربوونی «٢.٥»: ڕێکخستنی مۆدێلەکانی بڕیاردان لەسەر بنەمای بەربەستەکان و ئامانجەکانی کار.

# سوپاس و پێزانین

ئەم ڕێبەرییە بەرەنجامی کارێکی ئێجگار زۆری ئەم ساڵانەیە لە پێواژووی بۆلۆنیادا، بە کاری پێکەوەیی بێت یان هەر وڵاتە بە تەنیا خۆی. ئەستەمە بتوانرێت ماندووبوونی هەموو ئەو دامەزراوانەی بەشدار بوون تێیدا بنرخێنرێت. کۆمسیۆنی ئەوروپا بە تایبەت بە پێویستی دەزانێت سوپاسی ئەو گرووپانە بکات کە لە لایەن وڵاتەکانیانەوە پێشنیارکرابوون بۆ کارکردن لەم ڕێبەرییە و ئەو ڕێکخراوانەی ناوچەی خوێندنی باڵای ئەوروپا کە بەشدار بوون لە پێداچوونەوە بەم ڕێبەرییەی بەکارهێنانی «ECTS» چونکە زۆر پابەند و هاوکار بوون.

ئیڤان بابین «ئۆکرانیا»
تیم بیرتویستڵ «شانشینی یەکگرتوو»
ڕێگین بۆڵتەر «نەمسا»
هۆوارد داڤیس «کۆمەڵەی زانکۆکانی ئەوروپا»
باتریک دێلپۆڤ «فەرەنسا»
ڕۆزا دومبراڤیانو «مۆڵدۆڤا»
لوک فرانسیۆز «بەلجیکا»
ڤۆڵکەر گێملیک «ئەڵمانیا»
نێرسێس جێڤۆرجیان «ئەرمینیا»
یودیت هیداسی «هەنگاریا»
ماریا کێلۆ «کۆمەڵەی ئەوروپا بۆ دڵنیایی جۆریی لە خوێندنی باڵا»
ئێلیان کۆتلەر «فەرەنسا»
ساندرا کرەیز «کۆمەڵەی ئەوروپا بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا»
یانێریک لوندکویست «سوید»
ڕایمۆندا مارکێڤیشین «لیتوانیا»
لێنێ ئۆفتێداڵ «نەرویژ»
جۆن ڕێلیی «شانشینی یەکگرتوو»
ماریا ستیچی دامیانی «ئیتاڵیا»
ئەنتۆنی ڤیکەرس «شانشینی یەکگرتوو»
نێڤێنا ڤوکسانۆڤیچ «یەکێتیی خوێندکارانی ئەوروپا»
ڕۆبێرت واگنەر «هۆڵەندا»



سەرپەرشتیار:
لیژنەی باڵای پێواژۆی بۆلۆنیای زانکۆی سلێمانی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
م. دابان محەمەد

پێداچوونەوە و زمانەوانی:
م. یاسین ئافتاو ــ م. هەرێم عوسمان

دیزاین:
هێمن ئیبراهیم سەعید

سەرنج و تێبینیەکانتان دەربارەی چاپی کوردی
«ڕێبەری بەکارهێنەرانی ECTS»بنێرن بۆ:

bologna.committee@univsul.edu.iq

پـێـوازۆی

بـۆڵـۆنیـا